# پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی

ئەنوەر حسێن (بازگر)

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە
ideafoundation.co

# پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ناوی کتێب: پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی
نووسەر: ئەنوەر حسێن (بازگر)
بابەت: سیاسی
تایپ: باوان عومەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠١٤

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٦٨٣) ی ساڵی ٢٠١٢ ی دراوەتێ

# بەهاری عەرەبی

سەرهەڵدانی ڕووداوەکـانـی بەهاری عەرەبی ساڵی (2011) ئاڵوگۆڕێکی سیاسی گەورەی ناوچەکە و بەتایبەتی باکووری ئەفریقا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو، کە بە خۆسووتاندنی محەمەد بوعەزیزی دەستپێکرد لە تونس و دواتر میسر، لیبیا، یەمەن و تەنانەت بەحرەین، جەزائیر و دواتریشیان سوریایە.

ئاگر لە جەستە بەردانی بوعەزیزی سەرەتای شۆڕش و ڕاپەڕینێکی جەماوەری نوێی جیهانی عەرەبی بوو، بەڵام هەڵاتنی زین ئەلعابدین سەرەتای ڕووخانی سیستمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بوو، کە دواتر چارەنووسی زۆرینەیمان بینی و لە ئێستاشدا هەموو ئاماژەکان سەبارەت بە سوریا بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ئەم ڕژێمە دوو ڕێگای لەپێشدایە، یان هاوشێوەی سەرۆکی یەمەن دەست لە کار هەڵبگرێت، پاش کوشتنی دەیان هەزار کەس (کە ڕەنگە نەتوانێت وەکو عەبدوڵڵا ساڵح بە ئاسانی دەربازی ببێت)، یان تا دوا ساتەکانی شەڕ لە لازقیە و تەرتوس... بجەنگێت و دووریش نییە لە درێژەی جەنگ لە سوریا و قەتڵوعامی خەڵکی ئەو وڵاتە کۆتایی بە کارەساتێک بێت کە چاوەڕوان نەکراوە، بە واتایەکی تر ڕەنگە سوریا پەنابەرێتە بەر چەکی کیمیایی و مەترسیدار دووریش نییە وڵاتانی دراوسێی کە زۆر فشاریان لەسەر دروستکردووە و یارمەتی هێزە نەیارەکانی دەدەن لە بابەتی تورکیا... نەکەونە بەر ئەو پەلامارە مەترسیدارە.

ئەگەر چی هیچ ئاماژەیەک نییە بەوەی کە دوای ئەسەد و سوریا ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی بەهاری عەرەبی کۆتایی پێبێت و چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ڕەنگە بەهاری فارسی یان ئێرانیش یان لە وڵاتێکی وەکو ئەردەن، بەحرەین، یان جەزائیریش ڕووبدات.

ڕووداوەکـانـی بـەهـاری عـەرەبـی ئەگەرچی لـە سـەروو هەموو ڕووداوەکانەوە چانسێکی باشی دا بە هێزە ئیسلامییەکان و بەتایبەتیش ئیخوانەکان بەتایبەتی لە تونس و میسر... کە بەشێکی زۆری هەڵبژاردنەکان ببنەوە و واش سەیردەکرێت کە هەڕەشەی دوای ڕووداوەکان و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی بن، بەڵام بۆچوونێکی تریش پێیوایە:

یەکەم: کە قسە لە دیموکراسی دەکرێت دەبێت ئەنجامەکانمان قبوڵ بێت.

دووەم: ئیسلامی سیاسی چانسێکی دراوەتێ تا خۆی تاقی بکاتەوە کە ئایا دەیەوێت سیناریۆی نەجاتی جەزائیر و تاڵیبان و قاعیدە، یان حەماس لە فەلەستین دووبارە بکاتەوە، یان هاوشێوەی هاوڕێبازەکانی (AKP) لە تورکیا بارودۆخەکە ئیدارە بکات...؟

واتە ئیسلامی سیاسی لەو وڵاتانە، ئەگەرچی هەندێک هەنگاوی مەترسیداریان ناوە، بەتایبەتی لە میسر، بەڵام پێناچێت لە ڕێگای هەڵبژاردن و دیموکراسییەوە لەمە زیاتر ببنە مۆتەکە و بەسەر خەڵکی ڕاپەڕیو و گەنجانی شۆڕشەوە.

لەم ڕووداوانە ڕۆڵی هەریەکە لە ئەمریکا و ئەوروپا و وڵاتانی کەنداو تورکیا کاریگەری زۆری هەبووە و ئیسرائیلیش ڕاستەوخۆ چاودێری بارودۆخەکانی دەکات، چونکە بەشێکی زۆری ڕووداوەکـان پەیوەندی بەوەوە هەیە.

کورد لە ناوچەکە و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان بووەتە بەشێک لە سیاسەتی ناوچەکە و بەتایبەتی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سوریا، کورد ڕاستەوخۆ

بووەتە بەشێک لەو قەیرانانە و دەبێت دەخاڵەت بکات کە کردووشییەتی.

یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کوردستانی سوریاوە هەیە و هەلێکی باشە کە ئەو بەشەی کوردستانیش لەژێر دەسەڵاتی وڵاتێکی تری داگیرکار ڕزگاری بێت، بەڵام لەپاڵ دەخاڵەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوولا یەکێتی و پارتی و پارتی کرێکارانی کوردستانیش لەو ڕووداوانە ڕۆڵ و کاریگەری هەیە چ لە کوردستانی سوریا چ لە کوردستانی تورکیا، ئەمەش هەم تورکیای نیگەران کردووە و هەم ڕەنگە دەخاڵەتی توند و سەربازیش بکات.

بۆیە لە پەیوەست بە کورد لەم ڕووداوانـە گرنگە کە مامەڵەیەکی لۆژیکی و سیاسی و واقیعی بکات لەبەردەم دەرفەتێکدا کە بۆ کورد هاتووەتە پێش کە ڕەنگە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی چانسێکی باشی بۆ کورد، هێنابێتە پێش و هەنگاوی باشتر و سەرکەوتوو بنێت لەپاڵ ڕووخانی دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەدا، بەڵام ئەمە بە سیاسەتێک دەبێت کە لۆژیکانە بەڕێوەبچێت.

ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و شۆڕشە جەماوەرییەکان قسەوباسی زۆر و جیاوازی لەسەر کراوە و بە دەیان هەزار بابەت و کتێب و بۆچوونی جیاوازی لێکەوتووەتەوە، ئەم کتێبەش بۆچوونێکە لەناو ئەو بۆچوونانە کە ڕەنگە بتوانێت بۆ خوێنەر بەسوود بێت.

دەبێ ئەوەش زیاد کەم کە ئەم نوسینەی من لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی دەستمکرد بە نوسینی. کە رەنگە ئێستا زۆر تێپەڕیبێت بەسەر ڕوودانی ڕووداوەکان، بەڵام رەنگە کاریگەریش هەبێت، بۆیە رەنگە ئەم کتێبە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی ئەو ئاڵوگۆڕە خێرایانە نەبێت بەڵام بەشێکە لە واقیعی ڕووداوەکان و ناوچەکە.

**ئەنوەر حسێن**

iDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە
ideafoundation.co

## لە هێرشی سەربازییەوە بۆ شۆڕشی جەماوەری

**(1)**



بەڵگەنامەکانی ویکلیکس، ئاکامەکانی دەرکەوتن، بەوەی ئەوەی کە بڵاوکرایەوە، واقیعی بوون و کاریگەریشان هەبوو، بۆیە لەکاتی خۆیدا سەرکردەی ئەم وڵاتانە هەم بێدەنگ بوون و هەم بێ وەڵام بوون.

لەو بەڵگەنامانەدا، زۆرترین فشار، زۆرترین زانیاری لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەراست و بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی بوو. ئەمەش دەرئەنجامێک بوو، کە دەبوو ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییانە لە تونس، میسر، لیبیا، یەمەن، بەحرەین، جەزائیر و سوریا یان لە وڵاتانی عەرەبی دیکتاتۆری ڕووبدات، بەو پێیەی هەم هەلومەرجەکە لەبارە، هەم جەماوەری ئەو وڵاتانە ساز و ئامادەن.

ئەگەرچی سەرەتاکەی لە تونسەوە بوو، بەڵام پێدەچێت مەبەست و کۆتاییەکەی (سوریا، ئێران) بێت، لە ڕێگای شۆڕشی جەماوەری و کودەتای سپییەوە.

بەدوای ڕووداوەکانی یانزەی سێپتێمبەر، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دژایەتی تێرۆریزم و بزووتنەوەی (فەندەمێنیستالیستەکان) ڕێگاچارەی سەربازی خستەڕوو، سەرەتاکەشی بە هێرش بۆ سەر ئەفغانستان و کۆتاییهاتنی حوکمی تاڵیبان، ئەلقاعیدە و بن لادن تەواو بوو.

ئەگەرچی ئاکامەکانی ئەم جەنگە هێشتا بەڕوونی نەخراونەتە ڕوو، بەڵام پێدەچێت بەتەنها ڕووخانی تاڵیبان و قاعیدە و دەرپەڕاندنیان نەبووبێت وەکو دوو هێزی تیرۆریستی، ئەوەندەی هەست دەکرێت ئەم دوو هێزە، هەڕەشەیەکی جدی بوون لەسەر ئێران، نیمچە کیشوەری هیندستان و بەتایبەتی وڵاتی پاکستان کە مەترسی ئەوەی لێدەکرا بەهۆی گەشەو کاریگەرییان لەسەر مەکتەبی فەقێکانی پاکستان. لەئاکامدا دەست بەسەر ئەتۆمییەکانی پاکستاندا بگرن، یان چەکی ئەتۆمیان دەست بکەوێت.

سەرەڕای مەترسی ئەم هێزە وەکو هێزێکی ئیسلامی، سوننی، توندڕەوی مەترسیدار، سەرەنجام تا ئەم ساتەش لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و چەند وڵاتی تر، وجودی ئەمریکا هەیە لە ئەفغانستان. کە خەرجییەکی زۆر و قوربانییەکی زۆرتری لێکەوتووەتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت سیستمێکی سیاسی، تەمەن کورتی تۆتالیتاری لە ناوچەکە کۆتایی پێ هێنا و سیستمێکی تا ڕادەیەک دیموکراسی لەجێ دانا (بەڵام لە ڕێگای کردەوەی سەربازییەوە).

دووەم: دووەم سیستمی دیکتاتۆری کە دوای ڕووداوەکانی سێپتێمبەر لێکهەڵوەشایەوە. عێراقی سەدام حسێن بوو، پاش دەرپەڕاندنی لە کوەیت. ئەمریکا هەستی کرد کە جێگەی مەترسییە بۆسەر کەنداو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆیە دواجار لە (2003)

کۆتایی بە حوکمی یەکێک لە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە و جیهان هات، (بەڵام لەڕێگای سەربازییەوە)، کە بێگومان (USA) جیا لەو خەرجییە زۆرەی کە گوایە گەیشتووەتە نزیکەی (دوو ترلیۆن) دۆلار و کوژرانی زیاتر لە چوارهەزار سەرباز، ڕووبەڕووی گلەیی ناوخۆیی و دەرەکی زۆر بووەتەوە و ڕەخنەی ئەوەشی لێدەگیرێت کە عێراقی سەدام حسێنی گۆڕیوە بۆ عیراقی شیعەکانی دۆستی ئێران، بەڵام دواجار هەر چۆنێک بێت، دیکتاتۆرییەتی لە یەخەی گەلانی عێراق و ناوچەکە کردووەتەوە. (بەڵام لەڕێگای سەربازییەوە). واتا لەدوای ڕووداوەکانی سێپتێمبەر، دوو جەنگی گەورەی دژی ئەفغانستان و عێراق بەرپاکرد.

بەڵام بە ڕوانین لەو هاوکێشە سیاسییانەی کەدوای ڕووداوەکان هاتنە پێش، واشنتۆن ڕەنگە بیری لەوە کردبێتەوە، فۆرم و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەکان بگۆڕێت و ژمارەی دیکتاتۆرەکان کەم بکاتەوە، بەڵام ئەمجارە بە دەستی جەماوەر و بە بەشداری جەماوەر، لە ڕێگای کودەتای سپییەوە، کە هەم فاکتەر و ئامادەیی ناوخۆیی هەیە. هەم پشتیوانی نێودەوڵەتی و ناوچەکەشی مسۆگەرە.

بۆیە ڕەنگە سەرکەوتنی ڕاپرسی باشووری سودان، جیابوونەوەیی و دەنگدانی (99%) خەڵک بۆ سەربەخۆیی، سەرەتای ئەو پیلانە بێت کە واشنتۆن و یەکێتی ئەوروپا دایناوە بۆ ئاڵوگۆڕی کودەتای سپی، واتە ئەگەرچی عومەر بەشیر لە لیستی پێشەوەی دیکتاتۆرەکاندا بوو لەلایەن دادگای نێودەوڵەتییەوە، بڕیاری دادگاییکردنی هەیە، بەڵام ئەم فشار و کودەتایە، سەرەتایەکی باش بوو بۆ بێهێزکردنی ئەم دیکتاتۆرە و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی و گەشەکردنی سیستمێکی دیموکراسی لە باشووری سودان، خۆ ڕەنگە باشترین وڵاتی عەرەبی و ئەفریقی سودان بێت.

بەڵام دەکرێت بڵێین، سەرەتای کودەتای سپی و شۆڕشی جەماوەری و ڕووخانی دیکتاتۆرەکان بەبێ جەنگی سەربازی ئەمریکا و ئەوروپا (جگە لە لیبیا) بە ڕاپەڕینی خەڵکی تونس و ڕاکردن و کۆتاییهاتنی حوکمی (23) ساڵەی (زین ئەلعابدین بن عەلی) دەستیپێکرد و سەرکەوتووش بوو، بێگومان ڕۆڵی ویکلیکس لەو بارەیەوە گرنگ بوو.

واتە سەرەتای گۆڕینی پلانەکانی واشنتۆن و (EU) لەهێزی سەربازی و ڕووخانی سیستمە سیاسییەکان و گۆڕینی بۆ شۆڕشی جەماوەری و کودەتای سپی، لە تونسەوە دەستپێدەکات، دەریشکەوت کە سیناریۆیەکی سەرکەوتووە، باشتریش پشتیوانی لێدەکرێت، بەو دەلیلەی جگە لە ئاستی سیاسی و حکومی و نێودەوڵەتی کە پشتیوانی لەم ئاڵوگۆڕانە دەکەن. تەنانەت هاوڵاتی سادەش لە سۆماڵەوە تا سوریا، لە ئەفغانستان تا تورکیا، لە بەرازیلەوە تا مەکسیک و فەڕەنسا و تەنانەت خەڵکی کوردستانیش. خۆشحاڵن بەم ئاڵوگۆڕانە و پشتیوانی لەم ئاڵوگۆڕانە دەکەن.

کەواتە ئەم پشتیوانییە بۆ بارودۆخەکە، لانیکەم پشتیوانییە بۆ ئەمریکا و (EU) لە ئاکامیشدا نە سەربازی ئەمریکا و (EU) بوونە قوربانی، نە بودجەیەکی زەبەلاحی بۆ خەرج دەکات و نە ڕووبەڕووی ڕەخنەی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەبێتەوە، وەکو شەڕ و کێشەکانی پێشوو.

دەشتوانێت وەکو ئەڵتەرناتیڤ یارمەتی ئەم لایەنە سیاسییە نوێیانە بدات، کە دەسەڵاتی سیاسی دەگرنە دەست، بێگومان دەشیکات، بۆئەوەی لانی کەم ئەو سیستمە سیاسییە نوێیانە دۆستبن، بۆ نموونە بۆچی فەڕەنسای دۆستی تونس ئامادە نەبوو (بن عەلی) وەربگرێت

و ڕێگای بە نیشتنەوەی فڕۆکەکەی نەدا؟ لەکاتێکدا باشترین دۆستی نزیکی فەڕەنسا لە خۆرئاوای عەرەبی، تونس بوو، بەڵام ئاماژەکان وا دەردەخەن کە پێشتر واشنتۆن و پاریس، دیارە وڵاتانی تری ئەوروپا، تەنانەت وڵاتانی کەنداوی عەربیش ئاگادارن. واتە پێدەچێت پیلانەکە ئاوا چنرابێت کە: (میدیا و ویکلیکس بارودۆخەکە بجولێنن، شەقام و جەماوەر ئامادە بکرێن، ڕاگەیاندن بکەوێتە گەڕ دژی ئەو سیستمە سیاسییانە، وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بۆچوونەکانیان سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانە یەکخەن، نەخشە و پلانی درێژخایەن دابنێت، جەنگی سەربازی پڕ کوشتار و خەرجی و ناڕەزایەتی، بگۆڕن بۆ شۆڕشی جەماوەری و کودەتای سپی).

گەر بپرسین بۆچی سەرەتای پلانەکە لە تونسەوە دەستپێدەکات؟ ڕەنگە چەند فاکتەرێک هەبن، لە بابەتی ئەوەی تونس، وڵاتێکی بچووکی بێهێزە کە توانای مانەوە و خۆڕاگرتنی کەمە، گەندەڵی و حوکمی بنەماڵە، فاکتەری یاریدەدەرن بۆ توڕەیی جەماوەر، هێز و سوپای ئەم وڵاتە زۆر بەهێز نییە. مەیلی بۆ دەسەڵات نییە. تونس پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسی، لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی زۆر باش نییە، مەترسی ئیسلامی سیاسی لەم وڵاتەدا نییە، هاوشێوەی میسر، یان سوریا سەرەڕای دوو خاڵی گرنگ:

یەکەم: بن عەلی وەکو کەسێکی سێکیۆلار تا تەمەنی بیست ساڵی لە فەڕەنسا ژیاوە، دەتوانێت زۆر بە ئاسانی دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت و پیلانەکە ئاسانتر جێبەجێ بکرێت و هەرواش دەرچوو.

دووەم: ڕووخانی بن عەلی و تونس، سەرەتایەکی باشە بۆ تێکشکاندنی ورە و ئیرادەی وڵاتانی تری زلهێزی عەرەبی وەک میسر، لیبیا، یەمەن و سوریا. لەڕوی سۆسیۆلۆژی، سایکۆلۆژییەوە.

ئەوەشی کە بۆچی میسر ڕەنگە حوکمی سی ساڵەی حوسنی موبارەکی دیکتاتۆر و ڕووخانی، سەرەتایەکی باش بێت بۆ ڕووخانی یەمەن، عەلی عەبدوڵڵا ساڵح و سوریا، دەستەمۆکردنی ئەوانەی کە پێشتر ملیان بۆ داواکانی ئەمریکا و ئەوروپا نـەدەدا، یان حوکمی تۆتالیتاریان بەردەوام بووە و مەترسی بوون لەسەر جیهان. کە چیتر بەناچاری وردە وردە مل دەدەن، بۆ کرانەوە و دیموکراسی و ملکەچی ئەمریکا.

جیا لەوەش تێکشکانی میسری پێشەنگی وڵاتانی عەرەبی، ڕێگەش خۆش دەکات بۆ وڵاتانی کەنداو کە ببنە پێشەنگی عەرەبی، دەوحەو ڕیاز، شوێنی قاهیرە بگرنەوە، کە هەم دۆستی سیاسی و ئابووری باشتری ئەمریکان. هەم گوێرایەڵترن و ئاڕادەیەکیش جێگەی ڕەزامەندی هاوڵاتییانی وڵاتەکانیان و خۆشگوزەرانن و لانی کەم کێشەی مادی و ئابووریان نییە و خۆشیان ناچار دەبن مل بۆ ئاڵوگۆڕی جدی بدەن، تا نەکەونە بەردەم ڕووخان.

بەئاشکراش ڕۆڵی وڵاتانی کەنداو و پشتیوانکردن لە خەڵک دژی موبارەک و بن عەلی دەبینرێت، بەتایبەتی هەڵوێستی هەردوو کەناڵی جەزیرە و عەرەبییە. کە ڕۆڵ و فاکتەری یاریدەدەر بوون بۆ ڕاپەڕین. وەکو یەکێک لە چاودێرانی سیاسی عەرەبی دەڵێت (جەزیرە و عەربییە خەڵک لە ماڵەکانیان دێننە دەرەوە و ڕەوانـەی سەر شەقامەکانیان دەکەن).خۆ ئەوانەی سەرەوە بۆ لیبیا، یەمەن و سوریا ڕاستن.

**گۆڕینی برا دیکتاتۆرییەکان بۆ هاوڕێ دیموکراتەکان**

کاتێک کۆشکی سپی ڕایگەیاند، کە گەلی تونس مافی خۆیانە چیان دەوێت، دواتر ئۆباما پشتیوانی لە گەلی تونس کرد و... سارکۆزی و

فەڕەنسا ڕێگایان نەدا فڕۆکەکەی بن عەلی لە وڵاتەکەی بنیشێنەوە. بەشێکی زۆری وڵاتان تووشی شۆک بوون. لە مەرجەکانی دوایی واشنتۆن بۆ میسریش. ئەو پرسیارە سەریهەڵدا کە ئەمریکا دەیەوێت پشت لە برا دیکتاتۆرەکانی و ڕوو لە هاوڕێ دیموکراتەکان، یان لە ئاڵوگۆڕە دیموکراسییەکان بکات؟

ئەمریکا جگە لەو دوو وڵاتەی کە پێشتر لە ڕێگای سەربازییەوە ڕزگاریکردن کە (عێراق، ئەفغانستان) بوون. دەیەویست لە ڕێگای شۆڕشی سپییەوە ئەم سیستمە سیاسییانە بگۆڕێت، چونکە دەرکەوت گەر دەست لەم سیستمە دیکتاتۆرییانە بەر نەدات، لەسەر ئاستی جەماوەری و حیزبی ئۆپۆزسیۆن، تووشی شەرمەزاری دەبێت و دوورنییە کاریگەری گەورەش بکاتە سەر بوونی ئەمریکا و ئەوروپا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە. بۆیە بەم پشتیوانییە چەند خاڵی گرنگی پێکا:

یەکەم: سەرەتایەکی نوێیە لە پشتکردنە دیکتاتۆرەکان و ڕووکردنە چەوساوە و دیموکراتیخوازەکان، دەریشکەوت ڕۆڵی ئەمریکا لە جیهان تادێت پڕ هەیمەن دەبێت و دەخالەتی ئەو دەتوانێت ڕژێمێک بگۆڕێت، گەر پرسیاریش ئەوە بێت بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکانی (2008–2009) گەلانی ئێران نەکرد، کە بزووتنەوەی سەوز، موسەوی و کەروبی دژی دەسەڵات بەرپایان کردووە؟

وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە، لە ئێران ئەڵتەرنائیڤێک نەبوو جێگەی قەناعەتی واشنتۆن بێت. واتا گۆڕینی خامنەئی بە موسەوی، نەژاد بە کەروبی. جێگەی ڕەزامەندی واشنتۆن نەبوو. جگە لەوەی واشنتۆن قەناعەتی تەواوی بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نییە، یان نەبووەتە جێگەی ڕەزامەندی، لەکاتێکدا بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنی ئێران کوردەکانن لە

کۆمەڵەو دیموکراتی و پژاک لە ئێرانیش موجاهیدینی خەلق و چەند گرووپی تر، بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئێران دوژمنی سەرسەختی واشنتۆنە و کێشەی مێژوویان لە کۆتایی حەفتاکانی دوای ڕژێمی شا دەست پێدەکات و مەترسی شیعەگەرایی لە دونیادا پەرە پێدەدات و خەریکی بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکییە، ئەمریکا تاوانباری دەکات بە پشتیوانی لە حیزبوڵڵا، حەماس، حوسییەکان، شیعەکانی عێراق و گرووپە تیرۆریستییەکان، بۆیە جیاوازییەکە لەوەدایە لە ئێران ئەڵتەرناتیڤ نەبووە، بۆیە واشنتۆن پشتیوانی لێ نەکردن.

دووەم: واشنتۆن پێگەیەکی تازە، بە فۆڕمێکی تازە، لە ناوچەکە بونیاد دەنێت. کە ئەمجارەش پشتیوانی سیستم و جەماوەریشی لەگەڵدایە، نەک بەتەنها سیستم، واتە دەیەوێت خۆی بکاتە فریادڕەسی جیهان و ڕاماڵینی دیکتاتۆرییەکان، واتە تازەکردنەوەی وجودی خۆیەتی لە ناوچەکەدا بە فۆڕمێکی تر.

سێیەم: لەدوای یانزەی سێپتێمبەرەوە، واشنتۆن بەشێکی زۆری گرووپە ئیسلامییەکانی خستە لیستی تیرۆرەوە، ئەمەش سەرەتای ململانێیەکی نوێ بوو لەپاش شکستی بلۆکی شۆرەیی و ململانێکانی نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات. ئێستا زۆر لە چاودێرانی سیاسی، تەنانەت ئیسرائیلیش پێیانوایە کە واشنتۆن چۆن موبارەک و حکومەتی میسری دەڕووخێنێت کە دەیزانی ئەڵتەرناتیڤی ئەمانە ئیخوان موسلیمینە...! بەڵام واشنتۆن مەترسییەکە وانابینێت، چونکە جیالەوەی دەیەوێت ئیخوان موسلیمین و ئیسلامییە میانڕەوەکان لە حکومەت و سیستمی سیاسی بەشداربن (کەوا دیارە قسە لەگەڵ ئیخوان کرابێت لەگەڵ کۆی ئۆپۆزسیۆنی تونس و میسر ئەگەر چی ئەوەندەی نەبرد مورسی خرایە زیندان و ئیخوان هەڵوەشایەوە و لە دەسەڵات هێنرایە خوارەوە)،

ڕەنگە یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەو توندوتیژییەی حیزبە ئیسلامییەکان، واتا دوورخستنەوەیان لە دەسەڵات و حوکمڕانی لە سیستمی سیاسی وڵاتەکانیان و دژایەتی بەردەوامی ئەمریکا و خۆرئاوا، بۆیە دەرەنجام ئەو دوو فاکتەرە یارمەتیدەربوون بۆ گەشەی ئیسلامی سیاسی. بۆ نموونە زیادکردنی نفوزی ئیخوان لە میسر یەکێک لە هۆکارەکانی دیکتاتۆرییەت و گەندەڵی و حوکمی ناعەدالەتی موبارەک بووە. کە واشنتۆنیش پشتیوانی لێکردووە، بۆیە ئەمە قۆزراوەتەوە بۆ دانانی ئەجێندایەک لەناو جەماوەر کە ئەم هێزە دژی سیستمی سیاسی و دژی ئەمریکاشن، کەواتە بەم ئاڵوگۆڕە تازانە:

(ڕووخانی سیستمی تۆتالیتار هێنانە کایەی سیستمی سیاسی نوێ تێکەڵە لە ئیسلامی سیاسی +لیبڕاڵ+ چەپ+ڕادیکاڵ بە پشتیوانی ئەمریکا و خۆرئاوا دروستبوونی حکومەتێکی نوێ کە زۆرینەی جەماوەری ئەو وڵاتانە پشتیوانی لێدەکەن).

خۆ ئەگەر گەیشتنە ئەوەی کە ئیخوان یان هەر هێزێکی تر لە تونس، میسر یان یەمەن ببێتە خاوەن جەماوەرێکی زۆر سادە و ئاسایی. تا ئەو شوێنەی دۆستی ئەمریکا بن و بەرژەوەندییەکانی نەخاتە مەترسییەوە، واتا تا ئەوکاتە لانی کەم واشنتۆن دەتوانێت ئەو پشتیوانییەی کە لە موبارەکی دەکرد، لە ئیخوانی بکات و ئیحتیواشی بکات. خۆ حیزبی عەدالەت و گەشەپێدان لە تورکیا زادەی هزر و ئایدۆلۆژیای ئیخوانە، بەڵام کە زۆرینەیە و دەسەڵاتی لەدەستە، بەڵام دۆستی پلەیەکی ئەمریکاشە. پێچەوانەکەشی ڕاستە. بزووتنەوەی حەماس لە فەڵەستین و کەرتی غەززە ئیسلامییەکی ڕادیکاڵە و دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە و دۆستی ئێران و سوریایە، هەربۆیە خراوەتە پەراوێزەوە.

واتا گرووپە ئیسلامییە، میانڕەوەکان ئیتر نابنە جێگەی دژایەتی واشنتۆن، بەڵکو هەوڵدەدرێت لەناو ئەم سیستمە سیاسییە نوێیەدا جێیان بکرێتەوە. کە لە 1928 ئیخوان دروست دەبێت. بەشێکی گەورەی مێژووی ئەم حیزبە دوورخستنەوە و دژایەتی و زیندانیکردنی ئەندامەکانیان بووە، دیارە هەنگاوی خراپیشیان ناوەو جێگەی ڕەخنەن.

ئەگەرچی ترس لە گرتنە دەستی دەسەڵات لە میسر لەلایەن ئیخوان موسلیمین. پێدەچێت ئیسرائیل زیاد لە پێویست گەورەی کردبێت تا واقیعەتی خۆی، چونکە ئیسرائیل پێیوایە حوسنی موبارەک پارێزەرێکی باشی سنوورەکانی بووە. دژایەتی گەورەی دوژمنەکانی ئیسرائیلی کردووە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئیخوانەکان لەلایەن ئێرانەوە یارمەتی نادرێن و پێدەچێت ئیسرائیلیش گرەنتییەکی بوێت کە دوای حوسنی موبارەک ئیخوان و حکومەتی تازە نابنە سەرئێشە بۆی (کە دیارە دوای دەرچوونی محەمەد مورسی بە سەرۆک کۆمار، ئەم مەسجەی گەیاندبوو).

ئەگەر چی دەرچوونی مورسی لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی میسردا، چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەم هێزانە مەترسی گەورەن لەسەر کۆمەڵگە و داهاتووی دیموکراسی، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە مورسی زۆر بە زەحمەت لە شەفیقی پاشماوەی موبارەکی بردەوە، یان وەکو سەعید هەجرەس نووسەری گەورەی عەرەب دەڵێت «ئەو دەنگانەی مورسی لە خۆشەویستی نییە بۆ مورسی، ئەوەندەی ناڕەزاییە لە شەفیقی پاشماوەی ڕژێمەکەی حوسنی موبارەک، وەکو چۆن ئەو دەنگانەش کە شەفیق بەدەستیهێناوە لە خۆشەویستی بۆ شەفیق نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی دین و ئیخوانییە کە مورسی نوێنەرایەتی دەکات».

بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە ئێستا لە میسرو وڵاتانی بەهاری عەرەبی ڕوویداوە کە ئیخوان و ئیسلامییەکان لە پێشەوەن (جگە لە لیبیا کە هێزە لیبراڵەکان و چەپەکان لە پێشەوەن)، دەبێت ئەوەش بزانرێت کە ڕۆڵی نێگەتیڤ و کاریگەری هێزە چەپ و ڕادیکاڵ و لیبراڵەکان هۆکارێکی تر بۆ گەشەی ئیسلامییەکان.

لەگەڵ ئـەوەشـدا، دەکرێت چـۆن بـردنـەوەی ئیخوانەکان لە میسر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا بووە پاشەکشەی ئەم هێزە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و پاشەکشەیان کرد بە بەراورد لەگەڵ دەنگەکانی پەرلەمانیان، ئەوەش پاش دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی ئیخوانەکان بە دژی خەڵک و ماف و ئازادییەکان و مەترسی لەسەر دیموکراسی لەو وڵاتەدا.

بۆیە دوور نییە هەڵبژاردنی مورسی ببێتە ئەزموونێکی نوێی شکستخواردوو بۆ ئیخوانەکان وەکو ئەوەی پەرلەمان، هەرچەندە چاودێران پێیانوایە ڕێژەی دەنگەکانی (52%) بۆ مورسی و (48%) بۆ شەفیق میسر بە سەختترین ڕۆژگاری خۆیدا تێپەڕ دەبێت، بەڵام ئەمە هەرگیز ناکاتە ئەوەی کە میسر بە یەکجاری تەسلیمی ئیسلامییەکان کراوە.

بەڵکو وەکو سەعید هەجرەس دەڵێت «هێزە دیموکراسییەکان لەو هەڵبژاردنانەدا دۆڕاندیان، بەڵام لەوانەیە دیموکراسییەت سەرکەوتوو بێت، چونکە کەسانی نادیموکراسی میکانیزمی دیموکراسی پیادە دەکەن».

ئەمەش ڕوونـە کە ئیخوانەکان لەبەردەم ئەزموونێکی تازەی حکومڕانیدان، کە ئایا دیموکراسی قبوڵ دەکەن، ئەگەر نەیکەن ناتوانن تا سەر درێژە بە حکوم بدەن، ڕەنگە شۆڕشێکی نوێ و بەهارێکی

عەرەبی دژی ئیخوان و ئیسلامییەکان بکەوێنە ڕێ، ئەمەش بۆ مافی خەڵک کارێکی سادەیە...(کە دواجار هەر خەڵکی میسر بە هاوکاریی سیسی و سوپا ئەو کارەیانکرد)

نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی میسر و وڵاتانی تریش دەنگیان بە ئیخوانەکان نەداوە، دەکرێت بڵێین ئەم دەنگانەش براوەن و ئەو دەنگانەی ناڕازین لە حوکمی ئیخوانەکان، واتە ئەمانە دەنگی براوە و حەقیقی و ڕاستەقینەن.

لەکاتێکدا حیزبەکانی تری وەک (وەفد) کە حیزبێکی لیبڕاڵە، (ئەلغەد) کە حیزبێکی لیبڕاڵە، (بزووتنەوەی لاوانی 6ی نیسان)، (کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ گۆڕان) حیزبەکەی محەمەد بەرادعی، واتا هەموو ئەو گرووپانە حیزبی چەپ و لیبڕاڵن و خاوەن پێگە و نفوزی گەورەن. کە ناکرێت بڵێین، میسر لە حکومەتێکی خراپەوە دەگۆڕێت بۆ خراپتر، بەڵکو لانی کەم دەبێتە مۆدێلێکی تازەی دەوڵـەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی، کە لانی کەم هاوشێوەی دەوڵەتی تازەی عێراق دەبێت. کە ڕەنگە باشتریش بێت بەپێی مێژووی سیاسی و فەرهەنگی ئەو وڵاتە و وەرگرتنی مافی کەمینەکانی وەک قیبتییەکان.

### سیناریۆی نوێ بۆ ناوچەیەکی ئارام و دیموکراسی

هەندێ بۆچوون پێیانوایە ئەمە جێبەجێکردنی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە، کە پێشتر واشنتۆن دایڕشتبوو بۆ دروستکردنەوەی خۆرهەڵاتی نوێ، کە بێگومان هیند و پاکستان، کەنداو، ئێران، تورکیا و عێراق و وڵاتانی باکووری ئەفریقا و جیهانی عەرەبیش دەگرێتەوە، بەڵام پێشدەچێت سەرەتایەکی نوێی ئاگادارکردنەوە بێت، بەڵام

ویکلیکس داینەمۆی سەرەکی بێت...!

بەڵام دەکرێت لەم سیناریۆ تازانەدا چەندشتێک بخوێنرێتەوە:

1-سەرەڕای دروستکردنی سیستمی سیاسی نوێ لە ناوچەکەدا، بەڵام دەبێت هەڵگری چەمکەکانی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بن.

2- بەشدارپێکردنی ئیسلامییەکان لە حوکم. بۆ دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی، بەرهەمهێنانی ئیسلامی سیاسی میانڕەو لەپاڵ بەشداری گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر.

3- ڕێگاگرتن لە پشێوی، نائارامی، کودەتای سەربازی و حاڵەتی ناچاوەڕوانکراو لەدەست دانیشتووان و خۆرئاوای تیادا نەبێت. کە دواتر زیان لە بوون و بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن بدات.

4- ناوچەکە لەگەشەی فەندەمێنتالیزم دەپارێزێت، کە دیارە یەکێک فاکتەرەکانی گەشەکردنیان ڕژێمە تۆتالیتارییەکان بووە.

5- پەیامێکە بۆ وڵاتانی دیکتاتۆری لە ناوچەکەدا، کە دەبێت دەست لەو جۆرە سیستمە سیاسییانە هەڵگرن.

6-دروستکردنی بۆچوونێک لەناو سیستمە سیاسییەکان و جەماوەری ئەو وڵاتانەدا، کە بێ پشتگیری ئەمریکا و خۆرئاوا ئاڵوگۆڕ زەحمەتە، بەڵام کاتی ئەوەش هاتووە، ئیتر مەملەکەتی دیکتاتۆرییەت تەواو بێت.

7- ڕەنگە ئەم سیناریۆیە لە تونس و میسرەوە تاکتیک بن لە خزمەت ستراتیژی سەرەکی و ڕووخانی وڵاتانی تر، کە دوژمنی سەرسەختی ئەمریکا و خۆرئاوان، یان وەکو خۆیان دەڵێن مەترسین لەسەر مرۆڤایەتی کە دیارە مەبەستی (ئێران، کۆریای باکوور، سوریا)یە. واتا ئەم سیناریۆیانە دەکرێت هەموویان ڕاست بن، یان لە داهاتوودا ببنە واقیع.

## وڵاتانی کەنداو، قسەی میسر دەکەن

## رۆڵی فاکتەرە ئابووری و سیاسی و ناوخۆیی و ئازادییەکان

فاکتەرەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی چین؟ ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی... هەموو ئەوانە ڕاستن، چۆن؟

خۆسووتاندنی محەمەد بوعەزیزی لاوی تونس و دەستبەسەردا گرتنی عەرەبانەکەی لە (2010/12/17) سادەترین فاکتەری ئابووری و نەبوونی بژێوییەکی باش و خەڵکی ئەم وڵاتە بوو، کە دواجار شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لێکەوتەوە.

واتە دەکرێت بەدەر لە هەموو ئاماژە سیاسی و پلانە چنراوەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و خۆسووتاندنی بوعەزیزی ئاماژە و مانای گەورەی هەبوو، یان بەهێزترین فاکتەر بوو بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش و تەقینەوەی ئەو ڕق و ستەم و داپڵۆسینەی کە چەند ساڵ بوو پەنگی خواردبووەوە، سەرەنجام بڵێسەی شۆڕشێک بوو، کە تا ئێستاش کۆتایی پێ نەهاتووە و پێناچێت بۆ دوای سوریاش کۆتایی پێبێت.

ئەگەر خۆسووتاندنی بوعەزیزی لە تونس یەکەم چرکەساتی گڕگرتنی شۆڕشە، لە (2010/12/17)، ئەوا یەکەم قۆناغی هەستیار و سەرکەوتنیشی ئەو کاتەیە لە (2011/1/14) زین بن عابدین ئەو وڵاتە بەجێدەهێڵێت.

بەڵام ناکرێت سانسۆری نەبوونی ئازادییەکان چ (سیاسی، میدیایی، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان...) وەکو فاکتەری گرنگی ڕاپەڕین خەڵکی ئەو وڵاتانە سەیر نەکرێن، حوکمی (30–35) ساڵی ئەم دیکتاتۆرانە ئەوەشی کە هێشتا لە پاشماوەی حوکمن، هیچ ئازادییەک نییە لە وڵاتەکانیاندا، هیچ کەس خاوەنی هیچ بیروڕا و ئازادییەک و ڕۆژنامە و گۆڤارێک نییە، هیچ کەناڵێکی ئازاد نییە...

ئەگەر دەیەی حەفتاو هەشتاکان، دەیەی سەرکوت و چەوسانەوەی گەلان بوو، دەیەی کپکردنی هەموو ماف و ئازادییەک بوو، بەڵام دەیەی نەوەدەکان و دەیەی سەدەی بیستویەک و ئێستا، بەهۆی تەکنەلۆژیا و دەسەڵاتی پێنجەم، شەشەم و حەوتەم، هەموو لەمپەڕەکانی شککاندووە و ئیتر ڕێگا نادرێت هەموو شت بەبێ دەنگی و پەردەپۆش بکرێت، کۆمەڵگە نەتوانێت داوای ماف و ئازادییەکان بکات، وەکو چۆن دەیەکانی بێدەنگیمان بینی کە پڕبوو لە ستەم و چەوسانەوە، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیشمان بینی، کە شکاندنی ئەو تەوق و زوڵم و بێمافییە بوو.

لە ڕووی ئابوورییەوە ئەمریکا هاوکارییەکی زۆری ئەم وڵاتانە دەکات، بۆ نموونە ساڵانە نزیکەی (2)ملیار دۆلار هاوکاری بێبەرامبەری دەدایە میسر، بەڵام گەر سەرنج بدەین داهاتی دوو ملیۆن گەشتیار لە تونس نەدەچووە سەر سەرمایەی ئەمریکا، بەڵکو بۆ فەڕەنسا بوو. ئەوەش کاریگەری لەسەر دۆلار هەبوو، کە بە یۆرۆ مامەڵەی دەکرد، کەواتە بە شکستی بن عەلی، کاریگەری لەسەر یۆرۆش دەبێت لە قازانجی دۆلار و ئەمریکا. واتا لەمەودوا تونس جێگە نفوزی پاریس نابێت و قازانج و سەرمایەکەشی ناچێتە بانکەکانی پاریسەوە، بەڵکو ڕێک بۆ واشنتۆن و لە قازانجی دۆلارە و ئەمەش فاکتەرێکە بۆ هەڵسانەوەی بانکەکانی ئەمریکا لەدوای قەیرانە داراییەکانی (2009).

وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی عەرەبستانی سعودیە، قەتەر و ئیمارات کە بە فاکتەری سەرەکی: ڕووخانی تونس و پشتیوانی خەڵک دادەنرێن، بەتایبەتی لە ڕێگای کەناڵی جەزیرە و عەرەبییەوە. ئەم وڵاتانە گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی، چیتر نابێت میسر و موبارەک دەمڕاست و قسەکەری خەڵکی عەرەب بن. گەر خاوەنی گەورەترین

نفوز بێت و خاوەنی کلتوور و شارستانی عەرەب بێت، بەڵکو پێیانوایە دەبێت ئابووری و سەرمایە ئەلتەرناتیڤ بێت و ئەوان قسەی عەرەب بکەن و ببنە دەمڕاستی عەرەب لە ناوچەکە و جیهاندا. واتا ئەوان پێیانوایە کە مادام خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و نەوتێکی زۆر و زەوەندەن، خۆشیان بە دۆستی نزیکی ئەمریکا و خۆرئاوا دادەنێن، دەڵێن ئابووری عەرەب لە دەستی ئێمەدایە، کەواتە دەبێت دوایین قسەی سەرکردەکانی عەرەبیش ئێمە بیکەین و سیناریۆیەکان ئێمە دایبڕێژین. نەک موبارەک و شا عەبدوڵڵا...

ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێت قەناعەت بە واشنتۆن بکات، چونکە بەرژەوەندی پلەیەکی ئابووری لە ناوچەکە لەگەڵ وڵاتانی کەنداوە، چونکە دۆستی پلە یەکی ئەمریکان لە ناوچەکە جەماوەرەکانیشیان هێندەی میسر و تونس بەگلەیی نین لە سیستمە سیاسییەکانیان.

بۆیە ڕەنگە ئەو ڕۆڵەی موبارەک دەیگێڕا لە ناوچەکەدا، بدرێتە سەرانی کەنداو و بەرژەوەندییەکانیان باشتر لە یەکیان نزیک بکاتەوە و سیناریۆکەش بە هاوبەشی داڕێژرێندرێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتانی کەنداو دەبێت باشتر دەست بکەنە دژایەتی ئێران لە داهاتوودا، چونکە دواجار دەبێت ئەمریکا ئەم سیناریۆیانە لە ئێرانیش دووبارە بکاتەوە، بەڵام پێویستی بە گرەنتی زیاتر و هاوکاری زیاتر هەیە. کە وڵاتانی کەنداو باشترین فاکتەرن، ئەمەش پاش سەردانەکەی نەژاد بۆ دورگەکانی ئەبو موسا، تونبی گەورە و بچووک سەرەتای ئەم سیناریۆیە دەرکەوت.

ئازادییەکان باشترین فاکتەری سەرەکی ڕووخانی حکومەتی تونس، میسر، لیبیا و یەمەنن، بەو بنەمایەی لەم وڵاتانەدا هیچ ئازادییەکی

سیاسی و ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وجودیان نییە. پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتییان باش نییە و چاودێری و کۆنترۆڵی دەوڵـەت بەسەر هەمووشتدا بـووە، هیچ ئازادییەکی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن وجودی نەبووە. TV و ڕادیۆکان تەنها بە شان و باڵی دیکتاتۆرەکانیاندا هەڵدەدا، بۆیە دەکرێت بڵێین فشار و سانسۆری ڕاگەیاندن لەسەر خەڵک هۆکارێکی سەرەکی نارەزاییەکانە لەم وڵاتەدا.

## وڵاتانی بێ چەكی ناوەكی

(2)

وا دیـارە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەرنامە و پلانی پێشوەختی هەبووە بۆ ڕووخانی سیستمە دیكتاتۆرییەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی. بەتایبەتیش لە سەرەتای نەوەدەكان بڕیاری دا فشار لەسەر حكومەتی عێراقی ئەوكات (بەعس) دابنێت و لە چەكی ناوەكی دایبماڵێت، تا 2003 بە یەكجارەكی كۆتایی بەم سیستمە سیاسییە بێنێت.

واتا بەرنامەڕێژی بۆ عێراقی سەدام حسێن كرد، ئەوەش سەرەتای كۆتاپێهاتنی دیكتاتۆرەكان و ئاڵوگۆڕی نەخشەی سیاسی بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەتایبەتی دوای ئەوەی دڵنیابوو كە عێراق چەكی كۆكوژی نەماوە و لەلایەن ڕێكخراوەكانی چەكی ناوەكی باش پشكرێنراو كۆتایی بە پرۆژە ئەتۆمییەكەی هاتووە.

واتا ڕووخانی بەعس سەرەتای تێكشكانی ئەم سیستمە سیاسییانە بوو، كە نەتەوەكانیان لە ماوەی چل، پەنجا ساڵی ڕابردوودا گیرۆدەی

دەسەڵات و تۆتالیتارییەت و ملهوری ئەوان کردبوو. ئەگەرچی ژمارەی دیکتاتۆرەکان هێشتا زۆرن چ لە ئەمریکای لاتینی، چ لە ئاسیا و ئەفەریقا...!

بەڵام ڕووخان و کۆتاپێهاتنی سیستمە عەرەبییە دیکتاتۆرەکان، کە زۆربەیان خەریکبوو بەرنامەی ئەتۆمی وەدەستبخەن، خاوەنی نەوت و پارەیەکی زۆر بوون. دەبوو پێش بکەوێت تا بە ئاسانی دەستیان بە چەکی کۆمەڵکوژ نەگات.

ڕووخانی بەعسی خاوەن چەکی ناوەکی، خوڵقاندنی کۆمەڵکوژی، دوابەدوای ئەویش پاش کێشەی لۆکەربی و تێکشکاندنی پڕۆژەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە، وا دەرکەوت کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ لیبیا، چووەتە حاڵەتێکی زۆر باش و لە ڕووکەشدا وا دیاربوو. ئەم خوێندنەوەیە وای لە موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا کرد. زیاتر لەسەر ستەم و چەوسانەوەی گەلەکەی بەردەوام بێت، لەکاتێکدا بە دەیان ملیار دۆلاری لەم پرۆژە ئەتۆمییە خەرجکردبوو و سەدان ملیۆن دۆلاری لە هاوکاری گرووپە تیرۆریستەکان خەرجکردبوو.

بەڵام بە نەرمی مامەڵەکردنی ئەوروپا و ئەمریکا لەگەڵ قەزافی تا ئەو کاتەیە کە پڕۆژە ئەتۆمییەکەی لەناودەبەن و دواتر بارودۆخ و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەم شێوەیەی ئێستا لە لیبیا ڕوو دەدات. حکومەتی سوریاش بەنیازی بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی بوو، بەڵام پاش هێرشکردنە سەر پڕۆژەکە لەلایەن فڕۆکەکانی ئیسرائیلەوە تێکشکێنرا.

کە دیارە سوریاش دەیویست دەستی بە چەکی کۆمەڵکوژ بگات، تا لانی کەم وەکو هێزێکی ناوچەیی بمێنێتەوە، بەڵام تێکشکاندنی پڕۆژەکەی، ناچاری دەکات بە ئاڵوگۆڕ و سوریاش بەشێکە لەو سیستمە گۆڕاوانەی ناوچەکە. بەتایبەتی کە ناوچەکەشی تووشی قەیران کردووە

و دەست لە کاروباری ناوخۆیی لوبنان وەردەدات، یەکێکە لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران. سەرەڕای ئەوەی ئەم سیستمە سیاسییە دیکتاتۆرییەتێکی بێ وێنەیە و مافی هاوڵاتییانی وڵاتەکەی خستووەتە ژێر پرسیار و قەتڵ و عامی گەلی کوردیش شاهیدی باشترین بێمافی ئەم گەلە و سیستمە سیاسییەکەی ئەسەدە، سەرەڕای نەبوونی هیچ جۆرە ئازادییەک و کەناڵی میدیایی و ڕێکخراوی مەدەنی.

کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکێکی ترە لەو وڵاتانەی کە لەلایەن ئەمریکا، ئەوروپاوە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی شا و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی 1979. کێشە و ململانێی بەردەوام لەنێوانیاندایە و هەمیشە تاوانبار دەکرێت بە یارمەتی گرووپە تیرۆریستەکانی ناوچەکە و نەبوونی ئازادی لەو وڵاتەدا و سەرکوتی گەلانی کورد و ئازەر، بۆیە بەدرێژایی مێژوو ئەم وڵاتە و بەتایبەتی لەدوای جەنگی عێراق-ئێران، ئەم وڵاتە خەریکی بەرهەمهێنانی پڕۆژەی ئەتۆمییە، بەڵام چاودێری وردی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و ئەوروپا و ئاژانسی وزەی ئەتۆم. تا ئەم ساتەش ڕێگای نەداوە ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوەکی، ئاشکرایە مەبەست لە ڕێگا نەدانی، ئەو مەترسییانەیە کە گەر بێت و ئەم وڵاتانە ببنە خاوەنی ئەم چەکە، ناوچەکە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی ناوچەیی جدی دەبێتەوە، بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو، کە بە دۆستی پلە یەک و بەرهەمهێنی پلە یەکی نەوتی دادەنرێن، کۆبوونەوەکانی مانگی نیسان، ئایار و حوزەیرانی (2012) نێوان گرووپی (5+1) لەگەڵ ئێران لە ئەستەنبوڵ، بەغدا، مۆسکۆ، نەرمی نواندنی ئێران بۆ کەمکردنەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراو، سیناریۆیەکە هاوشێوەی داماڵینی ئێران لە چەکی ناوەکی و پێدەچێت بە دیالۆگ یان لەڕێگەی هێزەوە ئێران ناچار بکرێت دەست لە پرۆژەی چەکی ناوەکی هەڵبگرێت، ئەگەرچی ئێران تاوەکو ئێستا لە نیازی سەرەکی ئەو وڵاتانە نەگەیشتووە، بۆیە هەروا بە

ئاسانی خۆی ناداتە دەستەوە، کۆبوونەوەکانیش سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام رەنگە بگەنە ئەنجامێک و گەر دانوستانیش بێتە رەنگە ئێرانیش بەدەردی لیبیا بەرن. واتا سیناریۆیەکی نەرم و لەسەرخۆبێت.

جیا لەوەش بوونی پرۆژەکەی (جۆزێف بایدن) بەناوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و بەرنامەی نوێی ئەمریکا بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیستمە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەم ئاڵوگۆڕانەی ئێستا و نهێنییەکانی ویکلیکسیشەوە، ئاماژەیەکن کە بۆچی ڕێگری بەردەوامی ئێران دەکرا. لە دروستکردنی چەکی ناوەکی؟ واتە ئێران بەپێی سیاسەتی واشنتۆن، بەشێکە لەم ئاڵوگۆڕانەی سیستمی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەگەر چی لە ساڵی (2008) خۆپیشاندانەکانی ئێران بەهۆی ململانێکانی دوای هەڵبژاردن لە ئێران بزووتنەوەی سەوزی موسەوی و کەروبی لەگەڵ خامەنەئی زۆر گەورە بوو. دەکرا پێش ئەم ئاڵوگۆڕانە بکەوێت، بەڵام نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێک بۆ سیستمی سیاسی، یان بوونی موسەوی و کەروبی بۆ ئەمریکا، قەناعەت پێکەر نەبوون، بۆیە پشتیوانی لێ نەکرد.

بەڵام ئێستا لەناو ئاڵوگۆڕەکانی سیستمی سیاسی خۆرهەڵاتدا، پێدەچێت لە نەبوونی ئەڵتەرناتیڤیش. ئەمریکا چاوەڕێی نەکات، چونکە پێدەچێت گەیشتبێتە قەناعەت. کە هەرچی سیستمێک بێتەکار کام لەم سیستمە سیاسییانە باشترە کە چل ساڵە لەسەر حوکمن. بەتایبەتی کە ئەوە خواستی جەماوەری ئەو وڵاتانەیە، بێگومان بۆ وڵاتێکی وەکو ئێران گرنگیشە، چونکە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا لای ئێران وەکو دوژمن سەیرکراوە، بەڵام ئێستا واشنتۆن دەیەوێت وەکو فریادڕەس خۆی نیشان بداتە.

کەواتە لە هەرحاڵدا پێدەچێت ئاماژەکان وابڵێن کە سەرەتای ڕاپەڕینەکان و پشتیوانی ئەمریکا لە تونسەوە دەستپێدەکات و لە ئێران

کۆتایی دێت.

که ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپاش زۆر بەجدی و لەسەرخەتن و پێیانوایە باشترین کاتە بۆ کۆتاییهاتن بەو سیستمە سیاسییانەی کە مێژوویەکی درێژە دژایەتی هەردوولا دەکەن، بەڵام لێسەندنەوەی چەکی ناوەکی لەم (4) دەوڵەتە ئاماژەیەکی گرنگن، کە پیلانەکە پێشوەخت بووە، وا دیاریشە هەموو لایەک بڕیاریان داوە جگە لەم (9) وڵاتە نابێت کەسی تر دەستی بە چەکی ناوەکی بگات و هەر وڵاتێک هەوڵی وا بدات، تووشی دەیان گرفتی دەکەن.

## گلاسنۆست و پریسترۆیكای جیهانی عەرەبی
## لە گۆرباچۆڤەوە تا ئاسانگ
**(3)**

ئەو كاتەی میخائیڵ گۆرباچۆڤ لە ساڵی 1989 و دواتر لە ساڵی 1990 بە واقیعی گلاسنۆست (ریفۆرم) و پریسترۆیكای (گۆڕانكاری) ڕاگەیاند و بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یەكێتیی سۆڤیەت و سیستمی سیاسی سۆسیالیستی خۆرهەڵاتی، كە لەسەر بنەمای تۆتالیتارییەت و نەبوونی ئازادییەكان، گوایە سۆسیالیستی دروستكرابوو، هەموو جیهانی تووشی شۆك كرد و سەرلەنوێ جیهانی تووشی دابەشكردنێكی نوێ كرد و بگرە مێژووی مرۆڤایەتیشی قەرزاربار كرد، بەوەی گەلانی ژێر ئەم سیستمە سیاسییانەی بۆ هەمیشە ئازادكرد و مافی نەتەوەیی دا بەو گەلانەی كە ستالین لێساندبوونەوە و لەژێر زوڵم و زۆردا چەوساندبوونییەوە.

زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، لێكچوونێكی زۆر لەنێوان پڕۆژەكەی میخائیل گۆرباچۆڤ و ئەجێنداكەی جولیان ئاسانگ و ویكلیكس

هەیە (کە دیارە ئەمریکای لە پشتەوەیە). بەوەی هەردووکیان نەخشەی سیاسی ناوچەیەکی گرنگیان گۆڕیوە و سیستمە سیاسییە تۆتالیتارەکانی تەفروتونا کردووە و سەرەتایەکی گرنگیش بووە بۆ بەرهەمهێنانی ئازادی، مافەکانی هاوڵاتییان، ڕزگاربوون لە سەرکوت، داپڵۆسین و دوورخستنەوەی دیکتاتۆرەکان.

ئەوکات ئەنجامی گلاسنۆست و پریسترۆیکا. ڕووخانی سیستمێکی زەبەلاحی سۆڤیەتی تۆتالیتار بوو، کە سەرئەنجام دیکتاتۆرەکانی وەک (چاوشیشکۆ، میلۆسۆڤیچ)ی ڕامالّی، گەر وردتریش قسە بکەین، دەتوانین بڵێین کۆتاییهاتنی سەدام حسێن، پۆل پۆت، بن لادن و مەلا عومەر هەر دەرەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕە بوون.

خۆ ئێستا دەرکەوت شۆڕشی سپی ئەمریکا و زانیاری ویکلیکسیش توانی تەنها لە ماوەی چەند مانگدا، چوار دیکتاتۆر (بن عەلی) لە تونس، (موبارەک) لە میسر، (قەزافی) لە لیبیا، (عەلی عەبدوڵڵا ساڵح) لە یەمەن و سوڵتان قابوس لە بەحرەین و بوتەفلیقە لە جەزائیر، (ئەسەد) لە سوریا، کە تەنیا سیانیان (96) ساڵ حوکمیان کردبوو. وردە وردە کۆتایی پێبێنێت و ئەم گەلانە لە چنگ ئەم دیکتاتۆرانە ڕزگار بکات.

هەردوو پرۆژەکەی گۆربا چۆڤ و جولیان ئاسانگ، پرۆسەی دیموکراسیان لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بیابانی خۆرئاوا بەهێزکرد و گەل و نەتەوەکان ئازاد بوون و مافی هاوڵاتیبوون گەڕێنرایەوە بۆ تاک.

دووریش نییە پرۆژەکەی ئاسانگیش، وەکو گۆرباچۆڤ، چەندین دەوڵەتی نوێ یان سیستمی فیدراڵی بێنێتەکایەوە. لە بابەتی (دەوڵەتی بەربەرەکان لە جەزائیر و قیبتییەکان لە میسر...). وەکو چۆن پانزە دەوڵەتی تازە دروستبوون لەدوای ڕووخانی سۆڤیەت (ئازەربایجان،

ئەرمەنستان، جۆرجیا، تورکمانستان، بەلتیک...).
کەواتە خاڵە لێکچووەکان زۆرن، بەڵام ڕەنگە ئەم ئاڵوگۆڕە بە پشتیوانی واشنتۆن و لەسەر دەستی گەنجێک هاتبێتە جێبەجێکردن. ئەوەی سۆڤیەت بە شەڕێکی ساردی مێژووی هاتە بەرهەم، بەڵام گرنگ لە هەردوو حاڵەتدا، گەلانێک ڕزگاربوون کە زۆر ساڵە لەژێر ستەم و چەوسانەوەدا بوون.
سەرئەنجام بۆ ئەم هەوڵەی (ئاسانگ) وا دەزانم. زوو یان درەنگ وەکو گۆربا چۆڤ خەڵاتی نۆبڵی پێ دەدرێت و لە ئاییندەشدا گەلانی میسر، تونس، لیبیا ڕێز لە هەوڵ و ماندووبوونەکانی دەگرن و بە مەسیحی عەرەبی دەزانن بۆ ڕزگاربوون لە دیکتاتۆرەکانیان.

## فاکتەرەکانی کۆتاییهاتن بە فیرعەونە مۆمیا نەکراوەکان



هەموو ئەو سەرکردە عەرەبییانە بە سەدام حسێنیشەوە، ئیتر وەکو فیرعەونێکی بێ مۆمیا. کۆتاییان هات و سیمبولی نوێ دێنە شوێنیان، بەڵام با بزانین فاکتەری توانەوەی فیرعەونەکانی میسر، لیبیا، تونس و یەمەن چی بوو؟ موعتەز فەتاح، مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی مێشیگان و قاهیرە، پێیوایە، چەند فاکتەر ڕۆڵیان هەیە لەم ڕووداوانەدا:
فاکتەری یەکەم: فاکتەری بایۆلۆژی: بەو پێیەی جیاوازی تەمەن لەنێوان نەوەی کۆن و نوێ زۆر هەڵکشاوە، کە (25%)یان بێکارن، تەنیا (1%)ی گەنجان لە پارتە سیاسییەکاندا بەشدارن، بەوەش کە ڕازی نەبوون کە موبارەک پاڵەوانی میسر و شەڕی 1973 لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە.
فاکتەری دووەم: فاکتەری جیۆلۆجی: پێیوایە داهاتەکانی نەوت،

ئاو، تەنانەت یارمەتییە دەرەکییەکانیش هەمووی بۆ سەرکردەکان بووە و هاوڵاتییان لێی بەهرەمەند نەبوون.

فاکتەری سێیەم: فاکتەری ئیۆلۆجی: مەبەست لەمە ئەو گرووپە ئیسلامییانەیە کە لەنێوان (ئیسلام و دیموکراسی) پەیدابوون و پێیانوابوو هێشتا ئەوان لە دیکتاتۆرەکان دیموکراسیترن.

فاکتەری چوارەم: فاکتەری تەکنۆلۆجیا: پێیوایە فەیسبووک، سایت و سەتەلایتەکان هەموو ڕووداوەکانی گۆڕی و سەردەمی کۆنترۆڵ بەسەرچووە، بێگومان ئەم چوار خاڵە. ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە ڕامالینی ئەم دیکتاتۆرانە و کۆتاییهاتن بە حوکمی مێژینەیان...

گەر لەسەر فاکتەری دووەم بوەستین و پێشتر باسمانکرد، داهاتی ئەم وڵاتانە زۆرینەی بە شێوەیەکی ناشەرعی چووەتە حسابی سەرۆک و بنەماڵەکانیانەوە، کە لە نەوتی فرۆشراو و سەرچاوە ئاوییەکان و کانزاکان. سەرەڕای ئەو پارانەی کە لانیکەم (2) ملیار دۆلار ساڵانە ئەمریکا پێیداون وەکو یارمەتی هەمووی دزراوە. لەکاتێکدا (25%–40%) تاکی ئەم وڵاتە کەمتر لە یەک دۆلاری هەیە ڕۆژانە.

بۆ نموونە موعەمەر قەزافی ساڵی (2003) بە ناچاری ملی دا بە (2, 7) ملیار دۆلار بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانی کارەساتی لۆکەربی ساڵی (1988). لەکاتێکدا ڕێژەی بێکاری لەم وڵاتە لە ساڵی (2004) لە (30%) بووە و داهاتی تاکەکەس (14) دۆلار بوو، بەڵام خودی قەزافی خاوەنی (116) ملیار دۆلار بووە. ئەمە لەکاتێکدا لە لیبیا ڕۆژانە (1, 491, 000) بەرمیل نەوتی فرۆشتووە و داهاتەکەی بۆ خەڵک نەبووە، کەواتە ئەم فاکتەرە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە ڕاپەڕینی خەڵکدا.

گەر باسی فاکتەرەکانی ئیۆلۆجی و تەکنەلۆجی بکەین. ئەوە ڕاستە

که بە ململانێی نێوان ئیسلام و دیموکراسی ناودەبرێت. تا ڕادەیەک گومانێک هەبوو کە زیاتر یۆتۆبیا دەچوو، ئەگەرچی دەستکردی ئەم دیکتاتۆرانە بوو، بەڵام ئەمریکاش لایەنگری دەکردن، بۆیە لێی بێدەنگ بوون و هاوکاریکردنی ئەم وڵاتانە، ئاماژەیەکە بۆ ڕۆڵی ئەمریکا یان سیناریۆی واشنتۆن.

واتا ئەم دیکتاتۆرانە هەمیشە وا خۆیان پیشاندەدا. کە ئەوان ڕێگری بەردەم هێزە ئیسلامییەکانن. ئەگەر نا دەسەڵات دەگرنە دەست و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەوروپاش دەخەنە مەترسییەوە. لە ڕاستیدا وا نەبوو، ئەگەرچی نموونەی تالیبان و قاعیدە و بزووتنەوەی نەجاتی جەزائیر، ئەنسار ئیسلامیشیان هەیە، بەڵام ئەمانە هەموویان قاعیدە نەبوون و نین، بگرە زۆر لەو گرووپە ئیسلامیيانە، ڕێگەیان پێ نەدرا، واتە چەند هێندەی موبارەک و قەزافی و سەدام و بن عەلی، ڕەنگە باشتربن خۆ ئەو نموونانەی ئەم دیکتاتۆرانە پێشکەشیان کرد لە دڕندەییدا بێ وێنەن.

هەر ئەم دەسەڵاتانە بوون، هەمیشە دەیانویست بۆ مانەوەی خۆیان ئیسلامییەکان ناشرینتر بکەن و وێنەی حەقیقی خۆیان نەدەن بە واشنتۆن، وەکو پێشتر وتمان نموونەی هێزێکی ئیسلامی داینەمۆی ئیخوان موسلیمین لە تورکیا دەبینین. کە وێنەیەکی باشە (بەدەر لە چەوسانەوەی گەلی کورد و زۆر خاڵی تر) و دەکرێت بکرێتە مۆدێلێکی سیاسی، واتا دواخستنی مەرگی ئەم دیکتاتۆرانە. یەکێک لە فاکتەرەکانی نیشاندانی وێنەی شێواوی هەموو سیستمێکی تر بوو، لەپێناو مانەوەی خۆیان و ڕێگاگرتن لە پرۆسەی دیموکراسی.

بەڵام ئەمریکا درەنگ مەبەستی بوو. کە سەردەمی ئەم دیکتاتۆرانە بەسەربچێت، بڕوا بەوەش بێنێت کە گەر لە خراپترین حاڵەتیشدا

بێت، ئیسلامییەکان باشترن لەم دیکتاتۆرانە و گەر ئەوەش بزانین ئیحتواکردنیان ئاسانترە و ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنانی ئیسلامی سیاسی توندڕەو ئەو هەموو داپڵۆسین و سەرکوتە بێت، کە ڕووبەڕووی ئیسلامییەکان بووەتەوە بەناوی جۆراوجۆر.

بەڵام دەرکـەوت هاوڵاتییان هەمووشت و هەموو کەسیان پێ باشترە لەم سیستمە ملهورە و دیکتاتۆرییانە، ئامادەن باجەکەی هەرچییەک بێت، بیدەن و کردیان.

ئێستا سەردەمی فیرعەونە مۆمیا نەکراوەکان بەسەرچوو. وەکو چۆن سەردەمی هیتلەر، مۆسۆلۆنی و ستالین بەسەرچوو. تەمەنی دیکتاتۆرەکان ئاوا بوو، چۆن تەمەنی سەدام حسێن، میلۆسۆڤیچ و پۆل پۆت بەسەرچوو.

ئێستا سەردەمی فیرعەونەکانی وەک موبارەک، قەزافی و بن عەلی تێپەڕی. ئەمەش یاسای مێژووە. کە زۆرداران هەر دەبێت بڕۆن و مێژوویەکی پڕ لە کارەسات جێبهێڵن.

بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە دوای ئەمانە چی ڕوو دەدات و چارەنووسی ئەم گەل و نەتەوانە بەکوێ دەگات؟

ئایا ئەمە پڕۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە؟ یان نەخشەیەکی نوێی جیهانییە؟ ئایا دیموکراسیەت و لیبرالیزم دەبێتە خەیاڵی ئەم وڵاتانە، یان شەڕی ناوخۆ بەرۆکیان دەگرێت؟ یان دەکەونە بەردەم مەترسی تیرۆریزم و فەندەمێنتاڵیزم.

## داهاتووی سیستمە سیاسییە نوێیەکان
**(4)**

چاودێرانی سیاسی لەو باوەڕەدان، کە دەرئەنجامی شۆڕشەکانی گەلانی تونس، میسر، لیبیا و سوریا زۆر ڕۆشن نیین. بەوەی ئایا دواجار کام هێز سیستمی سیاسی دەگرێتە دەست؟ کام شۆڕش و پاڵەوانەکانی کۆنترۆڵی ئەم وڵاتانە دەکەن؟

ئایا ئیسلامییەکان، یان هێزە چەکدارەکان و سوپا، یان چەکدارە خێڵەکییەکان؟

ئایا شۆڕش لەم پێنج وڵاتە نموونەی شۆڕشەکانی ئەمریکای لاتین دەبێت، نموونەی شۆڕشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران یان ئێستای عێراق دەبێت؟

هەموو ئەو پرسیارانە تا ئێستا بێ وەڵامن و زۆربەی قسەکانیش ئاڕاستەی ئیخوان لە میسر و نەهزە لە تونس و ئیسلامییەکان لە لیبیا بوون، بەڵام هیچ کام لە ئاماژە سەرەتاییەکان ئەوە ناسەلمێنن کە ئەم

سیناریۆیە ڕاست دەرچن، بەڵکو تاکە ئەگەرێک ڕەنگە ئەوە بێت کە لە پرۆسەیەکی ئازاد و هەڵبژاردندا، هێزە ئیسلامییەکان زۆرینەی دەنگەکان بێنن و ئەمەش سادەترین چەمکەکانی فەلسەفەی دیموکراسییە، کە هەر واش دەرچوو دەبێت هەمووشیان قبوڵی بکەن، ئەگەر قەرارە دیموکراسی شوێنی دیکتاتۆرییەت بگرێتەوە.

خۆ بێگومان هەموو هێزەکان نایانەوێت شۆڕشەکەی ئێران کۆپی بکەن، بەڵام ڕەنگە نموونەی عێراق خراپ نەبێت کە لانیکەم دیموکراسی و هەڵبژاردن لەناو حوکمێکی هەشتاساڵەی دیکتاتۆرییەت گەشەی کرد و سەریهەڵدا، گرنگ ئەزموونێکی زۆر باشە.

خۆ سەرکردەکانی ئـەوان، سـەدام حسێن مامۆستایان بوو، ئەوان مانیفیستۆی بەعسیزمیان پیادە دەکرد و بە ڕێبەری قەومی و ناسیۆنالیزمی عەرەبیان دەزانی.

خۆ عێراق لانیکەم پێکهاتەکەی لەو وڵاتانە مۆزایکتر و ناهۆمۆجینتر و پرتائیفە، مەزهەب و ئیتنیکتر و جیاوازترە.

بەڵام بەدوای کوژرانی دیکتاتۆرەکەی عێراق و دادگایکردنی کە وادیارە ئەمجارە مێژوو بۆ سەرکردە عەرەبە دیکتاتۆرەکان تراژیدیانە نەک کۆمیدیانە خۆی دووبارە دەکاتەوە. واتا سەرئەنجام دەبێت هەرکام لە (بن عەلی، موبارەک، قەزافی و بگرە ئەسەدو عەلی ساڵحیش) دەبێت وەکو سەدام حسێن چارەنووسیان دیاری بکرێت، هاوشێوەی ئەو و میلۆسۆڤیچ سزای تاوانەکانیان وەرگرن. یان لەسەر کورسی دەسەڵات بێنە خوار.

ئەمەش خەونێکی تراژیدییە. بۆ سەرکردە عەرەبەکان کە پێیانوابوو، ئەوان نێردراوی خوان لەسەر زەوی، دانراون و هەرگیز قابیلی هێنانە خوارەوە نین لەسەر تەختی حوکمی دیکتاتۆری.

بـەڵام مێژوو بە خواستی ئـەوان نەچووە پێش و داهاتووش هەرگیز بە دڵی ئەوان نابێت...! کەواتە لە خراپترین حاڵەتدا پێناچێت بەتەنیا هێزێکی ئیسلامی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئەم وڵاتانە بکات و خوێنی گەنجانی قوربانی بەفیڕۆ بڕوات و خۆی بسەپێنێت و هەموو شۆڕش و قوربانییەکان بکاتە موڵکی خۆی، کۆنترۆڵی بکات و لەجیاتی دیکتاتۆرێکی بەناو قەومی، تیرۆریزمی ئیسلامی دەسەڵات بگرێتە دەست، وەکو چۆن ڕاستە ئیخوان هەڵبژاردنەکانی بردەوە، بەڵام بێ ڕکابەر و موونافس نەبووە، ڕەنگە هەڵبژاردنەکانی داهاتووش لەوە خراپتربن، یان سەرکەوتوو نەبن.

واتا لە خراپترین حاڵەتدا قاعیدە و گرووپی فەندەمێنتالیزم و ئیسلامییەکان، ناتوانن ببنە ئەڵتەرناتیڤی ئەم چەند ڕژێمە عەرەبییە تۆتالیتارە، بەڵام لە باشترین حاڵەتیشدا شۆڕش و خەباتی ئەم گەلانە و ئەم حیزبە سیاسییانە ناتوانن لە سیستمی سیاسی ئێستای عێراق باشتر بن. بەو دەلیلەی ئەم چوار سیستمە سیاسییە خاوەنی یەک کلتوورن و خاوەنی یەک سیستمی تۆتالیتاری بوون، ئەمریکا و ئەوروپا لەپشت کۆتاییهاتنی ئەم سیستمە سیاسییانەوەن و خۆشیان چاودێری دەکەن و بەرژەوەندییەکانی خۆشیان لەپێش هەموو قسەکانی ترەوەیە، بۆیە دەکرێت ئەم بۆچوونانە ڕاست بن.

ئەوەش ڕاستە تونس و میسر خاوەنی کلتوور و شارستانییەتی دێرین و ڕەسەنی مێژوویین، بەڵام پرۆسێسی سیاسی لەگەڵ واقیع مامەڵە دەکات، لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و کاریگەرە دەرەکییەکان دەجوڵێنەوە، نەک سیناریۆی تر.

## سێ مۆدێل و سیستمی سیاسی خۆرئاوایی

لەماوەی بیست ساڵی ڕابــردوودا. یان لەدوای شکستی بلۆکی خۆرهەڵاتی سۆڤیەتی، سێ مۆدێلی خۆرئاوایی لە واقیعی سیستمە سیاسییەکان لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا و کیشوەری ئەفەریقا و ئاسیا، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لیبیای عەرەبی خۆی نمایشکرد و خولْقاون، کە هەرسێ مۆدێلەکە زادەی واقیعییەتی ئەمریکا، خۆرئاوان و ئەوان سیناریۆکانیان داڕشتووە، بەم شێوەیە:

### یەکەم: مۆدێلی سەربەخۆیی نەتەوە و گەلانی ژێردەست:

ئەم مۆدێلە لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی (1989) سەرهەڵدەدات و بەلێکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت کۆتایی دێت. کە چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی دروست دەبن. کە بۆ چەندین دەیە لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی سیستمی سۆڤیەتی و ستالین دەیانناڵاند، بەڵام ئەم دەوڵەتە تازانە زادەی لێکهەڵوەشانەوەی بلۆکێکی زەبەلاح بوون کە خاوەن تێز و ئایدیا و ئایدۆلۆژیایەکی زۆر تایبەت بوون.

واتا ئەم دەوڵەتانە، دەوڵەتی پڕۆسەی دیموکراسی لیبرالیزمی فۆکۆیامایی نەبوون، بەڵکو زادەی واقیعییەتی کۆتاییهاتنی جەنگێکی ساردی بلۆک بەندی بوون و بوون بە دەوڵەتی نەتەوەیی، کە هەندێکیان بوونە دەوڵەتی دیموکراسی لە بابەتی (چیک، سلۆڤینیا، ئۆکرانیا و کۆمارەکانی بەلتیک)، بەڵام زۆریشیان بوونە سیستمی ستالینێکی بچووک لە بابەتی (تاجیکستان، کازاخستان وئازربایجان...)، بەڵام سەرئەنجام ئەمانە ئەو مۆدێلە سیاسییە بوون کە ئەمریکا و خۆرئاوا بەرهەمیهێنان.

## دووەم: مۆدێلی لێکهەڵوەشاندنەوە:

ئەم مۆدێلە بەدوای مۆدێلی یەکەمدا دێت، ئەمریکا و خۆرئاوا وردتر کاریان لەسەرکرد. ئەگەرچی هەندێک لەم سەرکردە شۆڕشگێڕانە بوونە دیکتاتۆر و هاوکێشەکە پێچەوانە دەرچوو.

ئەم مۆدێلە سیستمی سیاسی و دەوڵەتی لەیەک هەڵوەشاند و دابڕی و تا ڕادەیەک دیموکراسی تێدا گەشەکردبوو، بۆ نموونە پاش کۆتایی جەنگی سارد. یوگسلافیا لە دەوڵەتی تاک نەتەوە و تاک سیستمی سیاسییەوە، بووە چەندین دەوڵەتی نوێ (سربیا، کرواتیا، مۆتینیگرۆ، مەکدۆنیا و کۆسۆڤۆ...).

جیابوونەوەی تەیموری خۆرهەڵات لە ئەندەنوسیا، ئەریتیریا لە ئەسیوبیا، باشووری سودان لە باکوور، نموونەی ئەم مۆدێلەیە کە دەرکەوت مۆدێلەکە پرۆسێسی دیموکراسی تێدا باڵاترە لە مۆدێلی سەربەخۆیی نەتەوەکان، بەڵام گەر بڕیار بێت مۆدێلی سێیەم جیاوازتر بێت، ئەوا هەر لەژێر کاریگەری ئەم دوو مۆدێلەدایە، بەڵام لە کات و شوێنێکی تردا بەرهەمهاتووە.

## سێیەم: مۆدێلی ڕاماڵینی دیکتاتۆرەکان:

ئەم مۆدێلە نوێیە بە ڕاماڵینی قاعیدە و تاڵیبان لە ئەفغانستان باشتر دەردەکەوێت، لە دەیەیەکدا بە کۆتاییهاتنی بەعسیزم و سەدام حسێن دەگاتە لوتکە، بەڵام ڕاماڵینی بن عەلی لە تونس، موبارەک لە میسر و قەزافی لە لیبیا، یەمەن و سوریا... کە دیارە ڕاماڵینی تریشی بەدوادا دێت، واتە ئەم مۆدێلە کار لەسەر دروستکردنی دەوڵەتی نوێ ناکات، بێگومان لە ئێستادا... وەکو پێشتر وتمان ڕەنگە دەوڵەتی تر دوای ئەم شۆڕش و ڕووداوانە سەرهەڵبدات، بەڵام لە ئێستادا ئەم

مۆدێلە لەسەر ڕامالّینی دیکتاتۆرەکان و گۆڕینی سیستمەکان وەستاوە، نەک شتێکی تر و بەسەرچوونی سیستمی عەرەبی دیکتاتۆری.

وا دەزانم، ئەم مۆدێلە چەمکی دیموکراسی تێدا زالّتر بێت. وەکو چۆن لە عێراقدا لانیکەم چەمکی دیموکراسی لە دەولّەتی نەتەوەیی یان مەزهەبی زالّترە.

وەکو چۆن لە ئەفغانستان هەنگاونان بۆ زالّبوونی دیموکراسی زالّترە، لە دروستکردنی دەولّەتی (تاجیک، پشتۆن یان هەزارە)، کە ڕەنگە مۆدێلی چوارەمی خۆرئاوایی ئەم جۆرە بێت کە مۆدێلی پاش ڕامالّینی سیستمی سیاسی تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکان و دروستکردنی دەولّەتی تری نەتەوەیی بێت، بەلّام کە پێشتر بە فلتەری دیموکراسیدا ڕۆیشتوون لە بابەتی (کورد لە عێراق و ئێران و سوریا، بەر بەر لە جەزائیر، قیبتی لە میسر، بیابانی خۆرئاوا لە مەغریب، بلوچ لە ئێران).

بێگومان ئەم مۆدێلە دەتوانێت سەرکەوتووتر بێت، چونکە سیستمێک بەرهەمدێنێت کە بە فلتەری پراکتیزەکردنی دیموکراسیدا تێپەڕیوە، نەک سیستمێک بەرهەمبهێنێت کە داخوازی بوو لە دەستی ستەم و چەوسانەوە، بەلّام لەناو ئەو مۆدێلەی کە ناومانناا مۆدێلی دووەم، شۆڕشگێڕەکان بوونە دیکتاتۆر، لە سیستمە سیاسییەکانیش بوونە میلیتار و تۆتالیتار. لە بابەتی میلیسزیناوی سەرۆکی ئەریتیریا و دەولّەتی ئەریتیریا، پاش جیابوونەوەی لە ئەسیوبیا.

بۆیە ڕوونە ئالّوگۆڕەکانی خۆرهەلّاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا لە تونس، میسر، لیبیا بە یەمەن و ئێرانیشەوە. مۆدێلی بەرهەمی جەنگی سارد و دروستکردنی دەولّەتی نوێ نین. ئەوەندەی بەرهەمی مۆدێلی ڕامالّینی دیکتاتۆرییەت دەبن و ئەگەری پارچە پارچە بوونیان لەئێستادا زۆر کز و کەمە.

خۆ ئەگەر حاڵەتێکی شازیش ڕوویدات، ڕەنگە ئەوە ئێران بێت. کە ئەوەش فاکتەری زۆری هەیە، بەڵام لەم مۆدێلەدا هەرگیز مومکین نییە ڕێگا بە سیستمی سیاسی تۆتالیتار بدرێت. بەرهەمبێنەوە و خۆیان دووبـارە بکەنەوە. جا گەر سوپا، یان ئیسلامی سیاسی، یان چەپ و نەتەوەکانیش بیانەوێت، ئەمە ئەگەرێکە بۆ نەوەدەکان و دەیەی دووهەزار دەبوو، بەڵام لەم دەیەیەدا دروستبوونی دیکتاتۆر کارێکە قابیلی قبوڵ نییە، ئەمەش باشترین دەرفەتە بۆ گەشەکردنی دیموکراسی و بەهێزکردنی سیستمی سیاسی مۆدێلی نوێ و کۆتاییهاتن بە سیستمی تۆتالیتار، داپڵۆسێنەرەکانی جیهان بە گشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی.

## فاکتەرەکانی پشت ئاڵوگۆڕەکان

(5)

ئەگەرچی بۆچونێک هەیە. کە پێیوایە ئەم شۆڕشانە خۆڕسکن، زادەی واقیعییەت و ناواقیعی کۆمەڵگاکان خۆیانە، بەواتایەکی تر هەلومەرجی ناوخۆیی فاکتەر و داینەمۆی سەرەکی بزوێنەری خەڵکە.

ئەگەرچی ئەم چیرۆکە حەقیقەتی تێدایە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەی بۆ پێشتر و چەندساڵ پێش ئێستا ڕوویندەدا؟ ئەی بۆ هیوایەک کە ئەم سەرکردانە خەونەکانیان لەسەر هەڵچنیبوو. ئەوە بوو کە هەرگیز بیریان لەم شۆڕشە نەکردبووەوە. کە بەم جۆرە دەبێت ماڵئاوایی بکەن لە کورسی و پۆستەکانیان.

ئەو پرسیارەی کە واقیعییەت پیشان دەدات ئەوەیە، بێگومان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە چەند فاکتەرێک لەپشت ئەم سیناریۆیەوەن:

## یەکەم: ویکلیکس سەرەتای زەمینەسازی:

ئەو کاتەی ئەم ساینە دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکان، زۆر وترا کە ئابڕووی ئەمریکا چووە و ئەمە فەزیحەیەکی ترە. واشنتۆن تووشی بووە.

کە ئەوە بزانین هەرکاتێ ئەمریکا و حیزبی حاکم لە ئەمریکا تووشی فەزیحە هاتبێت، سەرۆک دەستی لە کار کێشاوەتەوە و یان قەیرانێکی بـەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام ویکلیکس نەک قەیران، دنیایەک دەستکەوتی بۆ واشنتۆن بەدەستهێنا. کە چاوەڕوانکراو و بگرە بەرنامەڕێژکراو بوو.

تا ئەوەی ئەم ساینە هەموو نهێنییەکانی ئەم وڵاتە و سەرکردانەی ئاشکراکرد و سەرەتای زەنگێکی خەتەر بوو، تا گەلانی ئەو وڵاتانەی بەخەبەرهێنا و شۆڕشیان کرد و سەریشکەوتن.

ڕاستە گەلانی ئەم وڵاتانە دەیانزانی سەرکردەکانیان دیکتاتۆرە، بەڵام ئەوەشیان دەزانــی کە ئەمریکا لە پشتیانە، بەڵام ئەوانیش تێگەیشتن کە ئیدی واشنتۆن دەستی لێهەڵگرتوون و کاتی ڕاپەڕینە، بۆیە ساینی ویکلیکس، سەرەتای شۆڕشی سپی و ڕاپەڕینی جەماوەری بوو، کە سەرئەنجام ئەمەی لێکەوتەوە کە دەبوو ڕووبدات و پێشتر زەمینەسازی سیاسی و ستراتیژی گرنگی بۆ کرابوو.

## دووەم: ئامۆژگارییە نهێنییە بێ ئاکامەکانی واشنتۆن:

هیلاری کلنتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە دیدارێکی لەگەڵ ڕادیۆ فەردادا دەڵێت «ئێمە هەمیشە ئامۆژگاری دۆستەکانمان کردووە لەسەر بابەتەکانی (گەندەڵی، کەموکورتی، پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ و چاکسازی)، بەڵام بەداخەوە، نە ئێمە وەکو ئەمریکا، نە هێزە سیاسییە ڕکابەرەکان

و نە هاوڵاتییانیش، نەمانتوانی سەرۆک و وڵاتەکانیان تێبگەیەنین و گوێیان لێ نەگرتین، تا سەرئەنجام ئەمەی لێکەوتەوە کە ڕوویدا».

ئەمە ڕوونە کە ئەمریکا هەمیشە لەژێرەوە ئامۆژگاری ئەم دۆستە دیکتاتۆرانەی کردووە، بەڵام گوێیان نەگرتووە، خۆ ڕەنگە ئامۆژگارییەکانی واشنتۆنیش زۆر جدی نەبووبن، چونکە ئەو سەردەمە بۆ ئەمریکاش ئەم سەرکردانە لەباربوون، بەڵام دیارە گەر ئاڵوگۆڕ و چاکسازیشیان بکردایە، ئەمریکا ڕێگر نەبووە.

هیلاری کلنتۆن لەم بارەیەوە دەڵێت «بەڵێ، بێگومان ئێمە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەداین، چونکە بە قازانجی لاوان و پرۆسەی دیموکراسییە».

جگە لەوەش پەیامەکانی سەرەتای باراک ئۆباماش کە لە کەناڵی جەزیرەوە گواسترایەوە، بەر لە ڕاپەڕین بە گەلانی تونسی وت: «ئەوە ئازایەتی گەلی تونسە» پەیامێکی ئاشکرابوو کە بۆ میسریش وتی «ئێمە ڕێز لە ئیرادەی گەلی میسر دەگرین» بۆ لیبیاش ڕایگەیاند: «ناوچەی دژەفڕین دروست دەکەین»، هەرسێ ئاماژەکە مانا و مەغزاکانیان ئەوەیە کە ئەمریکا پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی دەکات، کاتێ پشتیوانی لە برا دیکتاتۆرەکان بەسەرچووە، چونکە ئامۆژگارییان وەرنەگرت.

لەبارەی ئێرانیشەوە کلینتۆن دەڵێت: «سەیرە ئێران وانەی دیموکراسی دەڵێتەوە» ئەو وتی «هیچ کەس نایەوێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئێران ببێت بە نموونەی».

ئەم قسانەی هیلاری. ئاماژەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە ئێرانیش زۆر ئامۆژگاری کراوە، بەڵام گوێی نەگرتووە، بۆیە چاودێران پێیانوایە، ئامانجی سەرەتایی شۆڕش و ڕاپەڕین تونس بوو، بەڵام کۆتایی ئەجێندای واشنتۆن ڕەنگە ئێران بێت...!

## سێیەم: ئیسرائیلێکی بەهێز:

ئەرکێکی تری ئەم شۆڕشانە هەڵوەشاندنەوەی هێزە مەترسیدارەکانی جیهانی عەرەبی و ناوچەکەیە لەسەر ئیسرائیلی. دۆستی واشنتۆن.

گەر سەرنج بدەین، گەورەترین ڕەقیبی ئیسرائیل، عێراق، بەعس و سەدام زوو کۆتایی پێهات و بە یەکجاریش هەڕەشە ئەتۆمییەکەی تێکشکێنرا.

میسری ڕێبەری شەڕی عەرەب- ئیسرائیلی حەفتاکان بە ڕێبەری ئەم سەرکردانەی پێشوو عەرەب، گەرچی وا حساب دەکرا کە دۆستی ئیسرائیلە لێکهەڵوەشایەوە و پێناچێت بۆ هەرگیز ببێنەوە هێزی ژمارە یەک و مەترسی جدی لەسەر ئیسرائیل هەبێت، بە بردنەوەی ئیخوانەکانیش لە حوزەیرانی (2012)دا، بەڵکو میسرێکی بێهێزی دیموکراسی دروست دەبێت. بێ ئیخوانێکی توندڕەو مەترسی لەسەر تەلئەبیب.

فشارەکانی سەر سودان و جیاکردنەوەی باشوور و جڵەوکردنی بەشیر، یەکێکی تر لە سەرکردە عەرەبەکانی خامۆشکرد و دەبێت زیاتریش مل بداث بۆ داواکانی واشنتۆن و خۆرئاوا، ئەگەر نا دارفۆریش جیا دەبێنەوە و دادگاش چاوەڕێی بەشیرە.

لیبیای سەرکردەی ناسیۆنالیستی عەرەبی و باوکی ڕەش پێستەکانی ئەفەریقا و باکووری ئەفەریقا، سەرەڕای داماڵینی چەکە کۆکوژەکانی، سەرچاوەی دارایی هەندێ لە گرووپی ئیسلامی تیرۆریستی و هەڕەشە لەسەر ئیسرائیل کۆتایی پێ هاث و فەلەستینیش بووەتە دووکەرت، حەماس و فەتح بە خوێنی سەری یەک تینوون، ئێرانیش لە بەرنامەکەدایە و حیزبوڵڵاش وردە وردە پیلانڕێژی دەکرێث بۆ دادگایی نەسروڵڵا و سنووربەندی تری لەگەڵ ئیسرائیل و داماڵینی سەرچاوە داراییەکان

و وڵاتە هاوپشتەکانی، ئیتر ئیسرائیلێکی بەهێزتر و بێ مەترسیتر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت.

کەواتە پیلانەکە بەتەنها ڕووخانی ئەم سیستمە سیاسییانە نییە، بەڵکو لابردنی مەترسیشە لەسەر ئیسرائیل و دروستکردنی سیستمی سیاسی نوێشە کە دیموکرات و فرە ڕەنگ بن، ئەمەش لانیکەم بۆ ئیسرائیل زۆر باشترە لە دەوڵەتی تۆتالیتار و خاوەن ئەتۆم و توندڕەو پڕ کێشە.

## سەردەمی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و گوتاری ناسیۆنالیستی بەسەرچوو

**(5)**



ئەم ئاڵوگۆڕە نوێیانە سەردەمی ناسیۆنالیزمی عەرەبی پاشەکشەی کرد و سەردەمی زێڕینی بەسەردەچێت، بەو دەلیلەی لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کۆتایی سەدام حسێن، کە جیهانی عەرەبی و وڵاتانی کەنداویش وەکو سیمبولی ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەیریان دەکرد و خودی سەدام حسێنیش دەیویست ڕەمزی کارێزمایی ناسیۆنالیزمی عـەرەب بێت و بانگەشەی بۆ شەڕی عێراق-ئێرانیش دەکـرد، کە پارێزگارییە لە وڵاتانی عەرەب و کەنداو، بەتایبەتی لە دژی هەیمەنە و هێزی فارسیدا.

هەر بۆیە جارێک ئەنجومەنی چوارقۆڵی دروستکرد و لە بەغدا کۆیکردنەوە (کە بێگومان ئەم سەرکردە دۆڕاوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کەمترین سەردانی بۆ وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی دەکرد). کە دیارە ئەو لە باری ئەمنییەوە متمانەی نەبوو، بەڵام دەیویست وەکو نەزعەیەکی نەتەوەیی ئەوە پیشانی وڵاتانی عەرەبی بدات، کە ئەو لەوە

گەورەترە بچێتە سعودیە، یان میسر و ئەردەن و دەیویست لەسەر ئەو مانیفێستەی هیتلەر کاربکات. کە گوایە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی دەکات و کە دواجار قەتڵوعامی بەکارهێنا و شکستی خوارد.

زۆرجار حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریاش دەیویست ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، بەڵام نەک هەر نەیتوانی، بەڵکو کێشەکانی ئیسرائیل ئەوەندە سەرقاڵیکرد، گەلانی سوریاش نەیانتوانی باوەڕ بەم سەرکردە ناسیۆنالیزمە بکەن و ڕاستە بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل وەکو دوژمنی عەرەب لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر لە سەرکردەی بە ناو ناسیۆنالیستی دروستکرد، کە گوایە ئەوانە لە خەمی کێشەی فەلەستین و عەرەبدان و دژایەتی ئیسرائیل دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا نەک نەبوونە سیمبولی ناسیۆنالیزمی عەرەب، بەڵکو بە نهێنی ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیل .

هەرچی (موعەمەر قەزافی)یە کە دەیویست وەک سەرکردەیەکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئەفریقی دەرکەوێت، دەرکـەوت کە نەک نەیتوانی ئەوە بکات، بەڵکو نەیتوانی خەڵکی وڵاتەکەی خۆشی بە سەرۆک قبوڵیان بێت، ئەوەش دەبێت یەکێک بێت لە مەرجەکان کە سەرکردەی ناسیۆنالیستی دەبێت خەڵکی وڵاتەکەی لانیکەم پشتیوانی لێ بکەن و وەکو سیمبولی نەتەوەیی سەیری بکەن، نەک دیکتاتۆر.

حوسنی موبارەک و مەلیکی سعودیەش هەوڵیان دا خۆیان بکەن بە سیمبولی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و گوتاری ناسیۆنالیستی، بەڵام موبارەک سەردەمی زێڕینی بەسەرچوو.

ئەگەر چانسێکی کـەم مابێتەوە وڵاتێکی عـەرەبـی گوتاری ناسیۆنالیستی بەرهەم بهێنێ و وەکو سیمبولی ناسیۆنالستی عەرەبی دەربکەوێت. ڕەنگە بۆ چەند ساڵێک عەرەبستانی سعودی بێت، ئەویش گەر وڵاتانی کەنداو قبوڵیان بێت. بەتایبەتی کە خاوەنی نەوت و

ئابوورییەکی پەرەسەند و دەوڵەمەندن و مەترسیان لەسەر ئیسرائیل نییە و دۆستی ئەمریکان و بە دوژمنی سەرسەختی ئێران دادەنرێت، زۆر لە مێژیشە نوێنەرایەتی باڵی ئیسلامی سیاسی دەکات و دژی باڵی ئیسلامی شیعە.

ڕەنگە تێکشکاندنی ئەم گوتارە ناسیۆنالیستە، پێش هەموو لایەک لە قازانجی ئیسرائیل بێت، کە زۆربەی سەرکردەکانی عەرەب هەمیشە کە بانگەشەی ناسیۆنالیستانەی خۆیان کردووە. ئیسرائیلیان کردووە بە ئامانج، بەڵام ئەمە نەک ئەنجام نەبوو. دەرکەوت ئیسرائیل تاکە براوەی ئەم بارودۆخەیە و هەوڵی گەورەشی داوە بە تێکشکاندنی فیرعەونە بەناو ناسیۆنالیستەکان و گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ئەوەش پشت ئەستوورە بە فاکتەرێکی گرنگ، کە دیموکراسی ئیسرائیلی و لوبی جولەکەی ئابوورییە. لەپاڵ هێزی گوتاری ناسیۆنالیزمی جولەکە، کە وەک هێزی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کاریگەری هەبووە.

تا بە کۆتاییهاتنی وەرزی دیکتاتۆرە عەرەبییەکان، سەردەمی ناسیۆنالیزمی عەرەبیش پاشەکشەی کرد و بەرەو کۆتایی چوون، واتە ڕووخانی دیکتاتۆرەکان.

## بن لادن بۆ لەم کاتەدا کوژرا؟

(7)

هەموو جیهان ئەوەی زانی کە لەلایەن تیمێکی تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە پاکستان کوژرا، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە، بۆ لەو کاتەدا کە شۆڕشی جەماوەری لە وڵاتانی عەرەبی لە پەرەسەندندایە، بە واقیعی حاڵ بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە عەرەبییانە هێزی ئیسلامی سیاسین، بۆیە کوشتنی بن لادن ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەم هێزە ئیسلامییانە و بزووتنەوە فەندەمێنتالیسنەکانی جیهان هەیە، کە تووشی پاشەکشە ببن، واتە ناکرێت کوشتنی بن لادن لە پاکستان لەو کاتەدا پەیوەست نەبێت بە ڕووخانی وڵاتانی عەرەبی و شۆڕشە جەماوەرییەکانی خەڵکەوە، چونکە ئەمە هەمووی نووسینەوەی مێژووی بەیەکەوەبەستراوە کە بە 11 سیپتیمبەر دەستپێدەکات و بە کوشتنی بن لادن تێپەڕ دەبێت و مەترسییەکانیش دوور دەخرێنەوە و دەگاتە بەهاری عەرەبی و سیناریۆی چاوەڕوان نەکراوی داهاتووی تریش.

## ئەم شۆڕشانە کۆپی شۆڕشی ئێران نییە

لەکاتێکدا ئەمریکا و ئەوروپا خەریکی سیستمە دیکتاتۆرییە عەرەبییەکانن، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە دەیەوێت ئەم ڕووداوانە بە قازانجی خۆی کەڵک لێوەربگرێت، لەکاتێکدا سیناریۆکە بە تەنها بۆ وڵاتانی عەرەبی نییە، سەرنج بدەن لەکاتێکدا خەڵک لە تونس و میسر و لیبیا ڕاپەڕین، کۆماری ئیسلامی ئێران دەیویست کۆتایی بە دەسەڵاتی سیستمی پاشایەتی سوننی لە بەحرەین بێنێت، خۆ ئەگەر هێزی سەربازی نەبووایە، دوور نەبوو ئێستا سوڵتان قابوسیش مافی پەنابەری لە سعودیە وەربگرتایە، کۆماری ئیسلامی بەحرەین شوێنی بگرتایەتەوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی ئێران ڕایگەیاند «ئەو شۆڕشانەی ئێستا لە جیهانی عەرەبیدا بەرپا بوون، بە چاولێکەری شۆڕشی کۆماری ئیسلامی بەرپا بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێران دەیەوێت لە بەهای ئەم شۆڕشانە کەم بکاتەوە، کە شۆڕشی جەماوەری دیموکراسین و بیانکاتە شۆڕشی ئیسلامی و شۆڕشەکەی خۆشیان بکاتە پێشەنگی شۆڕشی ئیسلامی لە دنیادا، ئەمەش ئەو پەیامە هەڵدەگرێت کە کاتی خۆی خومەینی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاندبوو «ئەوان دەیانەوێت ڕابەرایەتی شۆڕشی ئیسلامی بکەن لە سەرتاسەری جیهاندا»، بەڵام دواتر کە ڕابەرایەتی هەموو ئیسلام بەو ئەجێندایە نەکرا، تا ئەم ساتە کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەرایەتی باڵی شیعەی مەزهەبی جیهان دەکات و هاوکاری سەرەکی هێزە ئیسلامییە شیعەکانە لە سەرتاسەری جیهاندا، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو نەیجیریا لە ساڵی هەشتاکان شتێک نەبوو بەناوی شیعە، بەڵام ئێستا نزیکەی (1 ,30) ملیۆن کەس بوونەتە شیعە.

شیعەکانی بەحرەین بەدرێژایی مێژوو لەسەر دەستی کەمینەی

سوننه چەوسێنراونەوە، بەڵام لەدوای پشتیوانییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران گەر هێزی وڵاتانی کەنداو نەبووایە، شیعەکانی بەحرەین دەسەڵاتیان دەگرتە دەست.

لە عێراقیش بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران، شیعەکان توانییان ببنە زۆرینە و گرتنە دەستی دەسەڵات و دروستکردنی دەوڵەتێک، کە زۆرینەی شیعە و زۆربەی دەسەڵاتەکان بەدەست دۆستە شیعەکانەوەیە، کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی هەشتا ساڵەی کەمینەی سوننە لە عێراقدا، ئەمەش وایکردووە لە ناوچەکەدا هەم دۆستێکی شیعەی بۆ پەیدا بێت، هەم سنوورێکی لە مەترسی دوورخستەوە، کە گەورەترین مەترسی بوو لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران و ناوچەکە.

جوڵانی حوسییەکان لەم ساڵانەی دواییدا هەر بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە و سەرچاوەکانی هەواڵی جیهانیش باسیان لەوە دەکرد کە چەک و تەقەمەنی و هاوکارییان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ دابین دەکرا، بۆیە واش چاوەڕوان دەکرێت کە خۆپیشاندانەکانی یەمەن بەشێکی حوسییەکانن و لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەجوڵێنرێن.

بزووتنەوەی حەماس لە کەرتی غەزەی فەڵەستین، بوونی پێگەی ئێرانە لەناو فەڵەستین و نزیک ئیسرائیل.

حیزبوڵڵای دۆستی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لوبنان، بوونی ئەو هەیمەنە شیعییەیە، کە ئێران بانگەشەی بۆ دەکات، سەرەڕای جوڵانی هەستی شیعەگەرایی لەناو شیعەکانی کوەیت، سعودیە، پاکستان، تورکیا، ئاسیای ناوەڕاست، واتە کۆی مەزهەبی شیعەگەرایی و هێزە سیاسییە شیعەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، بەدەر نین لە هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر بۆیە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا

لەم بارەیەوە بە وریاییەوە لەگەڵ ئەم ئەجێندا ترسناکە مامەڵە دەکەن و چەندین جار لەسەر زاری بەرپرسانیانەوە ڕایانگەیاندووە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم مەترسی هێزە ئیسلامییە تیرۆریستەکاندایە، کە کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکارییان دەکات.

## تسۆنامی ڕامالینی دیکتاتۆرییەت لە سوریا

**(8)**

ئێستا ڕەنگە باش تێبگەین کە هەندێک لەم سیاسەتمەدارانە بە ڕێکەوت هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی و دەرەنجام بوونەتە دیکتاتۆر و بەزۆر خۆیان بە سیستمی حوکمی وڵاتەکەیاندا هەڵواسیوە.

سەیرە گەلێک، نەتەوەیەک، سەرۆکێکی نەوێت. بەزۆر هەرخۆی بسەپێنێت. دەبێت ئیتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە نەدات و دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگاگرتن لە کوشتاری خەڵکی مەدەنی و شەڕ و کوشتار بۆ ڕێگرتن بۆ سەرلەنوێ دروستبوونی دیکتاتۆرەکان و کۆتاییهاتنیان دەخالەت بکات، دەبێت ئیتر ئەم سیستمە سیاسییانەی خۆرهەڵات، عەرەبی و ئەفریقی و ئاسیایی، ناچار بکەن ئەگەر دیموکراسی قبوڵ ناکەن، دەبێت ڕێگایان لێ بگیرێت کە ببنە دیکتاتۆر بەسەر گەل و وڵاتەکانیانەوە.

نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی خۆرئاوا ساڵانێکی زۆرە نا بەرپرسیارانە مامەڵە دەکەن، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا چاویان لە زۆر لەو

جینۆساید و قەتلوعام و کوشتن و کوشتارانە کردووە، کە سەرۆک و سیستمی سیاسی ئەو وڵاتانە کردوویانە، ئەگەرچی ڕەنگە وەڵام و پاساویان ئەوەبێت کە لەگەڵ ئێستا ڕاپەڕیوە و هەڵساوە و ئێستا دەیەوێت ئەم سیستمە سیاسییانە بڕووخێت.

بەڵێ، خۆ گەل ئەوەشی نەدەویست کە یارمەتی بەعس بدەن لە جینۆسایدی کورد، شیعەکان، بێدەنگبن لە ساڵانی (1980–2003)؟ خۆ گەل ئەوەی نەدەویست لە ساڵی 1982 حافز ئەسەد کوشتارێکی دڕندانەی لە شاری حەما دژی ئیخوان موسلیمین ئەنجامدا، کە (10) هەزار کەسی لێکوشتن.

خۆ گەل حوسنی موبارەک، زین ئەلعابدین، بەشیر و قەزافی نەدەویست، بەڵام بۆچی پشتیوانیان لێدەکرا؟ لەپای چی؟ جگە لە بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتانە...!

ڕۆژنامەی (التشرين)ی سوری لە 2011/4/25 دەنووسێت: «بەرزترین جۆری ئازادی بریتییە لە ئارامی نیشتمان»، پێشتریش لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جۆرناڵ) لە 2011/1/31 بەشار ئەسەد پێش ڕووداوەکانی سوریا زۆر ناواقیعییانە بارودۆخی وڵاتەکەی هەڵدەسەنگێنێت سەبارەت بە بەراوردی نێوان میسر و سوریا دەڵێت: «دەبێت لەخۆت بپرسیت (مەبەست ڕۆژنامەنووسەکەیە...!) بۆچی سوریا ئارامە لەچاو میسر، لەکاتێکدا بارودۆخی ئێمە زۆر دژوارترە، میسر یارمەتی دارایی لە ئەمریکا وەردەگرێت، بەڵام ئێمە گەمارۆی چەندین وڵاتی جیهانمان لەسەرە، سەرەڕای هەموو ئەمانە گەلی ئێمە ڕانەپەڕیوە، پرسەکە تەنها ڕیفۆرم و پێداویستی نییە، بەڵکو قەناعەت و ئایدیۆلۆژیایە.

سەرکردەیەکی سیاسی وڵاتێک بۆچوونەکانی هێندە کورت ببینێت و نەتوانێت داهاتووی وڵاتەکەی بخوێنێتەوە، دەبێت چەندە ناسیاسی بێت و

چۆن بتوانێت حوکمی گەلێک بکات، کە تەنها چوار مانگ دوای ئەو قسانە گەلی سوریا لە وڵاتی گەندەڵی، بێکاری، سەرکوت، نایەکسانی، پەلاماری ئیسلامییەکان و ئیخوانەکان، ڕاپەڕین و ئەسەدیش بەشێوەیەکی دڕندانە پەلاماری دان و نزیکەی (2000) کەسی لە شارەکانی (حەما، دیزلوک، دەرعە) لێکوشتن.

ئامارەکان دەڵێن سێیەکی خەڵکی سوریا لەژێر خەتی هەژاریدا ژیان دەگوزەرێنن و داهاتی نەوت و سامانی گشتی بۆ بنەماڵەی ئەسەدە و کەمینەی عەلەوییە کە (15%–12%ی دانیشتووانن) هەموو دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، کە ئەسەدیش سەر بە هەمان کەمینەیە، بەڵام مەسیحییەکان، کوردەکان و دووزەکان کەمترین مافیان نییە، تەنانەت زۆربەی کوردەکانی ئەو وڵاتە کە نزیکەی دوو ملیۆنن بێ ناسنامە و ڕەگەزنامەن، میدیایی ئازاد و جدی نییە، حیزبی سیاسی ناتوانێت کاربکات و ماددەی (8)ی دەستوری سوری دەڵێت «پارتی بەعس دەوڵەت و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات».

ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد کە درێژکراوەی حوکمی حافز ئەسەدی باوکیەتی لە ساڵی 1963، کە بەعس دروست دەبێت دێنە سەر حوکم و بە سەدان هەزار لە هاوڵاتییانی ئەم وڵاتەیان قەتلوعام کرد.

سەیرە کاتێک زەین ئەلعابدین ڕادەکات و حوسنی موبارەک هەڵدێت و قەزافی تەنگی پێهەڵچنرا، کەچی بەشار ئەسەد باسی ئایدیۆلۆژیا و قەناعەت دەکات و لانیکەم بیر لەوە ناکاتەوە کە ئیتر پاش چل ساڵ، پێویستە حوکم جێبهێڵێت تا خەڵکی زیاتر نەکوژرێت، کە دەبوو زووتر بیر لە وازهێنان بکاتەوە، چونکە دواجار ئەم و هاوشێوەکانی وەکو ئەسەد و ئەوانەش کە ئێستا باوەڕ بەوە ناکەن، کە ڕۆژێک ڕژێمەکەیان دەڕووخێت و دەبێت دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن.

بەشاری گچکە کە، بەقەدەر باڵای خۆی تاوانی ئەنجامداوە، هەموومان

ئەوە دەزانین کە دواتر چۆن وەکو سەدام حسێن و موبارەک بیری لەوە نەکردووەتەوە وەک هاوڕێکانی دەستت دەکات بە پاڕانەوە کە ئەو بێگوناهە و یاسا بیبەخشێت، بەڵام وادیارە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان کە دەست لە پۆستەکەی و قەتلوعامی خەڵکی بێگوناهی سوریا و کوردەکان هەڵبگرێت.

ئەم دڵڕەقییە لای دیکتاتۆرەکان، بێوێنەترین دڵڕەقییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

بنەماڵەی ئەم سەرکردانە هەمیشە پڕبوون لە دڵڕەقی و دیکتاتۆری و بێبەزەیی و کوشتنی خەڵکی، بۆیە ئاساییە کە ئەسەد شوێنی باوکی بگرێتەوە، بەڵام دڵنیام ئەسەد لە کۆتاییدا باجی سەرەڕۆییەکانی باوکیشی دەدات و بۆ یەکجاری خەڵکی سوریا ڕزگاریان دەبێت لە چنگ بنەماڵە و باوک و کوڕێکی دیکتاتۆر، کە زیاتر لە چل ساڵە دەستی لە بینەقاقایان گیرکردووە، ئەمەش سەرەتای ئەو بەهاری ئازادییەیە کە گەلانی عەرەب لە ناوچەکەدا ناویان ناوە.

ئەگەرچی کاتێک ئەم باسە دەنووسین، هێشتا بەشار ئەسەد نەڕووخاوە و ڕاینەکردووە، بەڵام دڵنیام ئەویش دواجار سواری فڕۆکەیەک دەبێت و لە تاران دەنیشێتەوە لای دۆستەکانی و خامنەئی، یان ڕەنگە سواری فڕۆکەیەک ببێت کەس نازانێت لە کوێ دەگیرسێتەوە.

دیمەشق کە قێزەونترین سیستمی سیاسییە لە ناوچەکەدا، لە لایەکەوە دۆستی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و لەلایەکەوە لەگەڵ حەماس و حیزبوڵڵا باشترین هاوپەیمانن و زۆرترین دوژمنەکانی سوریا لە ناوچەکەدان، لە ئەردەنەوە تا دەگاتە لوبنان، کە سوریا هۆکاری سەرەکی تێکدانی ئەو وڵاتەیە بە پشتیوانی لە حیزبوڵڵا، لە عێراق، کە سوریا سەرەڕای پەیوەندی خراپی مێژوویی لەگەڵ بەعسی عێراق بەدوای ڕووخانیشی زۆرترین یارمەتی گرووپە تیرۆریستییەکانی ئەم وڵاتەی داوە و چەندین جاریش بەڵگە و

دۆکیۆمێنتی لەسەر زاری هۆشیار زێباری و مالیکییەوە پێڕاگەیاندراوە، کە دەست لەم کارانە هەڵبگرێت.

عەرەبستانی سعودیەش هیچ خۆشی بەم سیستمە سیاسییە نایەت و ئیسرائیلیش کە لە هەموو لایەنەکان باشتر چاوەدێری سوریا دەکات، پاش ئەوەی لە حوزەیرانی 1967 بەشێکی زۆری لە بەرزاییەکانی جۆلانی سوریای داگیرکرد، جگە لە شەڕی 1973 و سەرەڕای ئەم پەلامارەی کە لە 2007 ئیسرائیل کرد بەسەر ناوچەیەکی سوریا کە گومانی بوونی پرۆژەیەکی ئەتۆمی لێدەکرا و جەنگی ساڵی 2006 کە سوریای تووشی چاوترساندن کرد، دواتریش چەندین سزایان بەسەردا سەپاند.

واتا ئیسرائیل کە بەهێزترین هێزی سیاسی ناوچەکەیە لە هەموو لایەک زیاتر پەلەی ئەوەیەتی ئەم ڕژێمە بڕووخێت، واتا لە ناوچەکەدا جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچکام لە وڵاتانی ناوچەکە خۆیان بە دۆستی سوریا نازانن و بگرە زۆریش خۆشحاڵن بە کۆتاییهاتن بەم ڕژێمە.

واتا بە ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد ئەوە تەنها گەلانی سوریا نین کە ئاسوودە دەبن، بەڵکو گەلانی عێراق و لوبنان و ئیسرائیلیش هەمان ئاسوودەییان بەردەکەوێت.

بەتایبەتیش لوبنانییەکان کە هەمیشە سوریا خۆی بە حاکمی ئەم وڵاتە زانیوە و چەندین ساڵ بەهێز داگیریکردبوو. ئێستاش لەم کاتەدا پشتیوانی لە حکومەتەکەی نەجیب میقاتی حیزبوڵڵا دەکات، کە ئەم حیزبە تاوانبارە بە کوشتنی ڕەفیق حەریری سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان و دادگای نێودەوڵەتی، سوریا و حیزبوڵڵا بە تاوانبار دەزانێت.

سەعد حەریری سەرۆکی ڕەوتی داهاتووی لوبنان کە بە گرووپی (14ی ئازار) ناسراون حکومەتەکەی میقاتی بە دروستکراوی سوریا دەزانێت و لایەنەکانی (8)ی ئازاریش بە جێبەجێکاری فرمانەکانی حکومەتەکەی ئەسەد

دەزانێت.

واتا لە داهاتووی ئاڵوگۆڕەکانی سوریا، بێگومان یەکەم سوودمەند لوبنانە لە دەرەوەی سنوور و بەم شێوەیە (ئێران+حیزبوڵڵا+سوریا) کە سێکوچکەیەکی مەترسیدارە لەسەر ئیسرائیل و ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی خۆرئاواش، بەتەواوی تێکدەشکێت.

لەم بارەیەوە دەکرێت بڵێین ئێران لە ناوچەکە بێ دۆست دەمێنێتەوە، ئیتر ناتوانێت پشتگیری حیزبوڵڵاش بکات و ڕەنگە داهاتووی لوبنان ئاوای لێبێت پارتەکەی میشێل عەون و حیزبە سونیەکان و داهاتووی خۆیان بەجۆرێکی تر ساغ بکەنەوە.

بزووتنەوەی ئەمەل هەمان چارەنووسی حیزبوڵڵای دەبێت و بلۆکی (14)ی ئازار کە لەلایەن ئەمریکا و سعودیە و وڵاتانی کەنداو پشتگیری دەکرێت، دەبنە خاوەنی داهاتووی لوبنان و سوریایەکی نوێ دروست دەبێت، کە ئیتر حیزبوڵڵا ناتوانێت هەڕەشە لە گەمارۆدانی بەیروت و پەلامار بۆ سەر ئیسرائیل هەڕەشە لە مەسیحییەکان بکات.

کەواتە ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەتوانێت لە ناوچەکەدا زۆر گرنگ بێت بەو پێیەی کاریگەری گەورە دروست دەکات لە ناوچەکەدا.

بەم پێیە بێت سوریا دەبێت بڕوات. تا ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدرێت، کە ئەمریکا و خۆرئاوا و گەلی سوریا و وڵاتانی ناوچەکە پێشتر نەخشەڕێژیان بۆ کردووە.

## بۆ ئاڵوگۆڕو، ململانێکانی ناوچەکە و عێراق کورد ئامادەسازیی کردووە؟

**(9)**

خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی تونس و ڕاکردنی زین عابدین و ڕووداوەکانی دوای ئەوە، بەلای زۆر لە چاودێرانی سیاسییەوە ڕووداوێکی ناچاوەڕوانکراو بوون، زۆر لەوانەش پێیانوایە ئەوە پێشتر لەلایەن ئەمریکا و خۆرئاوا و سیناریۆی بۆ سازکرابوو.

ئەگەرچی وادیارە کە هێشتا هەموو بۆچوونەکان بەشی خۆیان ڕاستییان تێدایە، تەنانەت هەموو لایەک لەسەر ئەوە ڕێک نەکەوتوون، کە ئایا ئەوە شۆڕش و ڕاپەڕینە؟ خۆپیشاندانی بەبەرنامەیە، یان بێ بەرنامە بووە؟ ئایا ئیسلامییەکان یان دیموکرات و لیبراڵەکان پێشڕەوایەتی دەکەن و لە کۆتاییدا سوودمەند دەبن؟ ئایا چارەنووس و ئاسۆی دوارۆژی ئەم وڵاتانە بەکوێ دەگات؟

ئایە سیستمێکی سیاسی و دیموکراسی دێتە شوێنی سیستمە سیاسییەکانی پێشوو؟ یان ئیسلامی سیاسی دەبێتە ئەڵتەرناتیڤ، یان

شەڕی و ناوخۆ چارەنووسیان دیاری دەکات؟ بۆیە هێشتا بارودۆخەکە وەکو پێویست ڕوون نییە و زۆریش لە بۆچوونەکان تەنها خوێندنەوەیە بۆ ئەوەی کە هەیە ڕوو دەدات...

بەڵام ئایا داهاتووی ڕووداوەکان بەرەوکوێ دەچێت؟ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە بەرە و سیناریۆیەک دەڕوات، کە هەموولایەک ئاسودە دەکات یان کەس خۆشحاڵ ناکات؟

یان ئەوەی کە چاوەڕوان ناکرێت ڕوو دەدات؟ مێژوو تراژیدیانە خۆی دووبارە دەکاتەوە، لەم نێوەندەشدا عێراق و داهاتووی ئەم وڵاتە گرنگە و هەرێمی کوردستانیش بۆ ئێمە شتێکی حەتمی و چارەنووسییە.

## سیناریۆکان خۆڕسک، یان دەستکردن؟

سیستمە تۆتالیتارەکانی وڵاتانی عەرەبی، یان خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، مێژوویەکی تراژیدین لە جینایەت، کوشتوبڕ و نەبوونی ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ، مافی کەمینە، نەتەوە و تەنانەت مەزهەب و بیروبۆچوونە جیاوازەکان.

مێژوویەکن لە ناعەدالەتی، گەندەڵی، دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی بنەماڵەکانیان، دەست بەسەرداگرتنی داهاتی ئەو وڵاتانە لەلایەن کوڕ و دایک و خزم و کەسوکاریانەوە.

لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا شتێک نەبووە بەناوی دیموکراسی، ئازادییەکان لە پەرلەمانەکانیانەوە تا دەگات بە میدیاکانیان، ئەمە سەرەڕای نەبوونی هەلی کار و بەرزیی ڕێژەی هەژاری...!

بۆیە ڕەنگە فاکتەری خۆڕسکی ناوخۆیی یارمەتیدەرێکی باش بووبێت بۆ هەر سیناریۆیەکی دەستکردی دەرەکی، لەبابەتی بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکانی ویکلیکس، کۆدەنگی وڵاتانی زلهێزی خۆرئاوا لە

ئەنجومەنی ئاسایش بۆ هاوکاری و پشتیوانی و بەکارهێنانی هێزی سەربازی.

بەڵام سیناریۆی دەرەکیش ڕۆڵی خۆی هەبووە و ناکرێت وا بزانین کە ڕۆڵێکی دەرەکی لەم بارودۆخانەدا نییە. لانیکەم هەموو وڵاتانی خۆرئاوا سورن لەسەر خولقاندنی سیستمێکی سیاسی نوێ کە دیموکراسی شوێنی دیکتاتۆری، کە ئازادییەکان شوێنی سانسۆر و سەرکوت بگرێتەوە.

## ئاڵوگۆڕەکان نەتەوەیی، یان مەزهەبین؟

جیابوونەوەی باشووری سودان لە باکوور، ئەگەرچی سیناریۆکانی هی ساڵی (2005)بوون، بەڵام جاڕدانی سەربەخۆییەکەی هاوکات بوو لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی بەهاری عەرەبی.

سەربەخۆیی مۆنتینیگرۆ و کۆسۆڤۆ، دەکرێت وەکو دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ سەیر بکرێن، ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی عەرەبی و باکووری ئەفەریقا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەوانەشی کە هێشتا ئاڵوگۆڕ تێیاندا ڕووینەداوە، وا تەماشا دەکرێت کە مەیل و گەرایشی مەزهەبی، بەتایبەتی ئیسلامی و ئیخوان زاڵ بێت بەسەریدا.

ئەگەرچی ڕەنگە ڕاستییەک لەوەدا هەبێت کە فۆرمێکی ئیسلامی بە خۆپیشاندانەکانەوە زاڵە لە سوریا و میسر، بەڵام ئەمە کەمتر لە تونس و یەمەن دەبینرێت. لە لیبیاش تاڕادەیەک کەمڕەنگە.

بەڵام ڕەنگە گەر شتێکی وا لە ئێران ڕووبدات جۆرێکی تر بێت، بەڵام شتێک کە واقیعی و عەینەیە و ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێت. بوونی پێگە و نفوزی ئیسلامییەکانە لەم وڵاتانە و لەڕووی پێکهاتەش ئەوا بەسادەیی مەیل و گەرایشی ئیسلامی تێدا زاڵە و جوگرافیا و

جیۆپۆلەتێکی وڵاتەکە و ناوچەکەش یاریدەدەر بوون بۆ گەشەی ئەوان.

ڕەنگە لەزۆر شوێن، ئیسلامییەکان، بەتایبەت لە تورکیا زیاتر لە چاوەڕوانی و سەروو تەوەقع چوونە پێش لە دەسەڵات، کە بێگومان کاریگەرییان لەسەر میسر و سوریا، تەنانەت عێراق و کوردستانیش هەیە.بەڵام وەکو چۆن ناکرێت چەمکی نەتەوەیی لەم خۆپیشاندانانەدا فەرامۆش بکرێت، کە بێگومان هەیە، بەڵام ڕەنگە باش ڕێک نەخرابێت، یان ڕەنگە لە داهاتوودا سەرهەڵبدات تا بەرەو مەیلی جیابوونەوە و سەربەخۆیش بڕوات، لە بابەتی قیبتییەکان، بەربەرەکان، مەسیحییەکان، چەرکەس و بیابانی خۆرئاوا، ئازەرەکان و بلوچەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت وا سەیری داهاتووی ئەم ئاڵوگۆڕانە بکەین، کە سەرلەبەری بەقازانجی بزووتنەوە ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی فەندەفێنیتالیزم، یان ئیخوان موسلیمینە.

خۆ ڕەنگە چارەنووسی ئەم وڵاتانە لە خراپترین، حاڵدا لە عێراق خراپتر نەبن کە دەیان هێزی ئیسلامی، مەزهەبی (شیعە و سوننە) ڕۆڵیان هەیە لە حکومەت و پەرلەماندا. لەهەمانکاتدا مەیل و بۆچوونی نەتەوەییشی تێدایە وەکو کورد و بۆچوونی چەپ و لیبرالیشی تێدایە وەکو حزبی شیوعی، بەڵام چونکە مەیل و گەرایشی دیموکراسی و ئازادییەکان هەیە. عێراق نەبووەتە ئەو وڵاتە پڕ مەترسییەی کە چاوەڕوان دەکرا. لەکاتێکدا عێراق بۆخۆی هەم مەرجەعێکی مەزهەبی شیعەیی و هەم لە مەرجەعی باڵادەست شیعەگەرایی جیهانەوە کە ئێرانە، نزیکە، ڕاستەوخۆش کەریگەری و دەستێوەردانی هەیە و تەماسی ڕاستەوخۆ و کاریگەری لەگەڵ شیعەکانی عێراق هەیە.خۆ ڕەنگە لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە ناوچەکە عێراقیش بەرەو کرانەوە و دیموکراسی باشتر و ڕەنگە بەرەو دەوڵەتی بچووک، بچووکی چەمکی نەتەوەیی یان مەزهەبی بڕوات. کە ئەم ڕووداوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم مەیل و بۆچوونەی زۆرتر پەرەپێدا و ڕەواجی بۆ پەیداکرد، بەتایبەتی

لای سوننەکان و کوردەکان، کە ڕەنگە بۆ هەردووکیان دوایین چانس بێت ئاقی بکەنەوە، بۆیە لە خۆرهەڵاتێکی ناوەڕاستی پڕ مۆزایک و ناهۆمۆجین ئاسان نییە. لەهەر ئاڵوگۆڕێکدا چ بارودۆخی مەزهەبی، یان نەتەوەیی لەبەرچاو نەگیرێت.

بەتایبەت کە چەند دەوڵەتی زلهێز لە ناوچەکە پێشتر و ئێستاش لە ململانێکی سەختدان لەسەر ئەم کێشانە و هەرکامیان دەیانەوێت هاوکێشەکان بەلای ئەواندا بشکێنەوە.

## زلهێزە ناوچەییەکان کێن، لەم ڕووداوانەدا؟

لەئێستادا لەگەڵ ئەم ڕووداوانە سێ هێزی سەرەکی لەناوچەکەدا ڕۆڵدەگێڕن و کاریگەرییان هەیە و هەریەکەیان دەیەوێت بەلای خۆیدا بۆچوون و بەرژەوەندییەکانیان ئاراستە بکات.

عەرەبستانی سعودیە وەکو مەرجەعی مەزهەبی سوننەکان خۆی دەبینێت و خۆیشی بە ڕکابەری سەرسەختی کۆماری ئیسلامی ئێران دەزانێت، کۆی ڕووداوەکانی باکووری ئەفەریقا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر هەیمەنەی سعودیە بەدەرنین و بگرە وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی ئیمارات و قەتەر. کە لە ڕێگای کەناڵەکانیانەوە (جەزیرە و عەرەبییە) کە بەدواینەمۆی سەرەکی ئاڵوگۆڕەکان دادەنرێن. بێ سێ و دوو لەژێر کاریگەری عەرەبستانی سعودیەن، هەر سعودیەش بوو بەحرێنی لە لێواری ڕووخانی سیناریۆکانی ئێران و شیعەکانی ڕزگار کرد.

سعودیە وەکو هێزێکی مەزهەبی سوننی لە سوریا تا تورکیا، لە عێراق تا کەنداو تا باکووری ئەفەریقا و ڕۆڵ و پێگەی بەهێزی هەیە.

بەڵام ئەوەندەی ململانێکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانە، هێندە لەگەڵ تورکیا نییە. بەتایبەتی کە پارتی داد و گەشەپێدان بەبردنەوەی

خولی سێیەمی پەرلەمانی لە تورکیا، بووەتە جێگەی مەترسی و وردە وردە ئەم پارتە ئیسلامییە، سوننییە، ئیخوانییە. بەرەو ئەوە دەچێت ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاییکەرەوە ببینێت لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و لە ململانێی مەزهەبی و سیاسییەکانی ناوچەکەدا.

ڕەنگە فاکتەرێکی سەرەکی کە سعودیە لە ئێران و تورکیا جیادەکاتەوە، کەمی کێشە ناوخۆیی و سنوورییەکانی ئەم وڵاتانە بێت، کە هەم ئۆپۆزسیۆنێکی چەکداری نییە و هەم بارودۆخی ناوخۆیی ئارامە، کێشەی بچووکی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو هەیە، بەڵام لەئێستادا هیچ کاریگەرییان نییە و پەردەپۆش کراون و ڕەنگە گرفتێکی سەرەکی کێشەی سنووری عەرەبستانی سعودیە، بوونی حوسییە شیعەکانی دۆستی ئێران بێت لە سنوورەکانی لەگەڵ یەمەن، کە ئەوەش بەهۆی دژایەتی گەورەی خۆرئاوا و ئەمریکا بۆ ئێران، پەشێوی بارودۆخی یەمەن و ئەگەری زۆری ڕووخانی حکومەتەکەی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بۆی نەبووەتە گرفتی پلەیەکی بێ چارەسەر.

بەڵام هەرچی تورکیای حزبی داد و گەشەپێدان (AKP) سەرەڕای بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی چالاکی چەکداری وەک (PKK) و گەرایشی نەتەوەیی کە ساڵانە (8) ملیار دۆلاری لەسەر دەکەوێت، بوونی نزیکەی بیست ملیۆن کورد، کە گەورەترین هەڕەشەن لەسەری و مەترسی کودەتای سەربازی لەلایەن ژەنەراڵەکانی هەمیشە لەبەردەم حکومەتەکەی ئەردۆگاندان.

ئەوە جگە لە ئاڵۆزبوونی سنوورەکانی لەگەڵ سوریا و یارمەتی خۆپیشاندەرانی سوریا و کردنەوەی کەمپ بۆ ئاوارەکان و دووریش نییە ڕووبەرووی کێشە و ململانێ و پێکدانی سەربازیش ببنەوە.

هێزێکی تری ناوچەکە کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە هەرچەندە

چاوەڕواندەکرێت خۆیشی بەشێک بێت لە سیناریۆکان و تا سەر سیناریۆ ساز نەبێت.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە. ئێران کە لەم کێشە و قەیرانانەدا هەرچی چۆنێک بێت ویستوویەتی خۆی بەشێک نەبێت لەو سیناریۆیانەی وڵاتانی باکووری ئەفەریقا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، واتا چارەنووسی وەکو چارەنووسی تونس و لیبیا و سوریای لێ نەیەت.

چاودێران سوورن لەسەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، وەکو نوێنەری باڵی مەزهەبی شیعە جیهانی لەم هاوکێشانەدا دەردەکەوێت و بەردەوام دەیەوێت ڕۆڵی هەبێت، ئێران کە خۆی بە ڕەقیبی سەرەکی عەرەبستانی سعودیە دەزانێت و هیچ کات سڵی لەو هاوکارییە نەکردووەتەوە کە بۆ شیعەکانی بەحرێن، کوەیت و سعودیە و کەنداو تا دەگات بە حوسیەکان لە یەمەن و ئەفغانستان و پاکستان ناردووە، جگە لەوەش ئێران ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە باشووری لوبنان و فەڵەستین، تا دەگاتە عێراق.

ئەوەش شتێکی نوێ نییە، بەڵکو هەر زوو ئیمام خومەینی ویستی ئێران مەرجەعی ئیسلام بێت، بەڵام کە زانی ناتوانێت مەرجەعی شیعەو سوننی بێت بە کردەوە، دواتر دەرکەوت کە ئێران هێزی مەرجەعی شیعەکانی جیهانە؟

کۆماری ئیسلامی ئێران لەم کێشە و قەیرانانەی ڕوو دەدەن بێ سێ و دوو ڕۆڵی هەیە، بەتایبەت دوای ئەوەی دەرکەوت سوریای هاوپەیمانی خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێت. بە شێوازێکی گرنگ بەشداری کرد و هاوکاری کرد تا ڕێگا لە ڕووخانی حکومەتەکەی ئەسەد بگرێت و پێشتریش ڕۆڵی ئێران بە گەورەیی دەرکەوت. کاتێک خەریک بوو لەلایەن شیعەکانەوە کۆتایی بە حوکم و پاشایەتی خەلیفەی

بەحرەین بێت، خۆ گەر سعودیە و هێزی وڵاتانی کەنداو نەبووایە، چارەنووسی بەحرەین لە تونس باشتر نەدەبوو.

بۆیە بەدوور نازانرێت پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا زۆر لەوەی هەیە خراپتر بێت و وەکو دوو زلهێزی ناوچەیی کە دەیانەوێت نوێنەرایەتی دوو مەرجەعی مەزهەبی و دوو هەڵوێستی سیاسی و دوو بۆچونی جیاواز بکەن، ڕەنگە پێکدادانی چەکداریشی لێبکەوێتەوە، بەتایبەت ئەوەی کە تورکیایە هەر زوو ئەنجومەنی کاتی لیبیای بەڕەسمی ناسی و هاوکاری پێشکەشکردن و دژی سەرکوتی سوریا ڕاوەستا و کەمپی بۆ پەنابەران کردەوە و بە ئاوازی دیموکراسییانەی خۆرئاوا و ئەمریکا لە سایەی حزبێکی ئیسلامی سوننی، ئیخوانی دەخوێنێت، لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە دەبینێت، تورکیا مرخی لەوە خۆش کردووە لەسەر کەلاکی پاشماوەی ئێران دەسکەوتەکانی بچنێتەوە، وەکو زلهێزێکی بێ ڕەقیب لە ناوچەکە و ئاسیای ناوەڕاست و کافکاس دەرکەوێت.

ئەگەرچی ئێران لەم بارەیەوە هەمیشە خاوەنی باشترین کارتی فشار بووە بۆ سەر تورکیا، هاوکاری PKK و لێدوانەکانی ئەم دوایەی جەمیل بایکی یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی HPG سەر بە PKK لەم بارەیەوە ڕۆشنە، بەڵام لە بەرامبەردا هاوکاری تورکیاش بۆ سازمانی موجاهیدینی خەلق کەم نەبووە.

بۆیە دەکرێت بڵێین سێ هێز لە ناوچەکەدا ڕۆڵیان هەیە لە ئاراستەی ڕووداوەکان و جوڵاندن و قەیرانسازیدا! سعودیە کە پشتیوانی سەرەکی سوننەکان و هێزە وەهابییەکان تورکیای بەناو عیلمانی لە سایەی AKP-دا دەیەوێت قسەی هێزە ئیسلامییەکان و باڵی ئیخوان بکات، هەرچی ئێرانیشە پشت و پەناو مەرجەعییەتی شیعەکانی دونیا دەکات.

ئەمە مانای ئەوە نییە هێزی تر ڕۆڵیان نییە، بۆ نموونە هەریەکە لە ئەردەن، قەتەر، وەکو دوو هێزی ناوچەکە ڕۆڵیان هەیە، وڵاتانی زلهێزی وەکو ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا و ئیسرائیل، جێگە و پێگەی تایبەتی خۆیان لەم ڕووداوانەدا هەیە.

## ململانێکان چین؟

چاودێران پێیانوایە دوو جۆر لە ململانێ لە ناوچەکەدا هەن، یەکەمیان پێکدادان و ململانێی نێوان شیعە و سوننەیە کە بەڕوونی دەرکەوتووە و چانسی سوننەکان لە هەموو حاڵدا لە شیعەکان باشترە، بەوەی بارودۆخی شیعەکان لە خودی مەرجەعەکەیان کە ئێرانە خراپە و دوور نییە خۆیشی ببێتە قوربانی ئەو ململانێیە، ئەمەش ڕەنگە گەورەترین پاشەکشەی شیعە و شیعەگەرایی بێت لە چەند دەیەی ڕابـردوودا، ئەگەرچی ڕەنگە شیعەکان بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم هەموو خەون و هەیمەنە و ئیمتیاز و مێژووە نەبن، بەڵام ئاماژەکان دەڵێن لە عێراقدا شیعەکان و ناوچەکانیان حاڵیان لە هەرێمی کوردستان باشتر نییە، سوننەکانیش گەیشتوونەتە قەناعەت، کە چی دی لەگەڵا شیعەکان ناتوانن پێکەوە بژین و پێشتریش لە عیراقدا گەر مەیلێک هەبوو بۆ یەکپارچەیی عێراق، سوننییەکان پشتگیریان دەکرد، ئێستا پێچەوانە بووەتەوە و شیعەکانیش هەست بە مەترسی دەکەن و دوای جیابوونەوە دەکەن.

لە لوبنان بارودۆخی حزبوڵڵا و شیعەکانی باشووری لوبنان لە چاوەڕاوانی ڕووخانی حکومەتەکمەی بەشار ئەسەدن و لە فەڵەستینیش ئاسۆکانی ئایندەیان باش نابینرێت، لە بەحرەین خەونێک کە زۆرینەی

شیعەکانی ئەو وڵاتە هەیانبوو، لەبارچوو.

ئەگەرچی گەر پرسیاری ئەوە بکرێت خۆ حکومەتەکانی میسر، لیبیا، تونس ڕاستە حکومەتی مەزهەبی نەبوون، بەڵام خۆ دواجار سوننی بوون، بۆچی چارەنووسیان بەئێستا گەیشت؟

پێموایە لەم حاڵەتەدا ململانێکان لە قاڵبی مەزهەبی دەچنە دەرەوە و پەیوەستە بە ڕووخانی سیستمە دیکتاتۆرییەکان و تۆتالیتارەکان کە بەشی شێر بەر سەرکردە و وڵاتە عەرەبییە سوننەکان کەوتووە، بێگومان شکستەکانیش ئێستا بۆ ئەوانن.

خۆ ڕەنگە ئەوەش غەدرێکی مێژوویە بووبێت کە خۆرئاوا و ئەمریکا هەمیش دژی هەر سیستمێکی شیعە بوون و پێیان باش بووە هەر چۆنێک بێت سیستمێکی مەزهەبی گەر سوننەش بێت لە شیعە باشترە، بەتایبەت لە چل ساڵی ڕابردوودا وەکو بەحرەین و عێراقی سەردەمی سەدام حسێن کە شیعەکان هەمیشە زۆرینە بوون، بەڵام ئێستا کە ململانێکان لەنێوان هێزە دیموکراتەکانی خۆرئاوا و ئەمریکای خاوەن بەرژەوەندی و هێزە دیکتاتۆرییەکاندایە، واتە ئەم ململانێیە لەسەر بنەمای شیعە و سوننە، چونکە خۆ ڕاستە سیستمە سیاسییەکەی ئەسەد، بە عەرەبی ناسراوە، بەڵام خۆ ئەسەد و حکومەتەکەی عەلەوی شیعەن.

زیاتریش بڵێم چۆن لیبیا لە لێواری ڕووخان و سڕینەوەیە، بەهەمان شێوەش ئێرانی شیعەش پێدەچێت لەبەردەم ئەو ئاڵوگۆڕانەدا بێت، بۆیە دەکرێت بڵێین لەسەر ئاستی جیهانی ململانێکان ناوی بنێین ململانێی نێوان هێزە دیموکراتەکانی خۆرئاوا و دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵاتە.

لەسەر ئاستی ناوچەییش ململانێکان، ململانێی نێوان هێزە مەزهەبییە شیعە و سوننەکانە کە لە هەردوو حاڵدا بەدەر نین لە بەرژەوەندی و ئێڕوانینی هێزە سیاسییەکان بۆ داهاتوو.

**هەرێمی کوردستان و کورد لە کوێی هاوکێشە و ململانێکاندان؟**

خاڵی گرنگ لەنێو ئەم کێشەو ململانێیانەدا بۆ کورد، ئەوەیە کە ئایا دەتوانێت باشترین دەستکەوت بچنێتەوە؟ ئایا کورد دەتوانێت تەکانێک بـدات بۆ پێشەوە و سـودی ستراتیژی لەم ئاڵوگۆڕانەدا وەرگێڕێت و لانیکەم لە دەربەندی سەربەخۆیی نزیک بکاتەوە؟ یان ئـەوەی بە دەستیشی هێناوە لە دەستی دەدات و پاشەکشەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەکات؟ ئایا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو دوو هێزی گەورە و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان خۆیان بۆ ئەو هەموو ئەگەر و ئاڵوگۆڕانە ئامادە کردووە؟ ئایا کورد خۆی ئامادە کردووە بۆ جاڕدانی دەوڵەت، یان لەدەست دانی حکومەتەکەی؟ ئایا کورد لەم ململانێیەدا لەپاڵ کام بەرەو جەمسەرە، لە شیعە یان لە سوننە، خۆرئاوا یان خۆرهەڵات، تورکیا، سعودیە یان ئێران؟ لە عێراقیشدا لەنێو دوورگەی شیعە و سوننە لەکوێدایە؟ ئایا بە کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەسازیی سیاسی، چەکداری، سەربازی و دیبلۆماسی بۆ ئەم ئەگەرانە کـردووە؟ ئایا ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) هەر خەریکی خۆپیشاندانی سەرا و بەزمی ڕووخانی حکومەت دەبن، یان لەگەڵ یەکێتی و پارتی لە خەمی تەکانێکی ترن بە کێشەی کورد و هەنگاوێکی تر دەنێن بۆ نزیکبوونەوەی خەونی کورد؟

ئایا پژاک، کۆمەڵە، دیموکرات و کوردەکانی سوریا لەکوێی ئەم کێشە و ململانێیەدان؟ ئایا هیچ هەماهەنگی لەنێوانیاندا هەیە تا کێشە و قەیرانەکانی ناوچەکە و ئەگەرە چاوەڕواننەکراوەکان بە قازانجی کورد تەواو دەبێت؟

پێش هەموو شت لەم ئاڵوگۆڕانە وەکو مەلا بەختیار یەکێک لە

سەرکردەکانی (ی.ن.ک) دەڵێت «هەر ئاڵوگۆڕێک لە ناوچەکە بە قازانجی دیموکراسی تەواوبێت، کورد لەگەڵیەتی و قازانجی لێدەکات». ئەمەش واتا کورد لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدایە لە تونسەوە تا بەکوێ دەگات...!، چونکە جیا لەوەی خۆی قەناعەتی بە سیستمی دیموکراسی و مافی چارەنووس هەیە، لە هەمانکاتدا پشتیوانی لە ئـازادی و ئەو گەلانە دەکات کە لەژێر جەور و ستەمی ئەم سیستمە سیاسییە ناعەدالەتەدا ڕزگاریان ببێت.

لەبارەی ئەوەی کە ڕۆڵی کورد چی دەبێت، پێویستە هەقیقەتێک هەیە بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت قسەکەری ڕەسمی کورد بێت لەناو هاوکێشەکاندا و بەفیعلیش ڕۆڵی خەمخۆرانە بگێڕێت. بەو پێیەی شەرعییەتێکی سیاسی، نێودەوڵەتی هەیە و خاوەنی ئەزموون و ئیمکانیاتی مادی و هێزی سەربازی و پێشمەرگەیە.

بۆیە ئەرکی تایبەتی یەکێتی و پارتییە، هەم کوردانە و هەم دڵسۆزانە و هەم بەرپرسیارانە و هەم ستراتیژی و مێژووییانە، لەم هەلومەرجەدا ڕابەرایەتی ئەم ئەرکە نەتەوەییە لە ئەستۆ بگرن. بەڕەچاوکردنی ماف و گرنگی هەرکام لە پارچەکانی تری کوردستان و هێزە سیاسییە کوردە ڕەسەن و شۆڕشگێڕەکانی ئەو پارچانە و هەماهەنگی و دیالۆگ و پرسووڕا بۆ ئەو دەرفەتەی کە هاتووەتە پێشەوە بۆ کورد، باشتر دەبێت خۆی بۆ ئامادە بکات.

لە ئاستی ناوخۆیی دەبێت ئەم حکومەتە لە پێشەوەی دۆسییەکانی پاراستندا بێت و لە ململانێکانی ناوچەکەدا لەنێوان تورکیا و ئێران دەبێت بڕیاری گرنگ بدات. سەبارەت بە تێڕوانینی کورد بۆ تورکیا، وا دەبینێت کە ئەردۆگان و حکومەتەکەی (AKP) لە بەڵێنەکانی کە

پێشتر دابووی بە کورد، پاشەکشەی کردووە و بۆچوونەکانی ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەکانی تورکیا لەگەڵ کورد و وڵاتانی ناوچەکە شکستی خوارد و کێشەی کورد هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەخۆیەوە نەبینی، مافی خەڵکی کوردستانی باکووری تێدا نەهاتەدی و شەڕی pkk و سوپا هەر بەردەوامە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان تا ئێستاش لە زینداندایە، بۆیە وادیارە و پێدەچێت تورکیا پێش ئێران ڕووبەڕووی قەیرانی زۆرتر بێتەوە، لەبابەتی خۆپیشاندانی گەورەتری کوردەکان و کودەتای سەربازی و ململانێی ناوچەیی بۆ نموونە لەگەڵ سوریا، یان ئێران.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئایا هەڵوێستی pkk لەم نێوەندەدا چییە؟ ئایا هەست بەو بەرپرسیارێتییە دەکات؟ کە لەم دەرفەتەدا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بکاتە قسەکەری کورد و هەوڵەکانی خۆشی لەم پێناوەدا بێت و نابێت کێشە و گرفتی زۆرتر بۆ هەرێمی کوردستان و سنوورەکانی کوردستان دروست بکات و کێشە و ململانێکانی ناو باڵەکانی pkk ببێتە فاکتەرێک بۆ تێکدانی بارودۆخەکە و بەلاڕێداچوونی ئەسڵی کێشەکە.

جوڵانی هێزەکانی pkk لە ئێستادا و هێزەکانی پـژاک لە سنوورەکانی هەرێم، بێگومان هەروا سادە و سانا نییە. ئەگەرچی ڕەنگە ئەو پرسیارە بکرێت؟ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگای لەم ئاڵوگۆڕانەی pkk و پژاک و وردتر بارودۆخی سنوورەکانی هەیە؟ ئایا دابەشکردنی کارو پەیوەندی یەکێتی و پارتی لەگەڵ ئێران و تورکیا کە وا هەست پێدەکرێت کارێکی بە بەرنامە و لە قازانجی ڕەوشی سیاسی کوردە. ئایا شەڕەکانی پژاک لە ناوچەکانی هەرێم ململانێی نێوان تورکیا و ئێران نییە؟ ئایا مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا و

بەرنامەڕێژی کورد لەو بارودۆخەدا لەکوێدایە؟

دەبێت ئــەوەش بزانین تورکیاش لـەم پەیوەندییەدا هەمان خوێندنەوەی هەیە بۆ کێشەکان، بەڵام ڕەنگە نێگەتیڤانە بێت. بەو واتایەی ئەوەش باش دەزانێت گەر حکومەتی هەرێم هەر خیلافێکی لەگەڵ pkk هەبێت، بەڵام لە ئامانجدا شتێک هەیە کە پێی دەوترێت (هاوهەڵوێستی نەتەوەیی) و ڕەنگە تورکیاش وەکـو ئێران لەم هاوکێشانەدا پێویستی زیاتری بە حکومەتی هەرێم هەبێت.

لەبارەی پەیوەندی کورد و حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئێران دیسان ئەوە لەبەرچاوبگرین. ئێرانیش وەکو تورکیا خاوەنی زیاتر لە (10) ملیۆن کوردە، کە بارودۆخیان لە تورکیا زۆر خراپترە و خاوەنی دوو هێزی ئۆپۆزسیۆنی کۆمەڵە و دیموکراتن و بە ڕەسمیش حکومەتی هەرێمیان ناساندووە. تا ئەم کاتەش کەمترین کێشەیان بۆ حکومەتی هەرێم دروست نەکردووە و بە پێچەوانەی پژاک، ئەگەرچی بە هێزی کوردستانی ئێران دەناسرێت، بەڵام لەڕاستیدا وا دەرناکەوێت.

بارودۆخی ئێرانیش لە ئێستادا لە تورکیا باشترینە و سەرەڕای ناڕەزایەتی جەماوەری گەلەکۆمەیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشی لەسەرە. بۆیە ڕەنگە ئاسان نەبێت کورد لەم ململانێیەدا لەپاڵ کام لا، ئێران یان تورکیا بێت؟ یان بێلایەن بێت؟ هەرچۆنێک بێت کورد دەبێت زۆر بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسیەیانەدا بکات بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی کورد لەم وڵاتانەدا.

لەبارەی پەیوەندی کورد لەگەڵ هێزە ناوچەیەکاندا، کە زیاتر مۆرکی سوننی و شیعی بەخۆیەوە گرتووە، دەبێت ئەم دۆسێیەش بە جدی وەربگیرێت و ڕەنگە ئەم فایلە زیاتر لەناو عێراقدا ڕووبەڕووی بێتەوە، ئایا کورد لەم ململانێیانەدا لەگەڵ شیعەکان یان سوونەکان

نزیک دەبێنەوە؟

ڕاستە کورد بەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەژێر کاریگەری ئێران و هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی هەندێک لایەنی شیعیدا پەیوەندی باشی هەبووە لەگەڵ هێزە سیاسییە شیعەکاندا، بەڵام لە مەسەلە چارەنووسازەکانی تایبەت بە کورد، هێشتا هەردووکیان هەمان تێڕوانینیان هەیە لەسەر کورد و مافەکانی.

خۆ گەر پرسیارێکیش بێنەپێشەوە، ئایا کورد لە ناوچە و زۆنی شیعە یان سوننەدایە؟ بێگومان لە ئاستی ناوخۆیی عێراقدا لە سنووری هەردووکیاندایە و لە هەرێمی جوگرافی و جیۆپۆلۆتیکی ناوچەکەش لەگەڵ تورکیای سوننی و ئێرانی شیعیدایە، کە وەکو دوو هێز لە ئێستادا ڕۆڵدەگێڕن هەرچی چۆنێک بێت.

خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان وا پێدەچێت عێراق و ناوچەکەش لەبەردەم ئاڵوگۆڕی خێراو چاوەڕوان نەکراودابن...!، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئایا چەند و چۆن بە قازانجی کوردە؟ ئایا دەبێت دڵنیابین لەوەی کە ئامادەسازیی کراوە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە؟

## کورد لەناو قەیرانەکانی ناوچەکەدا...!

**(10)**

بەهۆی خێرایی و کاریگەری ڕووداوە سیاسییەکان لە سەرتاسەری جیهانداو ڕاڤەکردن و بەدواداچوون بۆ ڕووداو و ئاڵوگۆڕە ناوخۆیی و ناوچەیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان کاریگەرییان لەسەر کورد و خوێندنەوە بۆ ئەو کاریگەرییانە با لە عێراقی دایک، یان وڵاتی یەکەمی گەلی عێراقەوە باس بکەین، واتە لە نزیکترین شوێن کە ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یان دوو لەتی یەک سیستمی سیاسین لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی وەک عێراق، قەیرانی جۆراوجۆر ڕوو دەدات، لە بابەتی قەیرانەکانی ئەم دواییەی لابردن و لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی کە هەموو ئاماژەکان ئەوە نیشاندەدەن نە مالیکی متمانەی لێوەردەگیرێتەوە و نە لێپرسینەوەشی سەرکەوتوو دەبێت، ڕەنگە ئەم قەیرانانە وایکردبێت مالیکی بۆ هەڵبژاردنەکانی (2014) سوود لە چانسی باشتر وەربگرێت، کێشەکە نەک هەر

خەریکبوو داهاتووی سیاسی هەرێم و عێراق دەخستە مەترسییەوە، بەڵکو بەرەو شڵەژانی زیاتری کێشە مەزهەبی و تائیفییەکان دەڕۆیشتن، بەتایبەت لەنێوان شیعە و سوننە، لەوەش خراپتر دەخاڵەتی زیاتری ئێران و تورکیا و سعودیە لە قەیرانەکان، خەریکە پێدەنێتە شێوازێکی بێ چارەسەر، بێگومان کورد بووەتە بەشێک لەو قەیرانانە کە پێشتر ڕۆڵی ناوبژیوان و چارەسەری دەبینی.

پەیوەست بە کوردستان و عێراقەوە ڕووداوە سیاسییەکان ڕوون نین، بەڵام چاوەڕوانی شتی زۆر باشیان لێ ناکرێت بەم حاڵەوە کە ئێستا بەشێک لە هێزە کوردی و شیعی و سوننییەکان خەریکن.

لەسەر ئاستی ناوچەکە گەرمترین ڕووداو، مانەوەی حکومەتی سوریا و بەشار ئەسەدە، پاش کوشتنی دەیان هەزار کەسی بێ دیفاع، بەڵام کێشە و ململانێکانی جەمسەری نێودەوڵەتی ڕوسیا، ئێران، ئەمریکا و ئەوروپا، جەمسەرە بچووکەکانی وەک کورد، PKK، حزبوڵڵا...، هێشتا نەگەیشتوونەتە یەکلاییکردنەوەی ئەو ڕووداوانە و زۆر لایەنیش ئەجێندای خۆیان لەسەر ئەوە بونیاد دەنێن، کە ڕووخانی بەشار ئەسەد حەتمییە و تەواو بووە، بەپێچەوانەشەوە هەندێک هێز و دەوڵەت گرەو لەسەر بوون و مانەوەی دەکەن.

ڕووخان و دوای ڕووخانی سوریا ئاڵوگۆڕەکان و ڕۆڵی داهاتووی کورد، کاریگەری نێگەتیڤی دەخالەتی تورکیا و ترسی لە ڕۆڵی PKK لەو وڵاتەدا چی دەبێت و چارەنووسی سیاسی هاوشێوەی میسر و تونس، دەکەوێتە دەست ئیخوانەکان و بەنادیاری دەمێنێتەوە و گەرای ئیسلامگەرایی باشتر ناوچەکە دەتەنێت؟ یان شەڕی ناوخۆیی ڕوو دەدات؟ یان هاوشێوەی ئێستای عێراقی لێدێت؟

ئەگەر ڕژێمی ئەسەد نەڕووخا و مایەوە هاوکێشە سیاسییەکان

چی لێدێت؟

پەیوەست بە تورکیا ململانێی تورکیاو PKKشەڕ و پێکدادان دەگەن بە کوێ، سەر لەنوێ ڕۆڵی تاڵەبانی بۆ ئاگربڕ دەتوانێت سیناریۆی سەردەمی ئۆزال دووبارە بکاتەوە، یان دەکرێت تورکیا و کورد، یان ئەردۆگان و ئۆجەلان وەکو یاسر عەرەفات و ڕابین، یان ماندێلا و دیکلێرک پرۆسەیەکی ئاشتی سەرکەوتوو ئەنجام بدەن لە بارەگای شارەوانی ئۆسلۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی حاسڵ بکەن، یان شەڕ چارەنووسی داهاتووی ئەو وڵاتانە بە نادیاری دەهێڵێتەوە.

لە پەیوەست بە کوردستانی باکوور وەکو ناوچەیەکی گەرم، شەڕوشۆڕەکان پەرەیانگرتووە، لێدوانەکانی لەیلا زانا سەبارەت بە ئەردۆگان بەشێک لە سەرکردایەتی شاخی PKK و بەشێک لە سەرکردایەتی BDP شاری نیگەران کردووە و فاکتەرەکانی پشت ئەم سیناریۆیانە ڕوون نین، سەلاحەدین دەمیرتاشی هاوسەرۆکی BDP ڕایگەیاند «قسەکانی لەیلا زانا بۆچوونی BDP نین، چونکە ئەو کەسایەتی سەربەخۆیە، بەڵام ئەردۆگان جێگەی متمانە نییە».

دۆران کالکانیش لە سەرکردایەتی HPGدەڵێت «ئەم بۆچوونانە سادەیە ئەگەر وابزانین ئەردۆگان نیەتی باشە لە چارەسەری پرسی کورد».

بەڵام بەشێک لە میدیاکانی تورکیا هەوڵەکانی زانا، بە چرای سەوزی ئۆجەلان دەزانن، بەتایبەتی کە پێدەچێت هەردوولا تاڵەبانی و بارزانی لەبارەی ئەم پرۆژەیەوە لەسەر خەت بن و پشتگیری بکەن، ڕەنگە ئەو بۆچوونەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە محەمەد ئۆجەلانی برای ئۆجەلان پشتگیری هەنگاوەکانی زانای کرد، ئەمەش وا لێکدرایەوە کە لە بنچینەدا بۆچوونی ئۆجەلانە.

ئەگەرچی ئەم ئاڵوگۆڕانەی تورکیا وا لێکدرایەوە کە دیوێکی ئەوەیە، AKP دەیەوێت گرفت لەنێوان زاناو BDP یان گەریلاو شار دروست بکات، کە تا ڕادەیەک کردوویەتی، لە لایەکیشەوە هەوڵەکانی زانا ڕەنگە سەرەنجام چارەنووسی ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە بەرەو ئەستەنبوڵ پەلکێش بکات و لە زیندانی تاکەکەسییەوە بیخەنە ماڵێک لەژێر چاودێرییەوە هاوشێوەی ئەو پرۆسەیەی لە بۆرما لەگەڵ سەرۆکی بەرەی دیموکراسی بۆرما ژنەتێکۆشەر ئانگ سان سوکی کرا، ڕەنگە ئەم بۆچوونەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئۆجەلان لەم کێشمە کێشانەدا بێدەنگ و بێ هەڵوێستە، بەڵام دیوێکی تریشی ڕەنگە پیلانێکی ئەنکەرە بێت بۆ خەریککردنی لایەنەکانی باکوور بەم کێشانەوە و دوورخستنەوەیان لە بارودۆخی سوریا و ڕۆڵی چالاکی PKK و PYD لە خۆرئاوای کوردستان، کە فاکتەری سەرەکی ڕێگری دەخاڵەتی جدی ئەنکەرەیە و مەترسی گەورەشی لە داهاتووی کوردستانی سوریا هەیە بکەوێتە دەست PKK.

دۆسیە ئەتۆمییەکەی ئێران کە بووەتە تارماییەک لە ناوچەکە و ڕۆڵی کاریگەری لەسەر نرخی نەوت و قوڵبوونەوەی قەیرانی سیاسی مێژوویی عەرەب و فارس، یان شیعە و سوننە لەنێوان ئێران لەلایەک و عەرەبستانی سعودیە و تورکیا و وڵاتانی کەنداو لەلایەک داناوە.

دانیشتنەکانی نێوان تاران و گرووپی (5+1) لە ئەستەنبوڵەوە بۆ بەغدا و دواتـر بۆ ڕوسیا ئاماژەن بۆ ملدانی ئێران بە فشارە نێودەوڵەتییەکانی خۆرئاوا بەناچاری، ئەگەرنا ڕەنگە بە فشاری ئیسرائیل و بەشداری خۆی و ئەمریکا شەڕێکی تر ڕوویـدات و بۆردوومانی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێرانی لێبکەوێتەوە. هەر ئێستا کێشەکانی ئێران و پرۆژە ئەتۆمییەکانی کاریگەری گەورەی لەسەر بواری نەوت و ململانێی

سیاسی داناوە.

لەلایەکی تریشەوە ئێران لە هاوکێشە سیاسییە نوێکان و ئاڵوگۆڕەکانی بەهاری عەرەبی بێ کاریگەر نییە لە لوبنان و عێراق، تا دەگاتە سوریا و بەحرەین و یەمەن ڕۆڵی کاریگەری هەیە، وەکو هیلالی شیعی لە کێبڕکێی سەختدایە لەگەڵا سعودیە و تورکیا، تا ئێستاش وەکو زلهێزی ناوچەیی و نوێنەری ئیسلامی شیعە ڕەفتار دەکات و لە لایەکەوە دەستی گرتووە بە سوریاوە نەڕوخێ و پاڵپشتی سەرسەختی مالیکیە لە عێراقدا و دەستێکی بە حەسەن نەسروڵلاوەیە لە لوبنان و نوێنەرێکی خۆی ناردووەتە بەحرەین بۆ ڕێبەرایەتی شیعەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام خۆشی بەدەر نییە لەوەی کە بەشێک بێت لەو ئاڵوگۆڕانە و بەهاری عەرەبی جارێکی تر ببێتە بەهاری ئێرانی، واتە ئێران لە ناوچەکەدا هەرچەندە هەوڵدراوە کە تەرک بکرێت، بەڵام ئەمریکا و ئەوروپا هێشتا بەشی مجامەلەشیان لەگەڵ ئەم وڵاتەدا تێیدا هێشتووەتەوە.

ئەگەرچی ئێران هەڕەشەکانی خۆرئاوا و ئیسرائیل بەجدی وەردەگرێت، بەڵام چوونە پای مەرجەکانی ئەوانیش مانای ئێرانێک بەرجەستە دەبێت کە دواتر چارەنووسی لە عێراقی سەدام و ئەفغانستان باشتر نابێت.

بەڵام مەترسییە ناوچەییەکانیش بۆ سەر ئێران ئەگەرچی کەم نین، بەڵام ئێران پێیوایە دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشانە ببێتەوە و شێوەکانی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەشی بە کردەوە دیارخست.

بۆ نموونە لە بەرامبەر دەخالەتی تورکیا لە سوریادا، هاوشێوەی تورکیا خەریکی هەڵوەشانەوەی پلانە چنراوەکانی تورکیایە و بە ئاشکرا پشتگیری لە مانەوەی ئەسەد دەکات و حیزبوڵلاشی لە

لوبنان جوڵاندووە، کە هەوڵ لە ناوخۆو قەیران دروست بکات و هەم لە سنوورەکانی سوریا کاریگەری هەبێت، دوور نییە (ئێران، سوریا، PKK، و حزبوڵڵا...) پلانێکی هاوبەشیان هەبێت و وادیارە کە ئەوەشی کردبێت، کە کوردەکانی عێراق هەرچۆنێک بێت دەخالەتی کەمتر بکەن قازانجی تورکیا و ماوەیەکی زۆریشە و لە ئێستاشدا شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان پاسداران و گەریلاکانی پژاک لە کوردستانی خۆرهەڵات کۆتاییهاتووە.

مەترسییەکی ناوچەیی تر، ململانێی ئێرانە لەگەڵ سعودیە و ئیمارات و بەحرەین و وڵاتانی کەنداو سەرەڕای سەردانی نەژاد بۆ دورگەکانی تونبی گەورە و بچووک و ئەبو موسا کە هەڕەشە بوو لە ئیمارات، وڵاتی بەحرەینی گیرۆدەی چارەنووسێکی نادیار کردووە، کە شیعەکان دەسـەڵات بگرنە دەست و لە سعودیەش شیعەکانی جوڵاندووە، هەڕەشەی داخستنی دوورگەی هورمز دەکات گەر فشاری بخرێتە سەر و هێشتا هەڕەشەکانیشی لە ئیسرائیل بەردەوامە.

بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی بەهاری عەرەبی پاش قسەکردنی زۆر چەند دەرئەنجامی لە دوای خۆی بەجێهێشت لەوانە:

- ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان کۆتاییان پێهات.

- هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان و بەتایبەتی ئیخوان موسلیمین لە زۆربەی وڵاتان جگە لە لیبیا پێشڕەوییان کردووە، ئەمەش لە قازانجی پرۆسەی دیموکراسی و ئازادییەکاندا نییە.

- چارەنووسی داهاتووی ئەم وڵاتانە هێشتا دیار نییە، پرۆسەی بەهاری عەرەبی هیچ کەس نازانێت بە سوریا یان ئێران یان... کۆتایی دێت؟

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەند وڵاتی یەکێتیی ئەوروپا تووشی

قەیرانی دارایی سەخت بوون، لە بابەتی یۆنان، ئیسپانیا و پورتوگال، ئارمایی ئەوەیان دروستکردووە، یەکێتیی ئەوروپا بکەوێتە بەردەم مەترسی لێکهەڵوەشانەوە، بەشێکیش بە پلانی ئەمریکای دەزانن لە دوای شکستی یەکێتیی سۆڤیەت، هەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە پێدەچێت ئەجێندای کارکردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕیبێت، گەر پشتیوانی لە ئیسلامییەکان نەکات، بە فیعلی واتە گەیشتووەتە قەناعەت کە دژایەتییان ناکات و ئاڵوگۆڕەکانی بەهاری عەرەبی ئەوەیان پێوتین.

بلۆکبەندی ڕوسیا و چین چ لە ئەنجومەنی ئاسایش، چ بە کردەیی کەشتیگەلی سەربازی ناردە سنوورەکانی سوریا و لوبنان و دەیەوێت ڕۆڵی خۆی لە ناوچەکە بەهێز بکات و دەیەوێت هەبێت و ناوچەکە بەتەنها جێی نەهێڵێت بۆ ئەمریکا و خۆرئاوا.

بەتایبەتی کە هەردوو دۆستەکەی ڕوسیا و چین لە ناوچەکە، لەبەردەم مەترسی گەورەدان (ئێران و سوریا)

بەڵام هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەمریکا چانسی بەکارهێنانی هێزی سەربازی وەکو کارت، دژی نەیاران ڕەنگە پێچەوانەی دەسەڵاتی ئۆباما بێت، گرنگترین خاڵ سەبارەت بە کورد لە ناوچەکەدا، کە ئایا چارەنووسی چی دەبێت ڕەنگە زۆر هەوڵ و هەواڵی جۆراوجۆر هەبووبن، بەڵام دەریخست سەرەڕای یەکگرتوویی، ڕووداوەکانی عێراق کاریگەری داناوە لەنێوان دوو سیاسەت و دوو بۆچوونی جیاواز، کە ڕەنگە بۆنی دابەشبوونی ناوچەیی، یان دابەشبوونی مەزهەبیشی لێبێت لەنێوان شیعە و سوننە، یان ئێران و تورکیا.

ئەم خاڵەش دەرەئەنجامی کاریگەری سیاسەتی هەرێمە لە ناوچەکە، کە کورد ناتوانێت بێلایەن بێت و یەکێتی و پارتیش وەکو دوو هێزی ئەساسی خاوەن بڕیار و بۆچوونی سیاسی و فکری لێکدانەوەی

جیاوازیان هەیە بۆ ڕووداوەکان، بەڵام گرنگە لە قازانجی کورد چۆن دەچێتە پێش.

هەرێمی کوردستان کە خاوەنی پێگەیەکی سیاسی باشە لە هەنگاونانی دیموکراسی و ئازادییەکان و بوونی ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئازاد، بەڵام ڕەهەندێکی تر کە بارودۆخی سیاسی کوردی گۆڕیوە، نەوتە، بە واتای ئەوەی خەریکە دەیکاتە هێزێکی ئابووری هاوشێوەی ئیماراتی سالانی حەفتا و هەشتاکان، نەک ئێستا بەتایبەت ئەو هەنگاوە ئازانەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت ناویەتی بۆ کردنەوەی ڕێڕەوێکی تـازەی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بە تورکیادا، هەنگاوێکی پۆزەتیفە وە ڕەنگە فشارەکانی ئێران و عێراق بۆ سەر هەرێم زیاد بکەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم پرۆتۆکۆڵە لەسەر حسابی PKK نەبێت.

بەڵام قەیرانەکانی بەغدا و هەولێر تا دێت قوڵتر دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئابووری نەوتی هەرێمیش هەیە.

مەسەلەی دەوڵەتی کوردی یەکێک بوو لە باسی گەرمی میدیاکان، بەڵام سەرەنجام دەرکەوت ناتوانێت بگاتە مەنزڵا و زیاتر لەوەی دیفاکتۆ و کارسازی بۆ کرابێت، بانگەشەی میدیاکان بوو.

چونکە دواتر دەرکـەوت نەک عیراق و تورکیا و ئێران کارتی زۆریان بەدەستەوەیە، بەڵکو ئەمریکاش گرەنتی شتی وانـادات، لە ئێستادا کورد دەبێت بیر لە درێژەدانی بە ژیان لەگەڵا عیراق بکاتەوە، ڕەنگە لە داهاتوویەکی دووریشدا بێتە دیفاکتۆ.

خۆپیشاندانەکانی 17ی شوبات لە سلێمانی و هەولێر، دوو بۆچوون و دوو ڕووداوی سیاسی بوون، کە دەرئەنجام و کۆتاییان هات، لە هەندێ شوێن بە قازانجی پرۆسەی دیموکراسی چووە پێش و لەگەڵا

ئەوەشدا ئۆپۆزسیۆنی والێکرد بەخۆداچوونەوە بکات بەخۆیداو، بێنە سەرمێزی گفتوگۆ و ئۆپۆزسیۆنیش دوو تێڕوانینی جیاوازیان بۆ دروستبوو لە هەموو ئەو ڕووداوانە، دڵنیام سیاسەتی لۆژیکی و واقیعی دەتوانێت ئیدارەی قەیرانەکان بکات و عێراق بەرەو ئارامبوونەوە بەرێت، نەک بە چارەنووسێکی نادیاری بسپێرێت و دڵنیام سیاسەتی لۆژیکی ڕۆڵی پۆزەتیڤی دەبێت، بە خاتری کورد و پرۆسەی دیموکراسی و عێراقێکی فیدراڵی ئارام.

قسەکە ئەوەیە کورد لە پاش بانگەشەی سەربەخۆیی لە پاش خۆپیشاندان و ململانێکان، ئێستا چۆن دەتوانێت لە قەیرانی مالیکی لۆژیکانە مامەڵە بکات و بتوانێت هەمو ڕەهەندەکان بخوێنێتەوە، نە مل بدات بۆ داواکانی مالیکی، نەهێزی فشاریش بێت.

نەبێتە لایەنێک لە دژایەتیکردنی شیعەکان و نەبێتە پاڵپشت بۆ سوننەکان بۆ لەسەرکار لابردنی، کە هیچ کات منەتیان لە کورد نەبووە و دۆستی نەبوون نە ببێتە لایەنگری تورکیا، کە دژی بارودۆخی کورد لە وڵاتەکەی لە دژی کوردستانی سوریا پلان دەچنێت بۆ داهاتوو و دڵیشی بە هەرێمی کوردستان زۆر خۆش نییە، بەناچاری نەبێت، واش نەکەین گوێ نەدەینە سیاسەتی ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکە و هێز و نفوزی دۆستایەتی و پەیوەندییەکانیان و بەرژەوەندییەکانیشیان لەبەرچاو نەگرین، چونکە ئێمە وەکو کورد هێزێک نین هەڕەشە بکەین و هێزێک نین بەرگەی پیلان و هەڕەشەی جدی هیچ کام لەم لایانانە بگرین چ لە بواری سەربازی و چ ئابووری، ئەمەش عەیب نییە و واقیعییە، چونکە ئێمە سەرەتای گەشەیەکی باشمانەو ڕەنگە بەشێکی ئەم ڕووداوانە ئەڵەبن بۆ کورد و لەت لەتبوونی یەکگرتوویی و دابەشبوونی شکستی توانا و ئەزموونەکانی کوردی بەدوادا بێت.

## ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە
## (11)

چۆن ئەوە ڕاستە کە نەوت و مالیکی هەرێمی کوردستان و تورکیای نزیککردەوە، لە دەرئەنجامی کێشە و قەیرانەکانی ئەم دواییە، ئەوەش ڕاستە کە قەیرانەکانی سوریا (PKK) و ئێران و سوریای لەیەک نزیککردەوە.

هەرچەندە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ئاڵوگۆڕی بازرگانی عێراق و تورکیا، بەدوای ئەڵمانیادا دێت کە ساڵانە نزیکەی (12) ملیار دۆلارە، بەپێی قسەکانی قونسوڵی تورکیا لە هەولێر ئاستی ئەو ئاڵوگۆڕە ساڵی (2012) (7, 5) ملیار دۆلار بووە و (70%)ی بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە و پێشبینی دەکرێت ئەگەر پەیوەندییە سیاسییەکان باشبن و (PKK) نەبێتە گرفتی سنوورەکان، ڕێژەی ئەو ئاڵوگۆڕە تا ساڵی (2014) بگاتە (25) ملیار دۆلار.

بەتایبەت دوای ئەوەی وەزیـری نەوتی هەرێم ڕایگەیاند کە «تا ساڵی (2014) ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕۆژانـە دەگەیەنێتە

(900, 000) بەرمیل، ئەوەشی وت کە ئیتر پێویستیان بە حکومەتی عێراق نامێنێت و بۆ سەرچاوەکانی وزە، چونکە خۆمان نەوت و گازی سروشتی دەنێرینە تورکیا و پاش پوختەکردنیشی سودی لێوەردەگرینەوە لە هەرێم».

بێگومان بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، بەتایبەت نەوت، ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە هەڵکشانی ئەم پەیوەندییانەدا، بەڵام ئامانجەکانی تورکیا لەسەر ئەم بەرژەوەندییە ئابوورییەوەن، واتە ئامانجی ستراتیژی تورکیا لەم پەیوەندییە دوو خاڵی سەرەکییە:

یەکەم: چۆن و بە چ ڕێگایەک و هەرچی بۆی دەکرێت نابێت دەرفەت لەدەست بدات بۆ دژایەتی (PKK) و کەمکردنەوەی دۆستەکانی و فراوانکردنی بەرەی دژی (PKK).

تورکیا لەم نێوەندەدا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە مالیکی ئەو نێچیرە ئاسانە نییە، بچێتە ژێر داواکانی ئەنکەرە بۆ دژایەتیکردنی (PKK).

ئەگەر چی لە چەند کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیشدا لەنێوان (ئەنکەرە، بەغداد و هەولێر) بڕیاردرابوو ژووری هەواڵگری پێکبهێنن دژی (PKK)، بەڵام هەر زوو عێراق لە نیەتەکانی ئەنکەرە تێگەیشت و پاشەکشەی کرد.

پاش ئەمەش ئەردۆگان ڕاستەوخۆ کەوتە هێرش بۆ سەر مالیکی و تەنانەت لە دیدارێکدا لەگەڵ بارزانی سەرۆکی هەرێم داوای لابردنی مالیکی کرد.

قسەکانی ئەردۆگان دیاربوو کە بۆچی وا لە مالیکی تووڕەو پڕە جگە لە (PKK)، نەچوونە پاڵ ئەو بەرەیەشە کە تورکیا سەرکردایەتی دەکات دژی ڕژێمی ئەسەد، بە واتایەکی تر مالیکی لەنێوان تاران و ئەنکەرە، دیمەشق و ئەنکەرە، ئەنکەرەی ڕەتکردەوە و بڕیاریشی دا

که ئەگەر دۆستایەتی (PKK) ناکات، دژایەتیشی نەکات، چونکە مالیکی ئەوەش باش دەزانێت هەر نەرمینواندنێک لەگەڵ (PKK) بە قازانجی سیاسەتی خۆیەتی لە عێراق و هەرێمدا، چونکە (PKK) لە نزیکەوە چاودێری پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنکەرە دەکات.

لەم پەیوەندییەدا بە ئاسانی دەتوانیت هەست بە دوو جۆر لە پەیوەندی نێوان (PKK) و (BDP) لەگەڵ یەکێتی و پارتی لە هەرێمی کوردستان بکەیت.

ئەگەر دیقەت بدەین شتێکی هەروا سادە نییە کە هەست دەکەین لە ململانێکانی ئەم دواییەشدا لە بەغدا تا درەنگانێک بۆچوونەکان لە بەرامبەر مالیکی جیاوازبوون.

وەکو چاودێرانیش پێیانوایە لە پەیوەست بە سوریاشەوە هەردوولا یەکێتی و پارتی بۆچوونیان وەک یەک نییە، ڕاستە یەکێتی وەکو پارتی لەگەڵ لابردنی ئەسەدە، بەڵام ڕۆڵ و دەخالەت و بەرژەوەندییەکانی کوردەکانی سوریا تێڕوانینی جیاوازی هەیە.

ئێران وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی ناوچەکە بێگومان ڕۆڵ و سێبەری لەسەر کوردستان و عێراق، سوریا و قەندیلیش هەیە، گواستنەوەی بەرەکانی شەڕ لە ئالانی سەردەشت و هەورامان و مەریوان... لە کوردستانی ئێرانەوە لەگەڵ پژاک بۆ جولەمێرگ و هەکاری...

مانای ئەوەیە جارێکی تر پەیوەندییەکانی ئێران و (PKK) وەها چوەتە پێشەوە بە بڕیاری (PKK) شەڕەکانی پژاک و ئێران ڕاگیراوە و گەریلاکان ڕوویان لە باکوور و خۆرئاوای کوردستان کردووە.

نیگەرانی و مەترسی گەورەی تورکیا لە داهاتووی سوریا ئەوەیە، کە (PKK) لەڕێگای (PYD– یەکێتیی دیموکراتی کوردی سوریا) و بە پاڵپشتی (ئێران و سوریا و ڕەنگە لایەنی تریش) دەستی گرتووە بەسەر

کوردستانی سوریادا و تەنانەت بەپێی سەرچاوەکان زیاتر لە (2000) فەرماندە و گەریلای خۆی ناردووەتە خۆرئاوا و ئێستا شارەوانییەکانی دروستکرد و ئەنجومەنیان پێکهێناوە و لە هەموو ناوچەکان بازگەیان داناوە و کۆنترۆڵی ناوچەکەیان کردووە، تەنانەت ڕێگا نادەن بە سوپای ئازادی سوریا بێنە ناوچەکە کە ئەنکەرە خوازیاریەتی، بەڵام کۆبوونەوەکانی خێرا خێرای ئەنکەرە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی وەکو ئەڵتەرناتیڤی (PKK) سەیردەکرێن.

بەشێک لەم سیناریۆیانە لەنێوان دەوڵەتانی ئێران لەلایەک و تورکیا و وڵاتانی کەنداو لەلایەکی ترەوە پەیوەندی بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لە کوردستان و حکومەتی عێراقەوە هەیە.

ئەوە ڕوونە کە ئێران لە پشتی سوریاوە وەستاوە، تورکیا و سعودیەش هەرچی چۆنێکە دەیانەوێت بیڕووخێنن، بەڵام وەکو پێشتر وتمان جەمسەرە بچووکەکانیش، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی خۆی هەیە جگە لە (PKK) و حزبوڵڵا...

بۆیە تورکیاش سوود لەم جەمسەرە بچووکانەش وەردەگرێت لە بابەتی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی سوریا و هەرێمی کوردستانیش، واتە هاوکێشەکان و ئاڵوگۆڕی سوریا بە کەوتنی بە قازانجی هێزە سوننییەکان و تورکیا تەواو دەبێت، پێچەوانەکەشی مانەوەی ئەسەدە بە قازانجی هێزی شیعی و هیلالی شیعی تەواو دەبێت، ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی ئێران بارودۆخی وەکو تورکیا و سعودیە و لەبار نییە چ لە بواری سیاسی، چ لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی...

ئێران لەلایەکەوە ڕۆژبەڕۆژ دەکەوێتە ژێر گەمارۆی وڵاتانی خۆرئاواو فشاری زۆرتری لێدەکرێت و ناچارکراوە بێتە پای دانیشتنی گرووپی (5+1) لە بەغدا و ئەستەنبوڵ و مۆسکۆ و دەست لە پیتاندنی

یۆرانیۆم هەڵبگرێت بە ڕێژەی (20%) تیمەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆم بگەڕێنەوە و دەبێت ئێران خاڵی بکرێتەوە لە چەکی ئەتۆمی، ئەگەر نا ڕەنگە فشارەکان تەنها لە گەمارۆی ئێران نەوەستێت، بەڵکو یەکێکی تر لە ئەڵتەرناتیڤەکان ئیسرائیلە کە هەمیشە هەڕەشەی وەشاندنی گورزی سەربازی دەکات.

داخڵبوونی ئێران لە کۆبوونەوەکانی گرووپی (5+1) بە نیەت و مەرامێک بوو، بەڵکو هەرچۆنێک بێت بتوانێت قەناعەت بە خۆرئاوا بکات واز لە ڕووخانی ئەسەد بهێنن و فشارەکان لەسەر خۆشی کەمبکەنەوە، بەڵام وادیارە ئێران وەڵامێکی پۆزەتیڤی وەرنەگرتووە بۆیە لە دانیشتنەکانی ساردبووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی لە بواری ئابووری زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوا بڕیاریان داوە نەوت لە ئێران نەکڕن و تووشی قەیرانی دارایی بێنەوە، هەر ئێستا نرخی دراوی ئێران (ریال) لە بازاڕ و بانکەکانی نێودەوڵەتی تووشی بێ ئەرزشی و هەڵاوسان و بێمتمانەیی بووەتەوە.

نرخی کاڵاو کەلوپەل لە ناوخۆ چەندین قات چووەتە سەر و گوزەرانی خەڵک لەجاران زۆر خراپترە، بانکەکانی ئێران ناتوانن مامەڵەی یاسایی و دارایی ئاسایی بکەن.

ئازادییەکان هیچ وجودیان نییە و هیچ کەناڵ و میدیا و هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لەم وڵاتەدا نییە، نەتەوەکانی وەک کورد و بلوج و ئازەر و عەرەب... بێمافترین کەمینەی ئەم وڵاتەن، بۆیە ئێران لە ناوچەکەدا ئەگەر هێشتا قسەی ماوە، بەڵام ئاسان نییە دەرەقەتی ڕکابەرەکانی بێت (تورکیا و سعودیە)، چونکە ئەم دوو ڕکابەرەی چ لەسەر ئاستی ناوچە دوو دەوڵەتی خاوەن سیاسەت و ئازادی و ئابووری تایبەت و گەشەکردووی خۆیانن، دەکرێت لە هەموو لایەکەوە چانس و

چارەنووسی ئەم دوو ڕکابەرەی ئێران باشتربێت.

هەر ئێستا عەرەبستانی سعودی بۆ تێکشکاندنی هەیمەنە و ئابووری ئێران ڕۆژانە قەرەبووی ئەو نەوتە دەکاتەوە کە ئێران ناتوانێت بیفرۆشێت، بۆ سوریاش لە وڵاتانی کەنداو بگرە خۆرئاواش ئەگەر ئێران بە پاڵپشتی ئەسەد دەزانن، تورکیاش بووەتە ڕکابەری ئێران و ڕووخانی ئەسەد...

بەڵام خاڵێک کە سوریا و ئێران و تورکیاش ڕێکن لەسەری لەم هاوکێشەیەدا، یان وردتر بڵێم تورکیا و ئێران و بگرە تێڕوانینیان بۆ هەرێمی کوردستانیش ئەوەیە، کە لەگەڵ ماف و خواستی خەڵکی کورد نین، نە ئێران بۆ کوردەکانی خۆی، نە تورکیا بۆ کوردەکانی خۆی و نە هیچیشیان بۆ کوردەکانی سوریا ماف و ڕەوایەتی خەڵک بە هەق دەزانن، بەڵکو تاکە شتێک کە پەیوەستن پێوەی، هەیمەنە و بەرژەوەندییەکانی خۆیانن.

ئەوەی پرسیارە لەناو ئەم هاوکێشانەدا، ئەوەیە ئایا گەشەکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیایە کە تورکیا ئەندازیاری دروستکردنییەتی، لە پێناوی چیدایە، ئایا تورکیا ئامادەیە لە ئایندەدا دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێت لە باشوور؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە قسەیەکی سادە هەیە کە دەڵێت «تورکیا دەوڵەتی کوردی دەوێت، بەڵام لەسەر مانگ» کە ڕێک ئەمە بە درێژایی مێژوو قەناعەت و بیروباوەڕی تورکیا بووە بەرامبەر کوردو دەوڵەتی کوردی.

هەر بۆیە دەکرێت بڵێین بە یەکێک لە فاکتەرەکانی نزیکبوونەوەی تورکیا لە هەرێم بۆ دوورخستنەوەی کوردە لە بیری دەوڵەتی سەربەخۆ پاشان بەرژەوەندی نەوت و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، لە بابەتی

ئەوەی وا بڕیارە تا ساڵی (2013) تۆڕی بۆری نەوت بۆ گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا دابمەزرێت.

ئەمەش لە دوایین سەردانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بۆ تورکیا و بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی ئابووری ئەستەنبوڵ و باسکردنی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ بەرپرسانی تورک و بەشداربووانی کۆڕبەندەکە.

جیا لەوەش بەپێی ئامارەکان تا ساڵی (2011) زیاتر لە (900) کۆمپانیای تورکی هاتوونەتە هەرێمی کوردستانەوە، کە ئەمەش دەکاتە (55%)ی ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، واتە تورکیا پلەی یەکەمی هەیە.

دیارە لەسەر ئاستی ناوچەیش تورکیا دەیەوێت لە هەرێمی کوردستان ئامادەگی گەورەی هەبێت، چ لە بواری سیاسی چ لە بواری ئابووری و سەربازی و مخابەراتیش، بەتایبەتی کە دەیەوێت لە ئێرانی ڕکابەری ئامادەگی زیاتری هەبێت و بگرە لە بەغدایش کاریگەرتربێت. بێگومان ئەم سیاسەتەش شتێکی تازە نییە، چونکە دوای لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بە هەمان کێبڕکێی نێوان ئێران و تورکیا لەسەر کۆمارە تازە سەربەخۆ تورک و فارس زمانەکان لە ئەودیوی ئاسیا و کافکاس دروستبوو، بە هەمان شێوەی ئەوەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام تاکە جیاوازی ئەوە بوو کە ئەوکات ئەم دوو دەوڵەتە زلهێزەی ناوچەکە مامەڵەیان لەگەڵ دەوڵەتان دەکرد، لە ئێستادا لەگەڵ هەرێمێکی دوو حزبی، بە واتایەکی تر، ڕوونە کە پەیوەندی پارتی لەگەڵ تورکیا بە هاوشێوەی ئەو پەیوەندییانەی نێوان یەکێتی و ئێران نییە و پێچەوانەکەشی ڕاستە کە هەرکامیان دوو ناوچەی جیاوازیان لەبەردەستدایە.

هەربۆیە ئامادەگی سێبەری سیاسەتی ئێرانی لە ناوچەکەدا کە لە بەسرەوە دەست پێ دەکات و بە نەجەف و کەربەلادا دێت تا دەگاتە بەغدا و دیالە و بەشێکی کوردستانیش.

بەڵام لە ئاستی عێراقدا پێگەی تورکیا بەشێوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی بەشێکی هەرێمی کوردستان، تا ڕادەیەکیش موسڵ تەنانەت لە ناوچە سنوورییەکانی دهۆک پێگەی سەربازیشی هەیە، گوایە بۆ چاودێریکردنی (PKK)یە لە ناوچەکە و لەدوای شەڕی ناوخۆشەوە لەو شوێنانە نەکشایەوە.

بەڵام وەکو پێشتر دیمان لە ڕووداوە سیاسییەکان و هاوکێشە سیاسییەکان ئاڵوگۆڕی نوێیان لە هەموو لایەنەکانی ناوچەکەدا پێکهێناوە، بەتایبەتی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی کاریگەری گەورەیان دانا لەسەر ململانێی نوێ لە ناوچەکەدا.

واتە تورکیا هەر زوو ویستی ڕۆڵی خۆی فراوان بکات لەو وڵاتانی لیبیا، میسر و تونس و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو.

بە هەمان شێوە ئێرانیش ڕۆڵی خۆی گێڕا لە سوریا و یەمەن و بەحرەین تا گەیشتە عێراق و هەرێمی کوردستانیش.

بەڵام کێبڕکێی نێوان ئێران و تورکیا کاتێک بە قوڵی بینرا کە قەیرانەکانی سوریا درێژەیان کێشا، بەداخەوە کە کورد لە قەیرانەکانی سوریا بە دوو ئاراستە کاردەکات، واتە هەرچی (PKK) و (PYD) شەرمنانە باس لە ڕووخانی ئەسەد دەکەن و ناراستەوخۆ لە بەرەی ئێرانە و گومانیش دەکرێت دانیشتنی نهێنی لەنێوان ئێران و سەرۆکایەتی (PKK) بووبێت، هەرچی یەکێتی و پارتیشە، ئەگەرچی تێڕوانینی جیاوازیان سەبارەت بە قەیرانەکانی سوریا هەیە، ئەم تێڕوانینەی یەکێتی لەگەڵ تێڕوانینی تورکیا جیاوازە، ئەگەرچی هەردوولا هەوڵدەدەن

ڕژێمی ئەسەد کۆتایی بهێنێت، بەڵام تێڕوانینی یەکێتی ئاوایە، وەکو ئەوەی کوردەکانی سوریا بەشێکە لە کوردستان و داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستانی سوریا دەکات و ئامانجی بەدیهێنانی دیموکراسییە بۆ خەڵکی کوردستان و گەلی سوریا.

پشتگیری بەشێک لە هێزە نەتەوەیی و لیبراڵ و عەلمانییە بچووکەکانیش دەکات، لەپاڵ ئەوەی پێدەچێت پشتگیری لە (PYD) بکات وەکو هێزێکی سەرەکی کوردستانی سوریا کە وەکو باڵی (PKK) سەیر دەکرێت.

ئەگەرچی پارتیش هەمان هەڵوێستی یەکێتی هەیە بەرامبەر کوردەکانی سوریا بە بەشێک لە هاوڵاتی کورد سەیریان دەکات و داوای ڕزگاریان بۆ دەکات.

تەنانەت پشتگیری بەشێک لە هێزە سیاسییە بچووکەکان، دەکات کە خاوەنی ئایدیایەکی نەتەوەیین، ڕەنگە جیاوازییان لەگەڵ یەکێتی ئەوە بێت، کە پارتی بەوپێیەی لەم ڕووداوانەدا لە تورکیاوە نزیکە و تا ڕادەیەک ئەجێندای کارکردنیان بۆ سوریا لە یەکەوە نزیکە، هەر بۆیە پارتی زۆر هاریکاری (PYD) ناکەن و پەیوەندییەکانیش لەگەڵ (PKK) و (BDP) لەپێش نییە.

ئەگەر چی ڕەنگە ئەم بۆچوونە جیاوازانەی یەکێتی و پارتی بە شتێکی غەریب بزانرێت، بەڵام کارێکی ئاساییە کە هەردوولا بۆچوونی جیاوازیان هەبێت و ڕەنگە لە داهاتووشدا ئەم جیاوازییانە هەبن و دەبێت لەوەش تێبگەین جیاوازی سیاسەت و ستراتیژی دوو هێزی سەرەکی یەکێتی و پارتی لە ناوچەکە، کە کاریگەرییان هەیە، شتێکی نامەنتیقی نییە.

وەکو پێشتر لەسەر مەسەلەی بانگەشە بۆ مەسەلەی ڕاگەیاندنی

دەوڵەتی کوردی و پرسەکانی پەیوەست بەو مەسەلەیەوە دوو تێڕوانینی جیاوازیان هەبوو.

دوای ئەوەش لەسەر مەسەلەی لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی تێڕوانینی یەکێتی تێڕوانینێکی جیاوازتربوو، کە پێیوایە ئەم کارە لە ئێستادا قازانج بە کورد لە هەرێم و عێراقدا ناکات و نیگەرانی ئەوەش هەبوو، کە نازانرێت ئەڵتەرناتیڤی مالیکی کێیە و گرەنتی چییە کە لەو باشترە و جگە لەوەش یەکێتی پێیوابوو ئەم کارە پەیوەندی دۆستایەتی نێوان کورد و شیعە، کە پەیوەندییەکی مێژینەیی و ستراتیژییە، پەیوەندی سوننە و کورد دەخاتە مەترسییەوە.

وەکو چۆن پەیوەندییەکانی سوننە و پارتی لەم قەیرانانەدا بە ئاراستەیەک ڕۆیشت کە هەم نزیکتربێتەوە لە سوننە و هەم والێکدرایەوە کە پارتی پشتیوانی لە تێڕوانینەکانی تورکیا دەکات، لەپاڵ سعودیە و ئیمارات و قەتەر بۆ کێشەکە کە ئەوەش ڕەنگە ڕاست نەبێت.

واتە ئەم دو تێڕوانینە جیاوازە لە چۆن دوو تێڕوانینی سیاسی بوون، بەهەمان شێوە لە دوو تێڕوانینیش بوون کە دەکرێت وەکو سەرەتایەک سەیربکرێت، بەڵام گرنگ لەسەر مەسەلەی نیشتمان و مەبدەئی و نەتەوەیی کە هەردووکیان لەسەر ئەم چەمکە ڕێکن گەورەتر لەنێوان یەکێتی و پارتی.

لە پەیوەست بە بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، مەسەلەی نەوت و مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق و وڵاتی تورکیاو ئێران و مەسەلەکانی شیعە و سوننە و ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان...

بەڵام جیاوازییەکان پەیوەستن بەوەی کە تا چەند دەبنە ململانێی سیاسی تەندروست بە پراکتیزەکردنی پێوەرەکانی دیموکراسی، چونکە ئەم دوو هێزە چەند خاڵی هاوبەشیان هەبێت ڕەنگە جیاوازیشیان

هەبێت.

چەندە هاوبەشیشن لە حکومەتدا، بەڵام ستراتیژیان بۆ زۆر لەو مەسەلانەی سەرەوە ڕەهەندی جیاوازیان هەیە.

بۆیە لەمەودوا تێڕوانین و جیاوازییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بۆ بارودۆخی سیاسی کوردستان و کوردستانی خۆرئاوا و تورکیا و ئێران و ڕووداوەکانی ناوچەکە دەبێت ئاسایی سەیربکرێت، چونکە ئەگەر قەراربێت وەکو یەک بیربکەنەوە، کەواتە شتێکی تازە نابینین.

## چەند ئامار و زانیاری تایبەت بە ڕووداوەکانی وڵاتانی بەهاری عەرەبی و ناوچەکە

ئەم ئامارانە پەیوەستن بە سەردەمی سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و مێژووی سیاسیانەو وڵاتانە، ڕەنگە هەندێکیان بۆ ئێستا کۆن بووبن. بەڵام بێگومان گرنگی خۆیان هەیە.

## یەکەم: خۆرهەڵاتی ناوەڕاست
## خۆپیشاندانەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەهەژێنێت

**(1)**

میسر: لەدوای ڕووخانی حکومەتەکەی حوسنی موبارەک ڕژێمی سەربازی نوێ داوا لە کرێکاران دەکات کۆتایی بە مانگرتنەکان بهێنن، سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن کە پشتیوانی لە دیموکراتی دەکەن و ڕێکخەری ئاهەنگی گەورەی ڕێپێوانی سەرکەوتنن، ئاماژە بە بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکانی نارەزایی دەربڕین دەکەن تا ئەو کاتەی داواکاری و گۆرانکارییەکان دێنەدی.

جەزائیر: سەدان خۆپیشاندەری ناڕازیی لە جەزائیری پایتەخت دەستگیر دەکرێن پارت و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پێناو گۆڕینی حکومەت ئاماژە بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانی نارەزایی دەربڕین دەکەن لە هەموو کۆتایی هەفتەیەکدا.

دەسەڵاتداران ئاماژە بە هەڵگرتنی باری نائاسایی دەکەن کە بۆ 20 ساڵ دەچێت لەو وڵاتەدا کاری پێ دەکرێت.

سـودان: ژنان لـەدەرەوەی دەزگاکانی ئاسایش کۆدەبنەوە و داوای

ئازادکردنی کەسوکاریان دەکەن کە پێشتر بەهۆی ئەو خۆپیشاندانەوە دەستگیرکرابوون، کە دوای ڕووداوەکانی میسر لەو وڵاتەدا سازکران.

رووبەری خۆپیشاندانەکانی ناڕەزایی دەربڕین سەبارەت بە نرخی مەوادە خۆراکییەکان و مافی مرۆڤ بەرفراوانتر دەبێت و داواکاری هاوشێوەی میسر و تونس بۆ گۆڕانکاری سیاسی لەو وڵاتەدا دەگرێتەوە.

ئێران: لە یەکەم نمایشی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتدا لە دوای ساڵی 2009–وە هەزاران لایەنگری ئۆپۆزسیۆن لە تارانی پایتەخت خۆپیشاندانی پشتیوانی بۆ ڕاپەڕینەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا ساز دەکەن.

دەیـان کـەس دەستبەسەر دەکرێن و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن نیشتەجێبوونی زۆرەملێیان بەسەردا دەسەپێنرێت.

تونس: لـەدوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سـەرۆک بن عەلی حکومەت هەنگاوێکی ئەوتۆی ڕووە و سەقامگیری لەو وڵاتەدا هەڵنەناوە، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ناڕەزایی دەربڕین بەردەوامن و ئابوورییان لەگەڕ خستووە، هەواڵی ئەوە هەیە کە تەوژمێکی کۆچبەران ڕووە و ئەوروپا دەست پێ بکات.

بەحرەین: لەدوای ئەو خۆپیشاندانەی کە بەهۆی ڕاپەڕینەکانی میسر و تونسەوە هاتنە ئارا، هێزەکانی پۆلیس گازی فرمێسکڕێژ و گوللەی پلاستیکیان دژ بەو خۆپیشاندەرانە بەکارهێنا کە لە خۆپیشاندانەکانی ناڕەزایی دەربڕینی ڕۆژی تووڕەبووندا بەشدارییان کرد.

زۆرینەی شیعە لە بەحرەین بارەگای ئسنوڵی پێنجەمی ئەمریکا دەمێکە داوای لە خانەوادەی فەرمانڕەوا کردووە کە مافی سیاسی زیاتر بۆ هاوڵاتییان فەراهەم بکات.

یەمەن: لە چوار ڕۆژی کۆتایی خۆپیشاندان لەو وڵاتە خۆپیشاندەران لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس و لایەنگرانی سەرۆک ساڵح دا پێکدا هەڵپژان، ساڵح کە بەڵێنی دا خۆی بۆ ماوەیەکی تری سەرۆکایەتی هەڵنەبژێرێتەوە

که ماوەی سەرۆکایەتی ئێستای لە 2013دا کۆتایی دێت داوای وتووێژی لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن کردووە.

ئەردەن: لەدوای لەسەر کارلابردنی حکومەتەکەی ڕەفاعی و بەهۆی دەیان خۆپیشاندانی دژ بە حکومەت شا عەبدوڵڵا مەعروف ئەلبخیت بە پێکهاتنی حکومەتی نوێ ڕادەسپێرێت، کە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەنجامدانی چاکسازیکردن دەبێت لە دەستووردا.

ئۆپۆزسیۆن کە لە خێڵەکان و ئیسلامییەکان پێکدێت بۆ سنووردانان بۆ دەسەڵاتەکانی عەرشی شاهانەی ئەو وڵاتە داوای هەڵنانی هەنگاوی پراکتیکی بەرەو سیستمێکی شاهانەی دەستووری دەکات.

## خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (2)



ئێران: ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی (لە –1989وە لەحوکمدایە)

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 75, 1ملیۆن |
| ناوەندی تەمەن: | 26, 3ساڵ |
| داهاتی تاک: | 10, 900دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 14, 6% |
| بەرهەمی نەوت: | 4, 2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا |

یەمەن: سەرۆک عەلی عەبدوڵڵا ساڵح (1978)

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 24, 3 ملیۆن |
| ناوەندی تەمەن: | 17, 9 ساڵ |
| داهاتی تاک: | 1, 06 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 35% |
| بەرهەمی نەوت: | 287, 000 بەرمیل لە ڕۆژیکدا |

بەحرین: شا حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە (1999)
ژمارەی دانیشتووان: 807, 000 هەزار
ناوەندی تەمەن: 30, 4 ساڵ
داهاتی تاک: 40, 400 دۆلار

سعودیە: شا عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز (2005)
ژماری دانیشتووان: 25, 7 ملیۆن
ناوەندی تەمەن: 24, 9 ساڵ
دهاتی تاک: 24, 200 دۆلار

سوریا: سەرۆک بەشار ئەسەد (2000)
ژمارەی دانیشتووان: 22, 2 ملیۆن
ناوەندی تەمەن: 21, 5 ساڵ
داهاتی تاک: 4, 800 دۆلار
ڕێژەی بێکاری: 8, 3%

ئەردەن: شا عەبدڵڵای دووەم (1999)
ژمارەی دانیشتووان: 5, 7 ملیۆن
ناوەندی تەمەن: 21, 8 ساڵ
داهاتی تاک: 5, 100 دۆلار
ڕێژەی بێکاری: 11, 9%
بەرهەمی نەوت: بەرهەمهێنەر نییە

میسر: سەرۆک حوسنی موبارەک (1981–2011)

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 84, 5 ملیۆن |
| ناوەندی تەمەن: | 24, 0 ساڵ |
| داهاتی تاک: | 1, 991 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 9, 4% |
| بەرهەمی نەوت: | 678, 000 بەرمیل لە رۆژێکدا |

لیبیا: سەرهەنگ موعەمەر قەزافی (1969)

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 6, 5 ملیۆن |
| ناوەندی تەمەن: | 24, 2 ساڵ |
| داهاتی تاک: | 14, 802 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 13, 0% |
| بەرهەمی نەوت: | 1, 8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا |

تونس: سەرۆک زەین ئەلعابدین بن عەلی (1987–2011)

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 10, 4 ملیۆن |
| ناوەندی تەمەن: | 29, 7 ساڵ |
| داهاتی تاک: | 3, 903 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 13, 3% |
| بەرهەمی نەوت: | 91, 000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا |

جەزائیر: سەرۆک عەبدولعەزیز بوتەفلیقە (1999)

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 35, 4 ملیۆن |
| ناوەندی تەمەن: | 27, 1 ساڵ |
| داهاتی تاک: | 4, 845 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 10, 0% |
| بەرهەمی نەوت: | 2, 1 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا |

مەغریب: شا محەمەدی شەشەم (1999)

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 32, 3 ملیۆن |
| ناوەندی تەمەن: | 26, 5 ساڵ |
| داهاتی تاک: | 2, 769 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 10, 0% |
| بەرهەمی نەوت: | 3, 938 بەرمیل لە ڕۆژێکدا |

## وڵاتی عەرەبی و ڕەشەبای گۆڕانکارییەکان
## (3)

**1ـ میسر:** دوای نۆ ڕۆژ لە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین، سەرۆک حوسنی موبارەک ڕایدەگەیەنێت کە خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کاندید ناکات، کە بڕیارە لە ئەیلوولی داهاتوو (2012) لەو وڵاتەدا بەڕێوەبچێت. ئەو هەنگاوە پێکدادانی نێوان لایەنگرانی موبارەک و ئەو خۆپیشاندەرانە توندتر دەکات کە داوا دەکەن ڕاستەوخۆ موبارەک دەست لەکار بکێشێتەوە.

ژمارەی دانیشتووان: 80, 5 ملیۆن کەس

ناوەندی تەمەن: 24

بێکاری: 9, 7%

لەژێر هێڵی هەژاریدا: 20%

**2ـ ئەردەن:** دوای نارەزایی دەربڕینی هەزاران کەس لە شارە گەورەکاندا، شا عەبدوڵڵای دووەم حکومەت لەسەر کار لادەبات و فەرمان بە سەرۆک وەزیرانی نوێ دەکات تا چاکسازی سیاسی لەو

وڵاتەدا ئەنجام بدات. ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی کە ئاماژە بەوە دەکات نایەوێت پادشا بڕووخێت ئەو هەنگاوە ڕەت دەکاتەوە و بە ناکامڵی دایدەنێت.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 6, 4 ملیۆن کەس |
| ناوەندی تەمەن: | 21, 8 |
| بێکاری: | 13, 4% |
| لەژێر هێڵی هەژارییدا: | 14, 2% |

3- **یەمەن:** سەرۆک عەلی عەبدوڵڵا ساڵح کە ماوەی حکومڕانییەکەی 30 ساڵ درێژەی کێشاوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی لە ساڵی -2013دا هەوڵ بۆ درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی لە پۆستی سەرۆکایەتیدا نادات و بەڵێنیش دەدات کوڕەکەی نەکاتە جێنشینی خۆی. ساڵح داوا لە ئۆپۆزسیۆن دەکات خۆپیشاندانی ناڕەزایی دەربڕین ئەنجام نەدات.

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 23, 5 ملیۆن کەس |
| بێکاری: | 35% |
| ناوەندی تەمەن: | 17, 9 |
| لەژێر هێڵی هەژارییدا: | 45, 2% |

4- **سوریا:** سەرۆک بەشار ئەلئەسەد کە لە ساڵی 2000دا لە باوکییەوە حکومڕانی سوریای بۆ مایەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە وڵاتەکەی بە قۆناغێکی چاکسازی سیاسیدا تێدەپەڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئۆپۆزسیۆن بانگەواز بۆ سازدانی خۆپیشاندان دەکات.

ژمارەی دانیشتووان: 22, 2 ملیۆن کەس
بێکاری: 8, 3%
ناوەندی تەمەن: 21, 5
لەژێر هێڵی هەژارییدا: 11, 9%

**5- کەناری خۆرئاوا و کەرتی غەززە:** مەحمود عەباس سەرۆکی دەسەڵاتی فەڵەستین بەڵێنی دا هەڵبژاردنی ناوچەیی کە لە مانگی حوزەیرانی ڕابــردوودا بڕیاربوو ئەنجام بدرێت، بەزووترین کات ڕێکبخرێت ئەو هەنگاوە لە ناکاوە وەک کاردانەوەیەک بۆ مەترسی بڵاوبوونەوەی تەنگەژەکانی هاوشێوەی تەنگەژەکانی میسر لە نێوان فەلەستینییەکاندا تەماشا دەکرێت.

ژمارەی دانیشتووان: 2, 5 ملیۆن کەس
بێکاری: 35%
ناوەندی تەمەن: 29, 9
لەژێر هێڵی هەژارییدا: 45, 2%

## بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک،
## خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری پشێویی دەکات
## (4)

نرخی خۆراک لە ئێستادا (27%) هێندەیساڵی پار بەرزترە، کە بەپێی ڕاپۆرتیکی بانکی نێودەوڵەتی بووەتە فاکتەریکی کەڵەکەبوو، ئەمە لەکاتێکدایە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تاوتوێی چارەسەرکردنی هۆکارەکانی ئەو پشێوییە کۆمەڵایەتییە دەکەن.

**1- ئێران**

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 75, 1ملیۆن کەس |
| بەشی تاکەکەس: | 10, 900دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 14, 6% |
| تێچووی کەرەستەی خۆراک: | 41, 6% |

**2- بەحرین**

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 807.000 هەزار |
| بەشی تاکەکەس: | 40, 400 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 15% |
| تێچووی کەرەستەی خۆراک: | 32, 0% |

**3- سعودیە**

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 25, 7 ملیۆن |
| بەشی تاکەکەس: | 24, 200 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 10, 5% |
| تێچووی کەرەستەی خۆراک: | 41, 6% |

**4- یەمەن**

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 24, 3 ملیۆن |
| بەشی تاکەکەس: | 1, 060 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 35, 0% |
| تێچووی کەرەستەی خۆراک: | 41, 7% |

**5- سوریا**

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 22, 2 ملیۆن |
| بەشی تاکەکەس: | 4, 800 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 8, 3% |
| تێچووی کەرەستەی خۆراک: | 50, 0% |

**6-ئەردەن**

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 5, 7 ملیۆن |
| بەشی تاکەکەسی: | 5, 100 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 11, 9% |
| تێچووی کەرەستەی خۆراک: | 39, 4% |

**7- میسر**

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 84, 5 ملیۆن |
| بەشی تاکەکەس: | 1, 991 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 9, 4% |
| تێچووی کەرەستەی خۆراک: | 48, 1% |

**8- سودان**

ژمارەی دانیشتووان: 43.2 ملیۆن

بەشی ئاکەکەس: 1, 353 دۆلار

ڕێژەی بێکاری: 18, 7%

ئێچووی کەرەستەی خۆراک: 52, 9%

**9- لیبیا**

ژمارەی دانیشتووان: 6, 5 ملیۆن

بەشی ئاکەکەس: 14, 802 دۆلار

ڕێژەی بێکاری: 13, 0%

ئێچووی کەرەستەی خۆراک: 37, 2%

**10- تونس**

ژمارەی دانیشتووان: 10, 4 ملیۆن

بەشی ئاکەکەس: 3, 903 دۆلار

ڕێژەی بێکاری: 13, 3%

ئێچووی کەرەستەی خۆراک: 75, 0%

**11- جەزائیر**

ژمارەی دانیشتووان: 35, 4 ملیۆن

بەشی ئاکەکەس: 4, 845 دۆلار

ڕێژەی بێکاری: 10, 0%

ئێچووی کەرەستەی خۆراک: 53, 0%

**12-مەغریب**

ژمارەی دانیشتووان: 32, 3 ملیۆن

بەشی ئاکەکەس: 2, 769 دۆلار

ڕێژەی بێکاری: 10, 0%

ئێچووی کەرەستەی خۆراک: 63, 0%

| ولات | جەزائیر | تونس | لیبیا | لوبنان | مەغریب | سعودیە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان | 34,6 ملیۆن | 10,6 | 6,4 | 4,1 | 31,6 | 25,7 |
| بێکاری | %9,9 | %14 | %30 | - | %9,8 | %10,8 |
| ناوەندی تەمەن | 27,1 | 29,7 | 24,2 | 29,4 | 26,5 | 24,9 |
| لەژێر هێڵی هەژارییدا | %23 | %3,8 | %33 | %28 | %14 | - |

## گەشەکردنی ئینتەرنێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی هەبووە

(5)

| ولات | ژمارەی دانیشتووان | بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە 2006 | بەکارهێنانی بە گوێرەی دوا زانیارییەکان | ڕێژەی بەکارهێنان | بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | گەشەکردن لەماوەی 2000-2006 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەحرەین | 723,039 | 40,000 | 152,700 | %21,1 | %0,8 | %281,8 |
| ئێران | 69,442,905 | 250,000 | 7,500,000 | %10,8 | %39,4 | %2,900 |
| عێراق | 26,628,187 | 12,500 | 36,000 | %0,1 | %0,2 | %188,0 |
| ئەردەن | 5,282,558 | 127,300 | 629,500 | %11,9 | %3,3 | %394,5 |
| کوەیت | 2,630,775 | 150,000 | 700,000 | %26,6 | %3,7 | %366,7 |
| لوبنان | 4,509,678 | 300,000 | 700,000 | %15,5 | %3,7 | %133,3 |
| عومان | 2,424,422 | 90,000 | 245,000 | %10,1 | %1,3 | %172,2 |
| فەڵەستین | 3,259,363 | 35,000 | 243,000 | %7,5 | %1,3 | %594,2 |
| قەتەر | 795,585 | 30,000 | 165,000 | %20,7 | %0,9 | %450,0 |
| سعودیە | 23,595,634 | 200,000 | 2,540,000 | %10,8 | %13,3 | %1,170,0 |
| سوریا | 19,046,520 | 30,000 | 800,000 | %4,2 | %4,2 | %2,566,7 |
| ئیمارات | 3,870,939 | 735,000 | 1,397,2000 | %36,1 | %7,3 | %90,1 |
| یەمەن | 20,764,630 | 15,000 | 220,000 | %1,1 | %1,2 | %1,366,7 |
| کۆ | 190,084,161 | 3,284,800 | 19,028,400 | %10,0 | %100,0 | %479,3 |

## دووەم: تونس

پاش (23) ساڵ حوکمڕانی وڵاتی تونس زین عابدین لە (2011/1/14) و لە تەمەنی (74)ساڵیدا بەناچاری وازی لە پۆستەکەی هێنا.

داهاتی سەرۆکی تونس بە زیاتر لە (60) ملیار دۆلار دادەنرێت.

ڕێژەی بێکاری لە تونس (30, 4%)، ڕێژەی خوێندەواری (78%)، ڕێژەی گەندەڵی (59%) و ڕێژەی هەژاری (6, 7%).

| | |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتووان: | 10, 4 ملیۆن |
| بەشی تاکەکەس: | 3, 903 دۆلار |
| ڕێژەی بێکاری: | 13, 3% |
| تێچووی کەرەستەی خۆراک: | 75, 0% |



## سێیەم: لیبیا
## خانەوادەی قەزافی
## (1)

**موعەمەر قەزافی**

(68) ساڵ تەمەندرێژترین دەسەڵاتی هەبووە لە ئەفەریقا و جیهانی عەرەبی. ماوەی 42 ساڵ جڵەوی دەسەڵاتی لیبیای بەدەستەوە بوو.

پاش (42) ساڵ لە حوکمی لیبیا موعەمەر قەزافی لە (2011) و لە تەمەنی (68) ساڵیدا کوژرا، لە ساڵی (1969) لەڕێگای کودەتایەکی سەربازییەوە حوکمی گرتەدەست.

**ژنی یەکەم: فەتیحە خالید**

باس لەوە دەکەن کە قەزافی بەر لەوەی بیکاتە خێزانی خۆی.

چاوی پێی نەکەوتووە.
یەک کوڕی لێی بووە و پاشان دوای شەش مانگ لێی جیابووەتەوە.
* نازناوەکەی ئەئکید نەکراوەتەوە.

**ژنی دووەم: سەفییە فرکاش**

دایکی حەوت منداڵی قەزافیە و دوو منداڵی دیکەشی بەناوی (میلاد و هناو)ەوە هەڵگرتووەتەوە.

دەگوترێت میلاد ژیانی قەزافی ڕزگارکردووە لەکاتی بۆردوومانەکەی ئەمریکا بۆ ئەرابلوس لە ساڵی 1986، هەنا کە لەو دەمەدا تەمەنی چوار ساڵان بوو، لە بۆردوومانەکەدا دەکوژرێت.

**محەمەد (40) ساڵ**

کوڕە گەورەی قەزافی، سەرۆکی لیژنەی ئۆلمپی لیبیا بووە.
سەیف ئەلئیسلام (38) ساڵ

بەردەوام وەک جێگرەوەی باوکی دەردەکەوت. لەم ماوەیەی دواییدا دەرکەوت و هۆشیاری دا لە دروستبوونی جەنگی ناوخۆ لە لیبیا.

**ئەلساعدی (37) ساڵ**

پێشتر یاریکەرێکی پیشەوەری تۆپی پێ بووە، یەکێتیی تۆپی پێی لیبیای بەڕێوە دەبرد.

**موعتەسەم (36) ساڵ**

پێشتر ئەفسەر بوو لە سوپادا و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بوو.

**هانیباڵ (35)ساڵ**

بۆ ماوەیەکی کەم بەهۆی تۆمەتبارکردنی لە دەستدرێژیکردنەکەی لە ساڵی 2008 دەستگیرکرا، کە بووە مایەی تێکچوونی پەیوەندییە.

**سەیف ئەلعەرەب (29) ساڵ**

لە ساڵی 2008دا بە قاچاخچێتیکردن بە چەکەوە تۆمەتبارکرا، دواتر تۆمەتەکانی لەسەر هەڵگیرا.

**خەمیس (28)ساڵ**

ئەفسەری پۆلیس بوو ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە فەرمانی بەسەرکوتکردنی خۆپیشاندەران کردبێت لە بەنغازی.

**عائشە (34) ساڵ**

پارێزەر، بەشێک بوو لەو تیمەی کە بۆ بەرگریکردن لە سەدام حسێن لە دوای دەستگیرکردنی لە عێراق پێکهێنرا.

## گفتوگۆی ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا سەبارەت بە لیبیا (2)

لەگەڵ هەڵکشانی ئاستی سەرِ و پێکدادانەکان لەنێوان شۆڕشگێڕان و هێزە حکومییەکان هاوپەیمانێتی ناتۆ و وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی لیبیا و ئەگەری دامەزراندنی ناوچەیەکی دژەفڕین لەو وڵاتەدا، کۆبوونەوەی بەرپرسە سەربازییەکان ئاماژەیان بەوە کرد، کە دەکرێت ناوچەیەکی دژەفڕین بە خێرایی دابمەزرێنرێت و هێزە سەربازییەکان لە ناوچەکەدا بە ئاسانی کۆبکرێنەوە. گەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەزامەندی لەسەر ئەو هەنگاوە دەربڕی.

1– بەحرەین: بارەگای گەلەکەشتیی پێنجەم زیاتر لە 20 کەشتی، کە بەرپرسن لە پرۆسەکان لە ناوچەی کەنداو و دەریای سوور و ئۆقیانووسی هیندی.

2– جیبۆتی: بنکەیەکی دەریایی ، 400 ,2 سەرباز لە خۆدەگرێت.

3– یۆنان: بنکەی هێزە دەریایی و ئاسمانییەکانی کەنداوی سودا لە دوورگەی کرتدا لە خۆدەگرێت.

4- ئیتاڵیا: بنکەی ئەڤیانۆی ئاسمانی لە باکوور کە دوو هێزی ئاسمانی لە خۆدەگرێت کە لە فڕۆکەکانی ئێف 16 پێکهاتوون بنکەی سیگۆنێلا لە سەقلیە کە تەنیا 530 کلم لە تەرابلوسەوە دوورە.

5- کوەیت: 5 هەزار سەرباز وێرای بنکە ئاسمانی و دەریاییەکان.

6- قەتەر: بنکەی عودەید کە بارەگای سەرەکییە و بەرفراوانترین و گەورەترین مەدرەجی فڕینی فڕۆکەکانی تێدایە لە ناوچەی کەنداوی عەرەبیدا.

7-ئیسپانیا: بنکەی مۆرۆن-ی ئاسمانی و بنکەی ڕۆتا-ی دەریایی.

8- تورکیا: بنکەی ئاسمانی لە ئینجەرلیک و ئیزمیر.

9- گەلەکەشتیی شەشەم: بارەگاکەی لە گالیتای باشووری ئیتاڵیایە دەورییەی خۆی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا ئەنجام دەدات، فڕۆکە هەڵگری یو ئێس ئینتەرپرایز لە ئێستادا لە دەریای ناوەڕاستدا جێگیرکراوە.

10- بۆ یارمەتیدانی هەوڵە فریاگوزارییە مرۆییەکان لە لیبیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان دوو کەشتی وشکانی دەریایی کە هەڵگری چەندین هێلیکۆپتەر و 800 سەربازی مارینز، ڕەوانە دەکات.

11- قوبرس: بنکە ئاسمانییەکانی بەریتانیا.

12-ماڵتا: ئەو وڵاتە کە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپایە، تەنیا 350 کلم لە لیبیاوە دوورە.

## وڵاته بەشداربووەکان لە جێبەجێکردنی بڕیاری ناوچەی دژەفڕین لە لیبیا

**(3)**

نەرویج: ئامادە بۆ ناردنی فڕۆکەی بارهەڵگر و فڕۆکەی شەڕکەری (f–16) بۆ لیبیا.

دانیمارک: ناردنی چوار فڕۆکەی شەڕکەری (f–16).

ئیسپانیا:ئامادەیی دەربڕیوە بۆ بەکارهێنانی دوو بنکەی سەربازی وڵاتەکەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە یەکێک لەژێر ئاوەگەرەکانی جۆری میسترالّ ئێس 73، کە پڕ چەکە بە موشەکی دژە کەشتی «ئیکسۆسیت» لە دەریای سپی ناوەڕاستە.

کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی: لە 12ی ئاداردا دوای سەپاندنی ناوچەی دژە فڕینی کرد لە لیبیا و ئەندامبوونی ئەو وڵاتەی لە کۆمکارەکە هەڵپەسارد بەهۆی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی تەرابلوس لەگەڵ ڕاپەڕیندا.

ویلایەتە یەکگرتووەکان: فڕۆکە هەڵگری هێلیکۆپتەر «کیرسارج» و دوو کەشتی تێکشکێنەر و ژێر ئاوگەری یو ئێس ئێس پرۆفیدەنس کە

له دەریای سپی ناوەڕاست دا جێگیر کراون. فڕۆکە هەڵگری «یو ئێس ئێس ئینتەرپرایز» لە دەریای سوور فڕۆکەکانی ئەواکس و دوو فڕۆکەی بارهەڵگری لە جۆری (kc–130j) لە سەقلیەیە لەگەڵ چوار فڕۆکەی هیرکلیز (c–130j) کە لە دوورگەی کریت جێگیرکراون.

بەریتانیا: فڕۆکە جەنگییەکانی تۆرنادۆ و تایفۆن، فڕۆکەکانی ئەواکس و فڕۆکە بارهەڵگرەکانی جۆری (vc–10)ی سەر بە هێزی ئاسمانی شاهانە ڕەوانەی ئەکرۆتێری کراون لە قوبرس. کەشتی ئێم ئێس کەمبرلاند لە دەریای سپی ناوەڕاست.

فەڕەنسا: فڕۆکەهەڵگری «شارل دیگۆڵ» و هێلیکۆپتەر هەڵگرێک لە دەریای ناوەڕاست.

کەنەدا: کەشتی (hmcs) چارلۆتتاون لەگەڵ 6 فڕۆکەی جەنگیی (cf–18) و 200 سەرباز.

## وازهێنانی وەزیر و کەسایەتییەکانی ڕژێمی قەزافی
## (4)

1– سەیف ئەلئیسلام قەزافی: محەمە ئیسماعیل–ی گەورە یاریدەدەری ڕەوانەی لەندەن دەکاتێ بۆ گفتۆگۆ لەسەر ستراتیژی وازهێنان و دەرچوونیان لە لیبیا.

2– ئەلساعدی قەزافی: دەنگۆی ئەوە هەیە کە یاریکەری پێشووی تۆپی پێ خواستی لە دانووستان بێت لەگەڵ خۆرئاوادا.

3– موعتەسەم قەزافی: لەو بڕوایەدایە کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پشتیوانی لە سەردانەکەی محەمەد ئیسماعیل بکات.

4– مستەفنا عەبدول جەلیل: وەزیری دادی پێشوو، لە 21ی شووباتدا جیابووەوە.

5– عەلی سلێمان ئەلئوجلی: باڵیۆزی پێشوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە 22ی شوباتدا جیابووەوە.

6– لیوا عەبدولفەتاح یونس: وەزیری ناوخۆی پێشوو، بەرپرسی پێکهێنانی هێزی تایبەتییەکان لە 22ی شوباتدا جیابووەوە و چووە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە.

7– موسا کۆسا: وەزیری دەرەوەی لیبیا کە لە ساڵی 2003دا قەزافی

ڕازیکرد بەوەی کە واز لە بەرنامەی چەکی کۆکوژ بهێنێت- لە 31ی ئاداردا پەنای بردە بەر بەریتانیا.

8- عەبدولعاتی ئەلعوبێدی: سەرۆک وەزیرانی پێشووی لیبیا- بەشداری لە بەستنی ئەو ڕێکەوتنەدا کرد کە لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا بۆ دەستهەڵگرتنی لیبیا لە پرۆژەی چەکی کۆکوژ بەسترا- لە 30ی ئاداردا جیابووەوە.

9-عەبدولسەلام ئەلتریکی: وەزیری دەرەوەی پێشوو لە کۆتایی مانگی ئاداردا ڕووەو تونس هەڵات.

10-ئەبو زەید دوردە: سەرۆکی هەواڵگری لە 30ی ئاداردا بەرەو تونس هەڵات.

11- محەمەد عەبدولقاسم ئەلزوی: سکرتێری گشتی کۆنگرەی میللی گشتی لیبیا- لە 30ی ئاداردا بەرە و تونس هەڵات.

12- نوری ئەلمسماری: بەرپرسی تەشریفات لە لیبیا- لە 21ی شوباتدا دەستی لە کارکێشایەوە.

13- ئیبراهیم ئەلدەباشی: جێگیری سەرۆکی نێردەری لیبیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان- لە 21ی شوباتدا دەستی لەکار کێشایەوە.

14- یوسف ئەلسوانی: یەکێک لە گەورە یاریدەدەرانی سەیف ئەلئیسلام قەزافی- لە 20ی شوباتدا دەستی لەکار کێشایەوە.

ئەوانی تر:

عەبدولفەتاح یونس ئەلعوبێدی: وەزیری ناوخۆ لە 22ی شوباتدا دەستی لەکار کێشایەوە.

عەبدولڕەحمان ئەلعەباز: جێگیری گشتی، لە 25ی شوباتدا دەستی لەکار کێشایەوە باڵیۆزەکانی لیبیا لە ئوسترالیا و بەنگلادیش و چین و فەڕەنسا و هیندستان و ئیندۆنیسیا و ئەردەن، دەستیان لە کارکێشایەوە، تەواوی ئەندامانی وەفدی لیبیا لە سویسرا لەو کاتەدا نوێنەرایەتی شۆڕشگێڕان دەکەن بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالی لیبیا.

## جموجۆڵی هێزەکانی ئەمریکا بەرەو لیبیا

**(5)**

بۆ پتەوکردنی هێزە سەربازییەکانی لە دەریای ناوەڕاست و وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەگەری دامەزراندنی ناوچەیەکی دژەفڕین لە لیبیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان جێگۆڕکێ بە هێزە دەریایی و ئاسمانییەکانی دەکات و لەو نێوەندەشدا هەڵگری فڕۆکەی یو ئێس ئێس ئینتەرپرایز کە بە وزەی ئەتۆم کار دەکات و یەکێکە لە گەورەترین گەشتی جەنگی لە جیهاندا. لە چوارچێوەی ئەو هەنگاوەی ئەمریکادا جێگۆڕکێی پێ دەکرێت.

**یو ئێس ئێس ئینتەرپرایز (65‾cnv)‾**

خەسڵەتەکانی خراوەتە خزمەتەوە... 25ی تشرینی دووەمی 1961

سیستمی پاڵنەر... هەشت کانی ئەتۆمی

توانای هەڵگرتنی...85 هەزار تەن (وەک بارێکی تەواوەتی)

تەواوی خێرایی... 56 کلم/ لە کاتژمێرێکدا

تیمەکەی... تیمی کەشتییەکە 3, 350 تیمی بەشی ئاسمانی 2, 480

**دوورگە (قولە):**

ناوەندی سەرکردایەتی کەشتییەکەیە، ڕادار و هەوایی پەیوەندییەکان و پردەکان و قولەی چاودێری لەخۆ دەگرێت.

تەلاری ئیمپایەر ستەیت

بەرزاییەکەی بەبێ هەواییەکان 381 مەتره

یو ئێس ئێس ئینتەر پرایز: درێژی 342 مەتر

**سیمەکانی ڕاگرتن:**

چوار سیمی نەرم و کشاوی هەیە کە درێژییەکەیان هێندەی ڕووکاری کەشتییەکە دەبێت و لەکاتی نیشتنەوەدا فڕۆکەکانی پێوە دەبەسترێنەوە بۆ ڕاگرتن و وەستاندنی خێرا.

**چوار مەسعەد:**

فڕۆکەکان لەبەشی خوارەوە بۆ ڕووکاری سەرەوە و شوێنی فڕین دەگوازرێنەوە.

**پڕچەک کراوە:**

سەکۆی هەڵدانی موشەکەکانی زەوی ئاسمانی کورت مەودا (rolling airframe)

**پڕچەک کراوە:**

رەشاشی فالانکس کە بەشێوەیەکی خێرا گوللەکان دەتەقێنێت و پێوەری 20 ملمە.

**فڕۆکەکان:**

بــەردەوام 60 فڕۆکە هەڵدەگرێت، بەڵام کەشتییەکە جێگەی هەڵگرتنی 90 فڕۆکەی تێدا دەبێتەوە.

بەشی ئاسمانی پێکهاتووە لە:

*40–50 فڕۆکەی شەڕکەری هۆرنێت (18– F/A).
* چوار فڕۆکەی جەنگی ئەلکترۆنی پراولەر (EA–6B).
* چوار فڕۆکەی ئاگادارکردنەوەی خێرا (E–2) هۆکی کە توانای ئاشکراکردنی فڕۆکە و کەشتییەکانی دوژمنی هەیە لە دووری 550کلم.
* شەش هێلیکۆپتەری دژە ژێرئاوگەڕ سیهۆک (SH–60).
چوار شوێنی فڕین و نیشتنەوەی هەڵمی:
بۆ پاڵنانی فڕۆکەکە ڕووەو خێراییەکی دڵنیاکەرەوە بە ڕووبەری 90 مەتر دەکرێت هەموو 20 چرکەیەک فڕۆکەیەک بفڕێت، ڕووبەرەکەی: 4, 5 هێکتار (18, 200 مەتری چوارگۆشە) قەبارەکەی هاوتای چوار یاریگای تۆپی پێی ئەمریکایی دەبێت.

## گەڕان بەدوای سامانی شاراوەی لیبیا
## (6)

وڵاتانی خۆرئاوا دەستپێشخەرییان کرد لە هەڵمەتی بلۆککردنی قەباڵە داراییەکانی موعەمەر قەزافی و ئەندامانی خێزانەکەی و (20) گەورە بەرپرسی تری لیبیا لە ئێستاشدا نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی تر لە هەوڵدان بۆ دیاریکردنی بڕ و شوێنی ئەو قەباڵە داراییانە.

**سیلڤیۆ برلسکۆنی**

2008: سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا ڕێکەوتنی دۆستایەتی لەگەڵ قەزافی مۆر دەکات و بەڵێنی پێدانی 5 ملیار دۆلار وەک قەرەبووی حکومی داگیرکەرانەی وڵاتەکەی بۆ لیبیا لە (1911– 1943) دەداث.

دەستەی وەبەرهێنانی لیبیی

سندووقی سامانی سیادی، لە ساڵی 2006 لەلایەن سەیفولئیسلامی کوڕی قەزافی دامەزراوە.

قەباڵەی ئەو دەستەیە (60–80) ملیار دۆلارە، کە دەکاتە (70%)ی کۆی داهاتی ناوخۆیی لیبیا.

**ڤلادیمیر پۆتین**

2008: سەرۆکی ڕوسیا لە سەردانێکدا بە لیبیا بڕی 5 ,4 ملیار دۆلاری قەرزی سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتی لەسەر ئەو وڵاتە سڕییەوە لە بەرامبەر بۆندی بازرگانی لە بواری وزە و چەک و تەقەمەنی بە بەهای 5 ,2 ملیار دۆلار.

**ئیتاڵیا: دەستەی وەبەرهێنانی لیبیی**

خاوەنی (2%)ی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی «ئێنی» و (2%)ی پشکەکانی گرووپی «فینمیکانیکا»ی ئیتاڵی بۆ پیشەسازی بەرگری و (2, 5%)ی «یونی کریدت»ی گەورەترین بانکەکانی ئەو وڵاتە و (7, 5%)ی یانەی «یوڤنتۆس» و (2%)ی پشکەکانی کۆمپانیای «فیات»ە.

**ئەوروپا:**

سەپاندنی سزا بەسەر (26) لە کەسە نزیکەکانی قەزافی.

**نەمسا:**

بلۆککردنی قەباڵەکان بە بەهای (2 ,1) ملیار دۆلار.

**ئیسپانیا:**

حکومەت پرۆژەیەکی هەڵپەسارد بۆ گەشەپێدانی خانووبەرەی گەشتیاری لە نزیک ماربیا.

**بەریتانیا:**

حکومەت قەباڵەی لیبیای بە بەهای (2 ,3) ملیار دۆلار بلۆک کرد،

جگە لە (1, 6) ملیار دۆلاری خانەوادەی قەزافی. هەروەها قەباڵەکانی دەستەی وەبەرهێنانی ئەو وڵاتەشی بلۆک کرد، لەوانەش (3, 2%) ی بەشی باتکی ڕۆیاڵ بانک ئۆف سکۆتلاند و (488) ملیۆن دۆلار لە خەزێنەی شاهانە.

**ویلایەتە یەکگرتووەکان:**

بلۆککردنی قەباڵەکانی قەزافی و دەستەی وەبەرهێنانی لیبیی کە بڕەکەی (22) ملیار دۆلارە.

**کەنەدا:**

بلۆککردنی بەشە پشکی لیبیا لە کۆمپانیای ڤێرینێکس ئینێرجی کە بەهاکەی (216) ملیۆن دۆلارە.

**روسیا:**

دەستەی وەبەرهێنانی لیبیا خاوەنی (1%)ی (rusa)ە، کە گەورەترین بەرهەمهێنەری ئەلەمنیۆم لە جیهاندا.

## بەرگرییە ئاسمانییەکانی لیبیا و پرۆژەی ناوچەی دژەفڕین (7)

گەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیار لەسەر دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕین بداتْ لەسەر ئاسمانی لیبیا، ئەوا پێویستە گەورەترین و بەرفراوانترین تـۆڕی بەرگری ئاسمانی لە کێشوەری ئەفەریقادا تێکبشکێنێتْ.

**هێزە ئاسمانییەکان:**

وەک ئاماژەی پێکراوە قەزافی خاوەنی زیاتر لە 400 فڕۆکەی جەنگی و هێلیکۆپتەرە، بەڵام زۆرێک لەو فڕۆکانە کونن، یان بە کەڵکی بەکارهێنان نایەن.

**فڕۆکە جەنگییەکان:**

زیاتر لە 200 فڕۆکە کە 15 فڕۆکەیان لە جـۆری میراج-ی فەڕەنسایی و 100 فڕۆکەیان لە جۆری میگ 25 ی ڕوسییە.

**فڕۆکە هێرشبەرەکان:**

زیاتر لە 100

هێلیکۆپتەرە هێرشبەرەکان:

35 (mi–25) و (35 –mi)

**فڕۆکەی بارهەڵگری سەربازی:**

85 فڕۆکە

هێلیکۆپتەری بارهەڵگر لە چەندین بواردا بەکاردەهێنرێن:

100 هێلیکۆپتەر

موشەکی زەوی– ئاسمان (سام)

زیاتر لە 200، بە ئەمانەشەوە

SA –2 گایدلاند

5–SA گامۆن

–SA 6 گەینفۆڵ

SA–6 موشەکێکە کە هەڵدەگیرێت و دەکرێت بە خێرایی بگوازرێتەوە. سەکۆی هەڵدانە جۆلاوەکان بە گەورەترین بەشی تۆڕی موشەکیی سامی بەرگری لە لیبیادا دادەنرێت.

**بەرگرییەکانی تر:**

ژمارەیەکی نادیار لە تۆپەکانی دژە فڕۆکە و موشەکەکانی سام لە خۆدەگرێت کە بەسەر شانەوە دەتەقێنرێن و هەڵدەدرێن.

## هێزە سەربازییەكانی لیبیا
## (8)

هێزە چەكدارەكان: 76 هەزار چەكدار
هێزە یەدەگەكان: 40 هەزار سەرباز
سوپا: 50 هەزار سەرباز
تانكە شەڕكەرە سەرەكییەكان: 2, 205 تانك
كە پێشبینی دەكرێت زۆربەی بەكەڵكی بەكارهێنان نەیەن.
زرێپۆشەكانی دیكە: 1000
تۆپەكان: 2, 421 بە 444 تۆپەی كە خۆیان دەجوڵێن لەگەڵ 647 تۆپی دیكە كە بەدوای ئۆتۆمبێلە سەربازییەكاندا ڕادەكێشرێن.
تۆپی هاوەن: 500
موشەكی زەوی- ئاسمان: زیاتر لە 424
هێزی ئاسمانی: 18 هەزار
ئەو فڕۆكانەی توانای شەڕكردنیان هەیە: 374
فڕۆكە جەنگییەكان: -227 بە 15 فڕۆكەی میراجی فەڕەنسایی و 49 میگ- 25ی ڕوسی.

هێلیکۆپتەرە هێرشبەرەکان: 35 هێلیکۆپتەر (mi-25⁄mi-35)

زۆرێک لە فڕۆکە و هێلیکۆپتەرەکان کەڵکی بەکارهێنانیان نییە. لانیکەم چواریان فڕۆکەوانەکانیان لەدەست داوە، یان چوونەتە ڕیزی شۆڕشگێڕەکانەوە.

هێزی دەریایی: 8 هەزار

کەشتییەکان: 3

کەشتی دەوەرییەکان و کەشتییەکانی کەنار دەریا: 14

ژێر ئاوگەڕ: 2 ژێر ئاوگەڕی جۆری فۆکسترۆت- دیزڵ لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا لە یەکێتیی سۆڤیەت وەرگیراوە پێشبینی دەکرێت لە ئێستادا کاری پێ نەکرێت.

* قەزافی زیاتر پشت بەو هێزە نیمچە سەربازییانە دەبەستێت کە پشتیوانی دەکەن و ژمارەیان نزیکەی 10 هەزار سەرباز دەبێت. باشترین هێز لەو نێوەندەدا لیوای (22)ە، کە لەلایەن خەمیسی کوڕییەوە سەرکردایەتی دەکرێت.

**هێزەکانی دیکە:**

* فەرماندەی هێزەکانی بەرگری ئاسمانی کە لانیکەم 216 موشەکی زەوی ئاسمانی هەیە.

**چەکی کیمیایی:**

- لە ساڵی 2004وە لیبیا دەستیکردووە بە تێکشاندن و لەناوبردنی عەمبارکراوە کیمیاییەکانی بەپێی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی بێت، لیبیا لە ئێستادا 9,5 تەن گازی خەردەلی هەیە کە لە شوێنێکی بیابانی نهێنیدایە، بەڵام ئەو شوێن و پێگانەی لەدەست داوە کە لێوەی بەکاردەهێنرێن.

## موعەمەر قەزافی دەیان ساڵ لە تیرۆر
## (9)

*** ¯1972 ئێرلەندا:**

قەزافی بۆ ماوەی 15 ساڵ بە چەک و پارە یارمەتی سوپای کۆماری ئێرلەندی دەدات، سەربازگەی مەشقیان لە لیبیا بۆ دەکاتەوە و چەکیان بۆ فەراهەم دەکات لەگەڵ ڕەوانەکردنی ماددەی سێمتکس. هەڵمەتەکانی سوپای ئیرلەندی کوژرانی زیاتر لە 2 هەزار کەسی لێدەکەوێتەوە.

***¯1986 ئەڵمانیا:**

بەکرێگیراوانی لیبیا بە تەقاندنەوەی ئیاترۆخانەی لابێل لە بەرلینی خۆرئاوا، کە سەربازەکانی ئەمریکا سەردانیان دەکـرد، تۆمەتبار دەکرێن. تەقینەوەکە کوژرانی 3 کەس و برینداربوونی 230 کەسی تری لێدەکەوێتەوە. لە وەڵامی ئەو کارەدا ڕۆناڵد ڕیگن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان تەرابلوسی پایتەختی لیبیا بۆردوومان دەکات.

**1988ـ* لۆکەربی:**

فڕۆکەی پان ئەمریکان لە گەشتی 103ی نێوان لەندەن و نیۆرکدا لەسەر ئاسمانی لۆکەری لە سکۆتلاند دەتەقێنەوە و کوژرانی 270 کەسی لێدەکەوێتەوە.

مستەفا عەبدولجەلیل وەزیری دادی پێشووی لیبیا لە دواییدا ڕایدەگەیەنێت کە قەزافی بۆخۆی فەرمانی داوە بە تەقاندنەوەی فڕۆکەکە.

**1972ـ * بەریتانیا:**

لە نووسینگەی میللی لیبییەوە لە گۆڕەپانی سانت جەیمس لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیادا تەقە دەکرێت و ئیڤۆن فلێچەری پۆلیس دەکوژرێت. کوژرانی ئەو خانمە پۆلیسە دەبێتە مایەی گەمارۆدانی باڵیۆزخانەکە و پچڕاندنی پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان بەریتانیا و لیبیا.

**1987ـ * ڕێکخراوی ئەبو نیزال:**

بۆ ماوەی چوار ساڵ لیبیا وەک دەماری سەرەکی کۆمەککردنی بزووتنەوەی فەتح- ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی هاوکاری ئەو ڕێکخراوەی کردووە قەزافی یارمەتی ئەو ڕێکخراوە فەڵەستینییەی داوە تاوەکو هێرش بکاتە سەر ئامانجەکان لە ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ئیتاڵیا و نەمسا و بەلجیکا و فەڕەنسا و قوبرس و سودان و یۆنان.

**1989ـ * فەڕەنسا:**

تەقاندنەوەی کەشتی 772 لەسەر ئاسمانی تینیری لە نەیجەر کە

لە پاریسەوە بەرەو برازاڤیل بەڕێکەوتبوو. تەواوی سەرنشینەکانی کە 171 کەس بوون، کوژران لە کاتێکی دواتردا دادگایەکی فەرەنسا شەش لیبیی بە ئەنجامدانی ئەو تەقینەوەیە تۆمەتبار دەکات کە لەنێوانیاندا زاوایەکی قەزافی تێدا دەبێت.

## فشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر قەزافی

**(10)**

ویلایەتە یەکگرتووەکان: بۆ یارمەتی مرۆیی یان بۆ چوونە ناوەوەی سەربازی شوێن و بنکەی کەشتییە جەنگییەکان و هێزە ئاسمانییەکانی دەگۆڕێت، بڕی نزیکەی 30 ملیار لە بانکەکانی ئەو وڵاتەدا بلۆک دەکرێت.

بەریتانیا: بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا کار بۆ دانانی پلانێک دەکات لە پێناو تەرخانکردنی ناوچەیەکی دژە فڕین لەسەر ئاسمانی لیبیا بۆ پاراستنی هاوڵاتییانی لیبیا لە بەرامبەر ئەو هێرشانەی کە لەلایەن هێزەکانی قەزافیەوە دەکرێنە سەر ئەو شارانەی کە بەدەست ئۆپۆزسیۆنەوەیە.

فەڕەنسا: فەڕەنسا دوو فڕۆکەی بارهەڵگری کۆمەک و یارمەتی مرۆیی ڕەوانــەی شــاری بنغازی دەکــات، کە لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە کۆنترۆڵکراوە.

پەنابەران: زیاتر لە 110 هەزار کەس لە لیبیا هەڵاتوون- نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات لە کە لە هەموو کاتژمێرێکدا هەزاران کەس لەو وڵاتە بەرەو تونس و میسر هەڵدێن.

## قەزافی و پشتیوانیکردنی تیرۆر
## (11)

1969: کاپتن موعەمەر قەزافی (27 ساڵ) کودەتایەک ئەنجام دەدات و عەرش و دەسەڵاتی شا ئیدریس دەڕووخێنێت.

1970: لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئیمپرالیزمی ئیتاڵی لە 1911–1943 وڵاتەکەیانی داگیرکردبوو، قەزافی نزیکەی 20 هەزار ئیتاڵی لە لیبیا دەردەکات.

1974–1976: ڕێگە دەدات بەشێوەیەکی ئاشکرا جێبەجێکردنی سزاکانی لەسێدارەدان لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە پەخش بکرێن.

1977: «شۆڕشی میللی» ڕادەگەیەنێت، جەماهیری لیبیی میللی سۆسیالیزمی مەزن دادەمەزرێنێت.

کۆتایی حەفتاکان: پشتیوانی لە چالاکی تیرۆریزمی جیهانی دەکات، تەقەمەنی سیمتێکس فەراهەم دەکات و میوانداری سەربازگەکانی مەشقی «سوپای کۆماری ئیرلەندی» دەکات و پشتیوانی لە کارلۆس–ی چەقەڵ و ئەبو نیزال دەکات کە ناوەندی ڕێکخستنی پرۆسەکانی

گواستبووەوە بۆ تەرابلوس.

1980: هانی کوشتنی کەسێتییە نەیارەکانی لیبیا دەدات کە لە دەرەوەی وڵاتدا دەژیان.

1984: ئەندامانی نووسینگەی میللی لیبیی لە لەندەن تەقە لە ئیڤۆن فلێچەری پۆلیسی بەریتانیایی دەکەن.

1986: لیبیا بە تەقاندنەوەی یانەکانی شەوانە لە بەرلین تۆمەتبار دەکرێت، کە تێیدا دوو سەربازی ئەمریکایی دەکوژرێت. سەرۆک ڕۆناڵد ڕیگن لیبیا بۆردوومان دەکات و لەو نێوەندەدا 60 کەس دەکوژرێت کچێکی هەڵگیراوەی قەزافی لە نێویان دەبێت.

1988: بە کرێگیراوە لیبیەکان لەسەر ئاسمانی لۆکەربیی سکۆتلاندی فڕۆکەی پان ئەمریکان لە گەشتی 103 دەتەقێننەوە و دەرئەنجام کوژرانی 270 کەسی لێدەکەوێتەوە.

1989: تەقاندنەوەی کەشتی 774ی سەر بە هێڵی ئاسمانی یوتای فەڕەنسی لەسەر بیابات کە تێیدا 170 کەس لەگەڵ تیمی فڕۆکەوانیدا دەبنە قوربانی دادگایەک لە فەڕەنسا، شەش لیبیی بە ئەنجامدانی تەقاندنەوەی فڕۆکەکە تۆمەتبار دەکات.

1996: لە خراپترین سەرکوتکاری نێوخۆیی قەزافی فەرمان بە کوشتنی زیاتر لە 110 زیندانی دەکات بە گوللە لە گرتووخانەی ئەبوو سەلیم لە تەرابلوس.

1999: دوای تێپەڕبوونی 13 ساڵ بەسەر سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەسەر لیبیا، قەزافی ئەو دوو لیبییە ڕادەست دەکات کە بەئەنجامدانی تەقاندنەوەی فڕۆکە ئەمریکییەکانی لۆکەربی تۆمەتبارکرابوون.

2001: دادگایەکی سکۆتلەندی عەبدولباست ئەلمقرەحی بە تۆمەتی

ئەنجامدانی تەقینەوەکەی لۆکەربی ئاوانبار دەکات و سزای زیندانی تاهەتایی لەدژ دەردەکات.

2003: قەزافی بڕی 2,7 ملیار دۆلار وەک قەرەبوو دەبەخشێتە خێزانەکانی قوربانییانی تەقینەوەکەی لۆکەربی بەڵێن بە هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەی چەکە کۆکوژەکان دەدات.

2004: سزاکان لەسەر لیبیا هەڵدەگیرێت تۆنی بلێری سەرۆک وەزیران سەردانی قەزافی دەکات.

2006: ویلایەتەکگرتووەکان بەشێوەیەکی تەواوەتی پەیوەندی دیبلۆماسی خۆی لەگەڵ لیبیادا دەست پێ دەکاتەوە.

2009: قەزافی ئاهەنگ بەبۆنەی تێپەڕبوونی 40 ساڵ بەسەر حکومڕانیکردنیدا دەگێڕێت. ئازادکردنی ئەلمقرەحی کە تۆمەتباری تەقینەوەکەی لۆکەربی بوو لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ نیشتمان لەلایەن لیبییەکانەوە پێشوازی پاڵەوانانی لێدەکرێت.

2011: لە هەڵمەتێکی سەرکوتکاریدا کە لەلایەن قەزافییەوە ئەنجام دەدرێت سەدان خۆپیشاندەری مەدەنی نەیاری حکومەت دەکوژرێن.

**(٪75)ی بەرهەمی نەوتی لیبیا کەمدەبێتەوە.**

**(12)**

بەهۆی ئاڵۆزییەکانی لیبیاوە ئاستی بەرهەمی نەوتی ڕۆژانەی ئەو وڵاتە بەڕێژەی (75%) کەمیکردووە، کە دەکاتە (1, 2) ملیۆن بەرمیل، زۆربەشیان لە ویستگەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتەیە کە بەرهەڵستکارانی حکومەت دەستیان بەسەرداگرتووە.



**کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت بەرهەمهێنان، بەرمیل لە ڕۆژێکدا**

| بەرمیل لە ڕۆژێکدا | وڵات |
|---|---|
| (108000) | ئێنی (ئیتاڵیا) |
| (100000) | ڤینتەرشاڵ (ئەڵمانیا) |
| (55000) | تۆتاڵ (فەڕەنسا) |
| (46000) | ماراتۆن (ویلایەتە یەکگرتووەکان) |
| (46000) | کۆنۆکۆفیلیپس (ویلایەتە یەکگرتووەکان) |
| (34777) | ڕێپسۆل (ئیسپانیا) |
| (33000) | OMV (نەمسا) |
| (12000) | ئۆکسیدنتال (ویلایەتە یەکگرتووەکان) |
| (4200) | ستاتئویڵ (نەرویج) |

**هەناردەی نەوت بە پێی شۆستەکان**
**(کانوونی دووەمی 2011، بەرمیل لە ڕۆژێکدا)**

| وڵات | بەرمیل لە ڕۆژێکدا |
|---|---|
| ئەلزاویە | (199000) |
| ئەلسدرە | (447000) |
| رەئس لانوف | (195000) |
| مەرسا ئەلبریقە | (51000) |
| زویتینە | (214000) |
| تەبرەق | (51000) |
| دامەزراوەی تر | (333000) |
| کۆ | (1491000) |

## ناڕەزایی دەربڕین و پێکدادانەکان لە پایتەختی لیبیا
**(13)**

لەکاتێکدا بۆ یەکەمجارە ناڕەزایی و خۆپیشاندان دژ بە حکومەت دەگاتە پایتەخت، هەزاران خۆپیشاندەر ئاماژە بەوە دەکەن کە دووەم گەورەترین شاریان لە لیبیادا کۆنترۆڵ کردووە. موعەمەر قەزافی و سەیفولئیسلامی کوڕی باس لەوە دەکەن کە شەڕکردن لەگەڵ نەیاراندا تا دوا فیشەک و تا دوایین دڵۆپی خوێن دەبێت.

سەرهەنگ موعەمەر قەزافی: لەو بـڕوایـەدان سەرۆکی لیبیا تەرابلوسی پایتەختی جێهێشتبێت و ڕووی کردبێتە شاری سرت–ی کەنار دەریا، کە خۆی بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەو شارەیە، یان بەرەو بنکە بیابانییەکەی لە شاری سەبهای باشوور.

## ڕووداوەکانی ئەم دواییە
**(14)**

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەنگدەدات لەسەر یاساغکردنی هاوردەکردنی چەک و چەند سزایەکی تر، ئەمەش وەک وەڵامدانەوەی بەکارهێنانی هێز لەلایەن موعەمەر قەزافی لە دژیی هاوڵاتییانی مەدەنی، بەریتانیا حەسانەی دیبلۆماسی لەسەر قەزافی هەڵدەگرێت و وڵاتانی ئەوروپاش پارە و سامانی خێزانەکەی قەزافی بلۆک دەکەن.

بەرهەڵستکارانی ڕژێمەکەی قەزافی ئاڵای سەربەخۆیی وڵات (1951–1969) هەڵدەکەن.

ناوی تەواو:

**جەماهیریەی لیبیای عەرەبی میللی ئیشتراکی عوزما**

| | |
|---|---|
| ڕووبەر: | 1759540 کم2 |
| ژمارەی دانیشتووان: | 6419925 کەس (2009) |
| دانیشتووان (تەمەنی 0–14): | 30, 1% |
| تەمەنی چاوەڕوانکراو: | 73 ساڵ (نێر) – 78 ساڵ (مێ) |

* کۆمپانیای ئسۆ (ئێکسۆن) لە ساڵی (1959) نەوتی لە لیبیا دۆزییەوە، داهاتی حکومەتی لیبیا لە قازانجی نەوت لە شێوەی باج گەیشتە (50%) دوای (10) ساڵ موعەمەر قەزافی لەڕێگای کودەتایەکی دوور لە خوێنڕشتن کۆتایی بە فەرمانڕەوایی شا ئیدریس هێنا.

**ئابووری**

| | |
|---|---|
| کۆی داهاتی ناوخۆیی: | 62, 36 ملیار دۆلار (2009) |
| ناوەندی دەرامەت: | 9, 724 ملیار دۆلار (2009) |
| هەڵاوسان: | 6, 3% (2007) |
| هێزی کار: | 2, 29 ملۆن (2008) |
| ڕێژەی بێکاری: | 30% (2004) |
| ڕێژەی هەژاری: | 33% (خەمڵاندن) |
| بەرهەمی نەوت: | 1, 6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا |
| یەدەگی نەوت: | 46, 4 ملیار بەرمیل |

**چوارەم: میسر**

دوای نۆ ڕۆژ لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین، سەرۆک حوسنی موبارەک ڕایدەگەیەنێت کە خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کاندید ناکات کە بڕیارە لە ئەیلوولی داهاتوو (2012) لەو وڵاتەدا بەڕێوەبچێت. ئەو هەنگاوە پێکدادانی نێوان لایەنگرانی موبارەک و ئەو خۆپیشاندەرانە توندتر دەکات، کە داوا دەکەن ڕاستەوخۆ موبارەک دەست لەکار بکێشێتەوە.

